# راپۆرتی مافی مرۆڤ لە عێراق 2020

## پوختەی کارگێڕی

عێراق کۆمارێکی پەرلەمانی دەستورییە. ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی 2018، سەرەڕای کەموکوڕییەکان، بەگشتی لەئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و یەکساندا بوو، ئەنجامەکەی گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات بوو، لە سەرۆک وەزیرانی پێشوو حەیدەر عەبادی بۆ عادل عەبدولمەهدی. خۆپیشاندانە بەربڵاوەکان، کە لە تشرینی یەکەمی 2019 دەستیان پێکرد، بوونە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە 1 کانونی یەکەمی 2019 و ماوەی پێنج مانگ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەت. موستەفا ئەلکازمی، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری هەواڵگری نیشتیمانی بەوەکالەت، لە 6 مایس متمانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێدرا وەک سەرۆک وەزیران، پاش ڕاگەیاندنی پابەندبوونی بە ئەنجامدانی هەڵبژادنی پێشوەخت لە ساڵی 2021، دابینکردنی لێپرسینەوەی دادوەریی لەسەر توندوتیژییەکانی کاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابوردو، کۆنترۆڵکردنی هەموو چەکەکان لەلایەن دەوڵەتەوە، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی سیستماتیک و بەربڵاو لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق.

لە سەرانسەری وڵات، چەندین هێزی ئاسایشی ناوخۆ کاران. لەڕووی کارگێڕییەوە، هێزەکانی ئاسایشی عێراق ڕێکخراون لە چوارچێوەی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری، هەروەها خزمەتگوزاری دژەتیرۆر، کە هاوشێوەی وەزارەتە. وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی یاسا ناوخۆییەکان و پاراستنی ئارامیی، سەرپەرشتی پۆلیسی فیدراڵی، پۆلیسی خۆجێی، خزمەتگوزاری پاراستنی دامەزراوەکان، بەرگری مەدەنیی و فەرمانگەی پاراستنی سنوور دەکات. پۆلیسی وزە، سەربە وەزارەتی نەوت، بەرپرسیارە لە پاراستنی ژێرخانی وزە. سوپای نیزامی سەربە وەزارەتی بەرگری بەرپرسیارە لە بەرگری لە وڵات، بەڵام هاوکات ئۆپەراسیۆنی دژەتیرۆر و ئاسایشی ناوخۆیی بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دەدات. دەزگای دژە تیرۆر ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر سەرۆک وەزیران و سەرپەرشتی فەرماندەیی دژەتیرۆر دەکات، ئەو ڕێکخراوەی سێ فیرقەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان لەخۆدەگرێت. ئاژانسی هەواڵگری نیشتیمانی، ڕاستەخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر سەرۆک وەزیران.

دامەزراوەکانی هێزە سەربازییە نیزامییەکان و هێزە ناوخۆییەکانی جێبەجێکردنی یاسا گرفتیان هەبوو لە پاراستنی ئارامی لەناوخۆی وڵات، کە هاوتەریب کاردەکەن لەگەڵ دەستەی حەشدی شەعبی، کە چەترێکی ڕێکخراوی سەربازیی پاڵپشتیکراوە لەلایەن دەوڵەت و نزیکەی 60 گرووپی میلیشیا لەخۆدەگرێت، هاوکات ناسراوە بە هێزەکانی حەشدی شەعبی؛ ئەم یەکانە لە سەرانسەری وڵات کاران، هەندێک کات لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت و پێچەوانەی سیاسەتەکانی حکومەت. زۆرینەی ئەندامانی حەشدی شەعبی عەرەبی شیعەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دیمۆگرافی وڵاتە، یەکەکانی عەرەبی سوننە، ئێزدی، مەسیحی و کەمینەکانی تر بەگشتی لە ناوچەکانی خۆیان یان دەوروبەری کاران. بەفەرمی هەموو یەکەکانی حەشدی شەعبی بەرپرسیارن بەرامبەر سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و لەژێر

دەسەڵاتی ڕەهای سەرۆک وەزیراندان، بەڵام لە کرداردا، هەندێک یەکە گوێڕایەڵی ئێران و سوپای پاسدارانن.

دوو پارتە سەرەکییە کوردییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەزگای ئاسایشی خۆیان هەیە. بەپێی دەستوری فیدراڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە هێزی ئاسایشی ناوخۆیی هەبێت، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەجودا کۆنترۆڵی یەکەی زیادەی هێزی پێشمەرگە دەکەن، سەرەڕای هێزەکانی پۆلیس کە بەناو لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ناوخۆدان. هاوکات دەستور ڕێگەدەدات بە خزمەتگوزاری ئاسایشی ناوخۆیی ناوەندیی لە هەرێم؛ بەڵام، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەریەکە هێزی ئاسایشی خۆی هەیە. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەزگای هەواڵگری جودایان هەیە، کە بەناو لەسایەی ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستاندا ڕێکخراون.

دەسەڵاتە فیدراڵییە مەدەنییەکان، توانای کۆنترۆڵکردنی هەندێک پێکهاتەی هێزەکانی ئاسایشیان نەبوو، بەتایبەتی هەندێک یەکەی دیاریکراوی هاوپەیمانی ئێران لەناو یەکەکانی هێزی حەشدی شەعبی و دەستەی حەشدی شەعبی. ناڕۆشنی سنووره ئیدارییەکان و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ناوەندیی، بوونەتە هۆی دروستکردنی ناڕۆشنی لەسەر سنووری دەسەڵاتەکانی هێزەکانی ئاسایش و دادگاکان. ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش چەندین پێشێلکاری دۆکۆمێنتکراویان ئەنجامداوە.

عێراق ئەزموونی ناڕەزایەتی بەرفروانی کرد لە بەغداد و چەندین پارێزگای زۆرینە شیعە، هەر لە سەرەتای ئۆکتۆبەری 2019 تا ناوەڕاستی 2020، کە بەپێی ڕاپۆرتەکان نزیکەی 500 کەسی مەدەنی کوژران و 20.000 یان زیاتر بریندار بوون. حکومەت کەمترین هەنگاوی ناوە بۆ بەدادگەیاندنی ئەوانەی بەرپرسن لە توندوتیژییەکان.

چەندین پێشێلکاری گەورەی مافی مرۆڤ ئەنجامدران: کوشتنی نایاسایی یان هەڕەمەکیی و کوشتنی بێ دادگاییکردن، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ؛ ئەشکەنجە و کەیسەکانی مامەڵە یان سزای دڕندانە، نامرۆڤانە و شکۆشکێن؛ دۆخی سەخت و مەترسی لەسەر ژیان لە بەندینخانە و زیندانەکان؛ دەستگیرکردن و بەندکردنی هەڕەمەکیی؛ دەستوەردانی هەڕەمەکیی یان نایاسایی لە تایبەتمەندی (خصوصية)؛ سنووردارکردنی بەرچاوی ئازادیی دەربڕین؛ ئازادی ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت؛ هەروەها توندوتیژی دژی ڕۆژنامەنووسان؛ هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی؛ دەستگیرکردن و دادگاییکردن بێ پۆزش لەدژی ڕۆژنامەنووسان، سانسۆر، داخستنی وێبسایت، هەروەها هەبوونی تاوانی ناوزڕاندن؛ دەستوەردانی گەورە لە مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە؛ بەربەستی یاسایی لەسەر ئازادی هاتوچۆی ئافرەتان؛ گەڕاندنەوەی زۆرەملێی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ئەو شوێنانەی هەڕەشە لەسەر ژیان و ئازادییان هەیە؛ هەڕەشەی توندوتیژی لەدژی ئاوارە ناوخۆییەکان و ئاوارە گەڕاوەکان، چونکە وەک پاڵپشتی داعش سەیردەکرێن؛ بەربڵاوی گەندەڵی فەرمیی؛ نەبوونی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە توندوتیژی دژی ئافرەتان؛ تاوانەکانی توندوتیژی کە ئەندامانی گروپە کەمایەتییەکان دەکەن بە ئامانج؛ توندوتیژی دژی هاوڕەگەزخوازان، جووتڕەگەزخوازان، ڕەگەزەگۆڕاو یان ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI)؛ بەتاوانکردنی کردەی سێکسی ئارەزوومەندانە لەنێوان کەسانی پێگەشتووی هاوڕەگەز؛ هەروەها بەربەستکردنی مافەکانی کرێکار و پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆ؛ جیاکاری لەدژی کرێکاری بیانی، ئافرەتان و کەسانی کەمئەندام؛ هەروەها خراپترین جۆری کارکردنی منداڵ.

حکومەت، هەروەها ئۆفیسی سەرۆک وەزیران، لێکۆڵینەوەیان کرد لە تۆمەتەکانی پێشێلکاری و تاوانی ئەنجامدراو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە؛ وەک لێکۆڵینەوەی وەزاری لە ناڕەزاییەتییەکانی ئۆکتۆبەری 2019، بەڵام بەدەگمەن کەسانی بەرپرس لە پێشێلکاری یان فەرماندان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ سزادەدرێن. پەنادان لە سزا (Impunity) هەبووە بۆ بەرپرسانی حکومەت و کارمەندانی هێزی ئاسایش، لەوانە هێزەکانی ئاسایشی عێراق، پۆلیسی فیدراڵی، هێزەکانی حەشدی شەعبی، و هەندێک یەکەی دیاریکراوی خزمەتگوزاری ئاسایشی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای کەمبوونەوەی ژمارەیان، داعش بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی پێشێلکاری و تاوانی گەورە، وەک کوشتن لەڕێگەی تەقینەوەی خۆکوژیی و چاندنی بۆمبی ئامادەکراو. حکومەت بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوەکان و دادگاییکردنی تۆمەتبارانی پێشێلکارییەکان و تاوانەکانی داعش، لە هەندێک باردا، ڕاگەیاندنی گشتی بڵاوکردۆتەوە لەسەر سزادانی تۆمەتباران بە ئەندامێتی داعش بەپێی یاسای دژەتیرۆر.

# بڕگەی 1. ڕێزگرتن لە شکۆی کەس، لەوانە ئازادی لە:

## A. بێبەشکردنی هەڕەمەکیی لە ژیان و جۆرەکانی تری کوشتنی نایاسایی یان بە پاڵنەری سیاسیی

لە مانگی ئاب، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق (UNAMI) و ئۆفیسی کۆمسیۆیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ (OHCHR) ڕاپۆرتی پشتڕاستکراوەیان تۆمارکرد سەبارەت بە مردنی 478 خۆپیشاندەر و 7.715 ڕووداوی برینداربوونی خۆپیشاندەران، لە یان لە نزیک شوێنی خۆپیشاندانەکان، لە تشرینی یەکەمی 2019 تا نیسان. نەتوانرا جیاکردنەوەی ئاماریی هەمەلایەن بۆ ئەو برینداربوونانە ئەنجام بدرێت. ئەنجامەکان لەسەر ژمارەی قوربانییەکان، بەگشتی تەبا بوو لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی تری دامەزراوە سەربەخۆکان لە وڵات.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتیانداوە، کە گروپە میلیشیاکانی هاوپەیمانی ئێران لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی، لە سەرانسەری وڵات بەشداربوون لە کوشتن، ڕفاندن و پارە بەزۆر سەندن (ابتزاز)، بەتایبەتی لە پارێزگا تێکەڵەکان لەڕووی ئیتنی و ئاینییەوە. کوشتنی نایاسایی لەلایەن چەکداری نەناسراو و توندوتیژی بەهاندەری سیاسیی، زۆرجار چەندبارە بۆتەوە لە وڵات. لە مانگی تەموز، مێژوونووس و ڕاوێژکاری حکومەت، هیشام ئەلهاشمی، لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە ناوچەی زەیوەنە لە بەغداد لەلایەن دوو چەکدارەوە کوژرا، کە بە

سواری ماتۆڕ تەقەیان لێکرد. هیچ گروپێک بەرپرسیارێتی تەقەکردنەکەی لەئەستۆنەگرت، بەڵام ئەلهاشمی لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی و میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە هەڕەشەی لێکرابوو.

لە مانگی ئاب، چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی، میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێرانیان تۆمەتبارکرد بە کوشتنی چالاکوانی ناسراو، ئوسامە تەحسین، لە پارێزگای بەسرە و لەلایەن چەکداری نەناسراوەوە. تەحسین 21 فیشەکی پێوەنرا، لەکاتێکدا بەپێی راپۆرتەکان هێزەکانی ئاسایش بینەربوون. هاوکات لەمانگی ئاب، چەکداری نەناسراو چالاکوانی ئافرەت (ریهام یاکۆ)یان کوشت. یاکۆ، کە پێشتر سەرکردایەتی خۆپیشاندانێکی ئافرەتانی کرد لە بەسرە و پێش کوژرانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتووندی رەخنەی لە حکومەت و میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێران دەگرت.

بەپێی راپۆرتەکان هێزەکانی ئاسایشی حکومەت، کوشتنی نایاساییان ئەنجامداوە. لە کانونی یەکەمی 2019 پەرلەمانی عێراق رایگەیاند کە "لیژنەی پەرلەمانی بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان" راسپێردراو بۆ لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە پارێزگاکانی باشور، کارەکانی خۆی ئەنجامداوە و راپۆرتی کۆتایی لیژنەکە پێشکەش دەکات بە سەرۆک وەزیرانی کاربەرێکەری ئەوکات (عادل عبدالمهی)، بەڵام بەبێ دیاریکردنی کاتەکەی. بەشی لێکۆڵینەوەکە لە پارێزگای زیقار بەتەواوەنەکراوی مایەوە بەهۆی "وتەی ناتەواوی ئەفسەرەکان." دواجار لیژنەکە راپۆرتی کۆتایی بڵاونەکردوە و دیارە هیچ رێکارێکی یاسایی لەدژی پێشێلکاران نەگیراوەتەبەر. پێکهێنانی دامەزراوەی ئاشکراکردنی راستییەکان بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوە لە توندوتیژییەکان لەدژی خۆپیشاندەران، یەکێک بوو لە بەڵێنەکانی حکومەتی سەرۆک وەزیران (مستەفا کازمی)، کاتێک لە مانگی حوزەیران بوو بە سەرۆک وەزیران. لە 30 تەموز، کازمی گوتی تا ئەو رێکەوتە، توندوتیژی کاتی خۆپیشاندانەکان، بۆتە هۆی کوژرانی 350 کەس، بە خەڵکی مەدەنیی و کارمەندانی ئاسایشەوە.

لەمیانەی ساڵدا، لە چەنین ناوچە دۆخی ئاسایش بە ناسەقامگیری مایەوە، بەهۆی پەلاماری پچڕپچڕی داعش و شانە هاوپەیمانەکانی؛ پێکدادانی لێرەولەوێ لەنێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراق و حەشارگەکانی داعش لە شوێنە دوورەدەستەکان؛ هەبوونی میلیشیا کە لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی حکومەتدا نین، لەناویاندا هەندێک یەکەی دیاریکراوی هێزەکانی حەشدی شەعبی؛ هەروەها توندوتیژی بەپاڵنەری مەزهەبی، ئیتنیکی و دارایی.

بەدرێژایی ساڵ توندوتیژی تیرۆریستی بەردەوام بوو، لەوانە چەند پەلامارێکی داعش (بڕوانە بڕگەی 1.g.). بەپێی شانەی راگەیاندنی ئاسایشی عێراق (کە بەشێکە لە وەزارەتی بەرگری)، ژمارەی کارمەندی کوژراوی هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە پەلامارەکانی ساڵەکەدا 88 کەس بوو لەگەڵ 174 بریندار.

## B. بێسەروشوێنکردن

راپۆرتی بەردەوام هەبوو لەسەر بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ لەلایەن و لەجیاتی هێزەکانی حکومەت، لەناویاندا پۆلیسی فیدراڵی و یەکەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی. ئاژانسەکانی (UNAMI/OHCHR) راپۆرتیانداوە کە لە تشرینی یەکەمی 2019 تا ئادار، (UNAMI)

154 کەیسی دیارنەمانی خۆپیشاندەر و چالاکوانی مافی مرۆڤی پێگەیشتووە، کە پێشبینی دەکرێت رفێندرابن یان دەستبەسەربن.

(UNAMI/OHCHR) لە راپۆرتی مایس دەڵێن، ئاگادارنین لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی فەرمیی ئەنجامدراو لەلایەن دەسەڵاتەکانی بەرزەفتکردنی یاسا بۆ دۆزینەوەی دیارنەماوەکان، بۆ دیاریکردن و دادگاییکردنی کەسانی بەرپرسیار، یان بۆ بەدیهێنانی دادوەری و قەرەبوو بۆ قوربانییەکان. هاوکات حکومەت لێکۆڵینەوەی دەستپێنەکرد لەسەر رفاندن و ئەشکەنجەدانی خۆپیشاندەران و هیچ پێشێلکارێکی نەداوە بە دادگا پەیوەست بەم کردارانە، لەناویاندا ئەوانەی لەلایەن میلیشیا ناحکومیەکان و گروپە تاوانکارییەکانەوە ئەنجامدراون.
دەسەڵاتە خۆجێییەکانی شەنگال، راپۆرتیانداوە کە نزیکەی 70 ئێزیدی لە زیندانێکی نهێنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەستبەسەرن. دەسەڵاتە خۆجێیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە تەموزی 2019ەوە چەکدارانی پەکەکە زیاتر لە 400 ئافرەتی ئێزیدیان رفاندوە، کە تائێستا چارەنووسیان بەنادیاری ماوەتەوە. هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستگەیشتنی راستەوخۆیان نەبوو بۆ شەنگاڵ و نەیانتوانی راپۆرتەکان پشتڕاست بکەنەوە. لە مانگی تەموز پەکەکە لە پارێزگای دهۆک دوو هاووڵاتی رفاند. چارەنووسی دوو رفێنراوەکە بەنەزانراوی ماوەتەوە.

## C. ئەشکەنجە و مامەڵە یان سزای دیکەی توووند، نامرۆڤانە و شکۆشکێن

ئەگەرچی بەپێی دەستور و یاسا کردەی لەم جۆرە قەدەغەیە، بەڵام یاساو دەستور ئەو جۆرە رەفتارانە دیاری ناکەن کە بە ئەشکەنجە هەژماردەکرێن، هەروەها یاسا دەسەڵاتی تەواوی بەخشیوە بە دادوەران، بۆ بڕیاردان لەسەر پەسەندکردنی ددانپیانانی تۆمەتبار وەک بەڵگە و زۆرجار بەبێ رەچاوکرنی شێوازی وەرگرتنی ددانپیانان. چەندین راپۆرت هەبوون لەسەر ئەوەی کاربەدەستانی حکومەت ئەشکەنجە و مامەڵە یان سزای دیکەی توووند، نامرۆڤانە و شکۆشکێنیان بەکارهێناوە. هەروەها دادگاکان بەشێوەیەکی رۆتینی ددانپێدانانی زۆرەملێیان وەک بەڵگە پەسەندکردوە، کە لە زۆر کەیسی دژەتیرۆری پەیوەست بە داعش، تاکە بەڵگەی رەچاوکراو بووە.

وەک ساڵانی رابوردو، راپۆرتی متمانەپێکراو هەبوون لەسەر ئەوەی کە هێزە حکومییەکان، لەناویاندا پۆلیسی فیدراڵی، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق، و هێزەکانی حەشدی شەعبی، پێشێلکاری و ئەشکەنجەیان ئەنجامداوە لەدژی خەڵک، بەتایبەتی عەرەبی سوننە، لەکاتی گرتن، راگرتنی پێش دادگایکردن و بەندکردنی پاش حوکمدان. دەستبەسەرکراو و بەندکراوانی پێشوو و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دۆکۆمێنتی کەیسەکانی ئەشکەنجە و و مامەڵە یان سزای دیکەی توووند، نامرۆڤانە و شکۆشکێنیان کردوە لە دەزگاکانی سەربە وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها، تاڕادەیەکی کەمتر، لە بەندینخانەکانی وەزارەتی بەرگری.

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ راپۆرتیانداوە، کارمەندانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری ئەشکەنجەی بەندکراوانیان داوە. بەپێی راپۆرتی (UNAMI/OHCHR)، هەندێک خۆپیشاندەری دەستگیرکراو، رووبەڕووی چەندین پێشێلکاری بوونەتەوە لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا، وەک لێدانی توووند، لێدانی کارەبا، ئاوپرژێن کردن و دانان لەناو ئاوی سارد، هەڵواسینی قۆڵ یان قاچ بە بنمیچ، هەڕەشەی کوشتن و کوشتنی خێزانەکانیان، هەروەها مامەڵەی شکۆشکێن (وەک میزپێداکردن یان وێنەگرتن بەڕووتی). لەهەمان راپۆرتدا،

ئافرەتانی چاوپێکەوتنلەگەڵکراو باسی لێدان و هەڕەشەی لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسیی دەکەن. لە مانگی حوزەیران، ڕێکخراوێکی ناحکومیی خۆجێی، ڕاپۆرتیداوە کە دەیان کەیسی ئەشکەنجەی تۆمارکردوە لە بەندینخانەکانی نەینەوا، سەلاحەدین، کەرکوک، ئەنبار، زیقار و بەغداد.

پەنادان لە سزا (الأفلات من العقوبة - Impunity) بەشێوەیەکی کارا بەردەستبوو بۆ بەرپرسانی حکومەت و کارمەندانی هێزی ئاسایش، لەناویاندا، هێزەکانی ئاسایشی عێراق، پۆلیسی فیدراڵی، هێزەکانی حەشدی شەعبی و هەندێک یەکەی دیاریکراوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## دۆخی بەندینخانە و بنکەکانی دەستبەسەرکردن

دۆخی بەندینخانە و بنکەکانی دەستبەسەرکردن سەختن و زۆرجار مەترسین لەسەر ژیان، بەهۆی کەمی خۆراک، قەرەباڵغی لەڕادەبەدەر، ئازاردانی جەستەیی و دەستنەگەیشتنی گونجاو بە شوێنەکانی خاوێنی و چاودێری تەندروستی، هەروەها مەترسییەکانی پەتای کۆڤید-19 و نەخۆشییە گوێزراوەکانی تر.

<u>دۆخی ژێرخان</u>: قەرەباڵغی زۆر لە بەندینخانەکانی حکومەت کێشەیەکی سیستماتیکە، کە خراپتر بووە بەهۆی زۆری ژمارەی گومانلێکراوانی داعش کە لەمیانەی دوو ساڵی ڕابوردودا دەستگیرکراون. هاوکات سێ لە 24 چاکسازی بەڕێوەبراو لەلایەن خزمەتگوزاری چاکسازییەکانی عێراق، کە دامەزراوەی حکومییە و دەسەڵاتی یاسایی هەیە بۆ ڕاگرتنی بەندکراوان پاش حوکمدان، هێشتا لەکاردا نین بەهۆی دۆخی ئاسایشەوە، ئەمەش بۆتە هۆی خراپترکردنی کێشەی قەرەباڵغی لەو بەندینخانانەی هێشتا کراوەن.

لە مانگی تەموز، وەزارەتی داد هۆشداریدا لە دروستبوونی قەیرانێکی تەندروستی بەهۆی پەتای کۆڤید-19 بەهۆی قەرەباڵغی بەندینخانەکان. بەرپرسێکی باڵای وەزارەت گوتی کە چاکسازی نەوجەوانان 600 بەندکراوی تێدایە، سەرەڕای ئەوی کە زۆرترین توانای نیشتەجێکردنی 250 کەسە. بەرپرسەکە گوتی کە لە مانگی تەموزەوە، وەزارەتی داد 31 کەیسی ئەرێنی کۆڤید-19ی ئاشکراکردوە لەناو بەندکراوانی نەوجەوانان.

لە مانگی حوزەیران، کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق، نیگەرانییەکانی وەزارەتی دادی دووپات کردوە و ڕاپۆرتیدا کە بنکەکانی سیستمی سزادانی وڵات گیرۆدەی قەرەباڵغی و نەبوونی ژێرخان و خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانە، هەروەها ئاماژەیدا بەوەی کە پەیڕەوکردنی مەودای کۆمەڵایەتی لەنێوان بەندکراوان ئەستەمە، ئەمەش لەئەنجامدا بەندینخانەکان دەگۆڕێت بۆ بنکەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19.

لە مانگی نیسان، وەزارەتی داد ڕایگەیاند کە 950 بەندکراوی گەورە و 57 بەندکراوی نەوجەوان، لێبوردنی تایبەتیان پێدراوە بۆ مەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19 لە بەندینخانەکان. لە مانگی ئاب، وەزارەت ڕایگەیاند کە بەندینخانەیەکی نوێ لە بەغداد دەکرێتەوە بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و دڵنیاییدا کە بەندینخانە نوێیەکە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان ئامادەکراوە.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە عێراق (IHCHR) مەزەندی کردوە کە ژمارەی راگیراوان و بەندکراوان لە بەندینخانەکانی نەینەوا دەگاتە 5.500 کەس، کە ژمارەی نەوجەوانان (خوار تەمەنی 18 ساڵ) لە کەیسەکانی تیرۆریزم دەگاتە 1.000 کەیس. قەرەباڵغی لە بەندینخانەکان دەکەوێتە نێوان 150 تا 200 لەسەتی توانایان، بەتایبەتی بەندینخانەی ئەلفەیسەلیە لە سەنتەری موسڵ. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی عێراق، راپۆریداوە کە رێژەی مردن بەرزە لە بەندینخانەکان، لەوانە 180 مردن لە ساڵی 2018، 40 مردن لە 2019 و 22 مردن هەتا مانگی حوزەیران.

زیادبوونی ژمارەی بەندکراوان بەرزترە لە توانای دیاریکراو لەهەر شەش بنکەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان راپۆرتیداوە کە بنکەی چاکسازی هەولێر، کە دروستکراوە بۆ نیشتەجێکردنی 900 بەندکراو، 1970 بەندکراوی تێدابوو. کۆمسیۆن راپۆرتیداوە کە سێ بەندکراو کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەبووە مردوون بەبێ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی گونجاو، بەهۆی قەرەباڵغی زۆر لە بەندینخانەکان. ژمارەی سنوورداری کارمەندی تەندروستی نەیاتوانیوە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەیسەکان بکەن و خزمەتگوزارییە تەندروستییە گونجاوەکان پێشکەش بکەن بە هەموو بەندکراوان.

لەناو هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگاکان بەشێوەیەکی ناتەبا لێبوردن و جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای تاوانیان پەیرەوکردوە. رێکارە یاساییەکان زۆرجار بەهۆی پرۆسەی کارگێرییەوە رووبەرووی دواکەوتن دەبنەوە، هەروەها بڕیاری لێبوردن لەکاتی گونجاودا نادرێن.

بەپێی (UNAMI) تازەترین بەندینخانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شارە گەورەکان بەباشی بەڕێوەدەبرێن، ئەگەرچی هەلومەرجەکان هێشتا خراپن لە چەندین بەندینخانەی بچووک کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیان دەبات. لە هەندێک لە بەندینخانەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و زیندانەکانی پۆلیس، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرجار نەوجەوانان لە هۆڵی بچووکدا و هاوشێوەی گەوران دەهێڵنەوە. راپۆرتێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان دەڵێت تا مانگی ئەیلول دەسەڵاتداران زیاتر لە 50 منداڵیان هێشتۆتەوە لە بنکەی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان، کە لەگەڵ دایکە حوکمدراوەکانیان. ئاژانسی (UNICEF) دارایی پێویستی تەرخانکرد بۆ دروستکردنی پاشکۆیەکی جیاواز لە بەندینخانەکە بۆ ئەم منداڵانە، بەڵام هێشتا دەستیان ناگات بە پەروەردە.

<u>کارگێریی</u>: حکومەتی ناوەندیی دەڵێت کە هەنگاوی گونجاوی ناوە بۆ چارەسەرکردنی تۆمەتەکانی خراپ مامەڵەکردن لە زیندانەکانی حکومەتی ناوەندیی؛ بەڵام ئاستی ئەم هەنگاوانە بەتەواوی نەزانراون. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی عێراقی و نێودەوڵەتی دەڵێن، دادوەران زۆرجار لێکۆڵینەوەی پێویست ناکەن لە دروستی تۆمەتە بەهێزەکان لەدژی هێزەکانی ئاسایش کە تۆمەتبارانی تیرۆر ئەشکەنجە دەدەن، هەروەها زۆر جار تۆمەتباران حوکم دەدەن لەسەر بنەمای ددانپێدانان کە بانگەشە دەکرێت بەزۆر وەرگیراوە.

دەسەڵاتدارانی بنکەکانی دەستگیرکردن و بەندینخانەکان هەندێک کات ئازادکردنی بەندکراوانیان دواخستوە، تەنانەت پاش دەرکەوتنی بێتاوانی، بەهۆی نەبوونی تۆماری

بەندکراو یان گرفتی تری رۆتین، یان داوای بەرتیلیان کردوە لە بەنکدکراوان بەرامبەر ئازادکردنیان پاش تەواوکردنی ماوەی سزاکەیان. گروپە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن کە دەسەڵاتداران لە چەندین کەیسدا رێگریان کردوە لە سەردانی کەسوکاری دەستگیرکراوان و سزادراوان. بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە زۆرجار پاسەوانەکان داوای بەرتیل دەکەن یان لێدان بەکاردەهێنن، کاتێک دەستیگیرکراوان داوا دەکەن تەلەفۆن بۆ کەسوکاریان یان پارێزەر بکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناتەبایی رێکارەکانی پەیرەوکردوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتی پێشێلکاری لەلایەن ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ یان ئاسایش. لە راپۆرتی مانگی ئەیلول لەسەر دۆخی بەندینخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمیسیۆنی سەربەخۆی مافی مرۆڤی کوردستان راپۆرتیدا کە هەندێک لە زیندانەکان پابەندنین بە ستانداردە بنەڕەتییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤی بەندکراوان. راپۆرتەکە جەخت دەکاتەوە لە پێداویستی بینای نوێ و دەرکردنی یاسا بۆ پاراستنی مافەکان و زامنکردنی سەلامەتی بەندکراوان.

<u>چاودێری سەربەخۆ</u>: خزمەتگوزاری چاکسازییەکانی عێراق رێگەدەدات بە سەردانی بەردەوامی چاودێرانی سەربەخۆی ناحکومی. لە مانگی تەموز، لەسەر داوای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ، حکومەت رێگەیدا بە رێبازی گریمانەیی (virtual) بەدیل، بۆ چاودێریکردنی بەندینخانەکان و بنکەکانی دەستبەسەرکردن، پاش ئەوەی بەرپرسانی بەندینخانەکان رێگریان کرد لە تیمەکانی پشکینی کۆمسیۆن بۆ دەستگەیشتن بە بەندینخانەکان، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19.

## D. گرتن و بەندکردنی نایاسایی

دەستور و یاسا گرتن و بەندکردنی نایاسایی قەدەغە دەکەن، هەروەها ماف دەدات بە هەر کەسێک لە دادگا تانەبدات لە یاساییبوونی گرتن و بەندکردنی. بەڵام سەرەڕای ئەم گەرەنتیانە، چەندین راپۆرت هەبوون لەسەر گرتن و بەندکردنی نایاسایی، بەزۆری لەدژی عەرەبی سوننە و ئاوارە ناوخۆییەکان. لە مانگی تەموز، هێزەکانی ئاسایش 20 کەسی سوننەیان دەستگیرکرد وەک گومانلێکراو پاش کوژرانی عەمیدێکی هێزەکانی ئاسایشی عێراق لەمیانەی پەلامارێکی داعش لە تامریە. دەستگیرکراوەکان بەشدارنەبوون لە پەلامارەکەدا، هیچ پەیوەندیەکی پشتڕاستکراوەیان نەبوو لەگەڵ داعش و تەنها پاش دەستوەردانی راستەوخۆی سەرۆک وەزیران ئازادکران.

لە مانگی ئەیلول، یەکەکانی هێزەکانی ئاسایش چالاکوانی ناسراو (دورغام مەجید) و 40 خۆپیشاندەری تریان لە ئەلحلە، پارێزگای بابل، دەستگیرکردن تا رۆژی دواتر بەبێ ئاماژەدان بە هۆکاری دەستگیرکردنیان.

لە مانگی ئاب، هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەلای کەمەوە 50 خۆپیشاندەر، چالاکوان و رۆژنامەنوسیان دەستگیرکرد لە شارەکانی زاخۆ و دهۆک. چەندین چاودێر ئەم دەستگیرکردنانەیان بە نایاسایی لەقەڵەمدا، یان لەبەرئەوەی کەسەکان بەهۆی

پیادەکردنی مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە دەستگیرکراون، یان لەبەرئەوەی دەسەڵاتداران مافی یاسایی بۆ بردنە بەردەم دادوەر لەماوەی 24 کاتژمێر نادیدەگرت.

## ڕێکارەکانی گرتن و مامەڵەی بەندکراوان

بەپێی یاسا، گرتن و هێشتنەوەی کەسەکان قەدەغەیە، تەنها بە فەرمانی دادوەر یان دادگای خاوەن دەسەڵات نەبێت یان بەپێی ڕێکارە دیاریکراوەکان لە یاسای ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردنی تاوان (قانون اصول المحاکمات الجنائیة). یاسا ئەرکی داناوە بۆ هەموو دەسەڵاتەکان، هەستن بە تۆمارکردنی ناو، شوێنی گرتن، هۆکاری گرتن و بنەمای یاسایی بۆ گرتن، لەماوەی 24 کاتژمێر پاش دەستگیرکردن - ماوەیەک کە دەتوانرێت لە زۆربەی کەیسەکاندا درێژبکرێتەوە بۆ بەلای زۆرەوە 72 کاتژمێر. بۆ ئەو تاوانانەی سزای مردنیان لەسەرە، دەسەڵاتداران دەتوانن بەشێوەیەکی یاسایی داوالەسەرکراو بهێڵنەوە بۆ درێژترین ماوە کە پێویست بێت بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دادوەری. وەزارەتی داد بەرپرسیارە لە هەڵگرتن و نوێکردنەوەی ئەم تۆمارانە. بەپێی یاسا پێویستە وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق، ڕێنمایی دەربکەن بۆ فەرماندەکان لە مەیدانی شەڕ تا لەکاتی شەڕدا دەستگیرکراوان لە تۆمارێکی ناوەندیدا تۆماربکەن. هاوکات بەپێی یاسا قەدەغەیە هەر لایەنێک، جگە لەوانەی بە یاسا دەسەڵاتیان پێدراوە، خەڵک دەستبەسەر بکەن.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆریانداوە کە هێزە حکومییەکان، لەناویاندا هێزەکانی ئاسایشی عێراق، پۆلیسی فیدراڵی، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق، هێزەکانی حەشدی شەعبی، پێشمەرگە و ئاسایش، زۆرجار یاسا پشتگوێ دەخەن. ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان و گروپەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتیانداوە، کە دەسەڵاتداران گومانلێکراویان دەستگیرکردوە لە هەڵمەتی پشکنیکی بێمۆڵەتی ئاسایش، بەتایبەتی بەپێی یاسای دژەتیرۆر، هەروەها زۆرجار ئەم دەستگیرکراوانەیان بۆ ماوەی درێژ بەندکردوە بەبێ تۆمارکردن یان بردنە پێش دادگا. حکومەت هەندێک جار دەستگیرکراوانی ئازادکردوە، بەگشتی پاش گەیشتنە ئەنجام کە بەڵگەی پێویست نەبووە بۆ دادگاییکردنیان لە دادگاکان، بەڵام زۆری تر لە بەندینخانە ماونەتەوە لە چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی تۆمەتی تر.

لە مانگی مایس، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (Amnesty International) ڕاپۆرتیدا کە ئەندامانی چەکداری ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوونەتە سەر ماڵی مامۆستا و چالاکوان (بەدەل عبدالقادر ابوبکر) لە شاری دهۆک و بەبێ فەرمان دەستگیریان کردوە. دواتر (بەدەل بەکر) درا بە دادگا بە تۆمەتی "خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان" و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی ئاشتیانە لەڕێگەی سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

یاسا ڕێگەدەدات بە ئازادکردن بە کەفالەتی کەسیی بۆ دەستگیرکراوان لەسەر تاوان (بەڵام ئاسایش نا). دەسەڵاتداران بەدەگمەن دەستگیرکراوان بە کەفالەت ئازاد دەکەن. یاسا دەسەڵات دەدات بە دادوەر، پارێزەری بێبەرامبەر دیارییکات بۆ هەژاران. پارێزەرانی دیاریکراو لەلایەن دادگاوە زۆرجار سکاڵا دەکەن لە دەستنەگەیشتنی گونجاو بە دەستگیرکراوان کە دەبێتە ڕێگر لە ڕاوێژکاریی نێوان پارێزەر و دەستگیرکراو. لە زۆر کەیسدا، دەستگیرکراوان نەیانتوانیوە پارێزەرەکانیان ببینن تا ڕۆژی دیاریکراوی دادگاییکردن.

هێزەکانی حکومەت چەندین گومانلێکراوی پەیوەست بە تیرۆریزمیان دەستبەسەر کردوە، بەبێ مۆڵەتی دەستگیرکردن و گوازراونەتەوە بۆ بنکەی دەستبەسەرکردنی ئاشکرانەکراو (بڕوانە بڕگەی 1.b.).

گرتنی نایاسایی: چەندین راپۆرت هەبوون لەسەر گرتن و هێشتنەوەی نایاسایی لەلایەن هێزەکانی حکومەت، لەوانە هێزەکانی ئاسایشی عێراق، پۆلیسی فیدراڵی، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق، حەشدی شەعبی، پێشمەرگە و ئاسایش. ئەگەرچی ئامارێکی دروست بەردەست نییە لەسەر ژمارەی کرداری لەم جۆرە یان ماوەی دەستبەرسەرکردن. دەسەڵاتداران زۆرجار خێزانی دەستگیرکراوانیان لە گرتن و شوێنی دەستبەرسەرکردن ئاگادارنەکردۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی دەستبەسەرکردن بەبێ پەیوەندی، ئەگەر نەڵێین بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ (بڕوانە بڕگەی 1.b.). هاوکات رێکخراوە مرۆییەکان راپۆرتیانداوە کە لە زۆر دۆخدا، هێزەکانی حکومەتی ناوەندیی، دەستگیرکراوانیان لە هۆکاری دەستگیرکردنیان یان تۆمەتی ئاراستەکراو ئاگادارنەکردۆتەوە. زۆربەی راپۆرتەکان لەسەر گرتن و هێشتنەوەی نایاسایی، پەیوەستن بە کەیسی گومانلێکراو یان هەوادارانی داعش و وابەستەکانیان و ئەندامانی خێزانەکانیان.

راپۆرت هەبوون لەسەر گروپەکانی ناو حەشدی شەعبی کە سەربە ئێرانن، بەشێوەی هەڕەمەکیی و نایاسایی کورد و تورکمانی کەرکوک و مەسیحییەکان و ئەندامانی کەمینەکانی تریان لە رۆژئاوای نەینەوا و دەشتی نەینەوا دەستگیرکردەوە و بەندکردوە. چەندین راپۆرت هەبوون، کە لیوای 30 و لیوای 50ی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستیان هەبووە لە پارە بەزۆرسەندن، گرتنی نایاسایی، رفاندن و بەندکردنی تاکەکەسەکان بەبێ مۆڵەت. لە مانگی تەموز، سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی سەپاندنی یاسا (پۆلیس و ئاسایش) ئاماژەیداوە بەوەی کە لیوای 30 هێزەکانی حەشدی شەعبی بەندینخانەی نهێنی بەڕێوەدەبات لە چەندین شوێن لە پارێزگای نەینەوا، کە 1000 بەندکراویان تێدایە و بە پاڵنەری مەزهەبی و لەسەر تۆمەتی بێبنەما دەستگیرکراون. بانگەشە دەکرێت کە سەرکردەکانی لیوای 30ی هێزەکانی حەشدی شەعبی، کەسوکاری بەندکراوەکانیان ناچارکردوە پارەی زۆر بدەن بەرامبەر ئازادکردنی کەسەکانیان.

لە مانگی تشرینی یەکەم، بەپێی وتەی ئەو گەواهیدەرانەی قسەیان بۆ رێکخراوی ناحکومی سەنتەری کەنداو بۆ مافی مرۆڤ و گروپە لۆکاڵییەکانی مافەکان کرد، هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە بەسرە بە نایاسایی و بەبێ مۆڵەت هەشت داکۆکیکاری مافی مرۆڤیان دەستبەسەرکرد، یەکێک لەوانە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ (حوسام ئەلخەمیسی) بوو. شەش کەسەکە بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر دەستبەسەرکران، تەنها پاش ناچارکردنیان بە واژۆکردنی بەڵگەنامەیەک، کە رێگەیان نەدرا بیخوێننەوە، ئازادکران.

راگرتنی پێش دادگاییکردن: وەزارەتەکانی داد، بەرگری، ناوخۆ و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی یاساییان هەیە بۆ هێشتنەوەی راگیراوان پێش دادگاییکردن، بەهەمان شێوە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق لە هەندێک دۆخی سنووردار و بۆ ماوەی کورت. راگرتنی درێژ بێ پرۆسەی دروست و رێکاری دادوەری، کێشەیەکی سیستماتیکی بوو، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە تۆمەتبارن بە پەیوەندی لەگەڵ داعش. بەڵام ئاماری سەربەخۆ و پشتڕاستکراوە نییە، بۆ ژمارەی راگیراوانی پێش دادگاییکردن لە بەندینخانەکانی حکومەتی ناوەندیی، رێژەی سەتی بەندینخانەکان و ژمارەی راگیراوانی پێش دادگاییکردن یان ماوەی راگرتنیان.

چەند هۆکارێک هەن بۆ نەبوونی پێداچوونەوەی دادوەری، لەوانە زۆری ژمارەی دەستبەسەرکراوان، دەستگیرکردنی تۆمارنەکراو، هێواشی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوان، کەمی ژمارەی دادوەران و کارمەندی راهێنراوی دادوەری، بێتوانایی یان بێباکیی دەسەڵاتداران بۆ بەکارهێنانی کەفالەت یان مەرجەکانی تری ئازادکردن، نەبوونی ئاڵوگۆڕی زانیاری، بەرتیل و گەندەڵی. قەرەباڵغی هێشتا کێشەیە لە زۆربەی شوێنەکانی راگرتنی پێش دادگاییکردن.

راگرتنی پێش دادگاییکردن بۆ ماوەی درێژ، بەتایبەتی بەربڵاوبوو لەو ناوچانەی کە لە داعش ئازادکراون، کە ژمارەیەکی زۆر دەستبەسەرکراوی پەیوەست بە داعش هەبوون و شوێنی هەموارکراو بەکاردەهێنرا، ئەمەش بۆتە هۆی قەرەباڵغی زۆر و نەگونجاوی خزمەتگوزارییەکان. راپۆرت هەبوو لەسەر هێشتنەوەی دەستبەرسەرکراوان پاش بڕیاری دادوەری بۆ ئازادکردنیان، هەروەها تۆمەتی ئازادکردنی نایاسایی هەبوو.

بەپێی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی عێراق، تا مانگی ئەیلول 448 ئافرەت و 547 منداڵی بیانی (ناعێراقی) دەستبەسەرن لای وەزارەتی داد. لەو 547 منداڵە، 222 لەگەڵ دایکیان دانراون، 80 نێردراون بۆ بەشی چاکسازی نەوجەوانان و 32 رەوانەکراون بۆ پەناگە (یان خانەی بێسەرپەرشتان)ی دەوڵەت.

راپۆرت هەیە کە دەسەڵاتداران هەندێک کەسیان بەبێ دادگایکردن بۆ ماوەی چەندین مانگ یان ساڵ پاش گرتنیان هێشتا بە دەستبەرسەری هێشتۆتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بەپێی یاسای دژەتیرۆر دەستگیرکراون. هەندێک کات دەسەڵاتداران دەستگیرکراوان بەدابڕاوی و بێ پەیوەندیی دەستبەسەردەکەن، بەبێ دەستگەیشتن بە پارێزەر یان بەبێ بردنە بەردەمی دادوەر لە ماوەی رێگەپێدراوی یاساییدا. دەسەڵاتداران هەندێک کات هاوسەر یان ئەندامانی تری خێزانی داواکراوی هەڵهاتوویان دەستبەسەرکردوە – بەزۆری سوننەکان کە داواکراون لەسەر تۆمەتی تیرۆر – ئەمەش بۆ ناچارکردنی داواکراوان بۆ خۆبەدەستەوەدان.

راپۆرت هەیە کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگیراوانیان هێشتۆتەوە بۆ ماوەی درێژ لە قۆناغی پێش دادگاییکردندا؛ بەڵام هیچ داتایەک بەردەست نییە لەسەر رێژەی سەتیی ژمارەی بەندینخانەکان و راگیراوانی پێش دادگایکردن و ماوەی راگرتنیان.

دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوەیان کردوە کە داواکارانی گشتی و پارێزەرانی بەرگری زۆرجار رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە راپەڕاندنی کارەکانیان و دادگایکردنەکان بەشێوەی ناپێویست دوادەخرێن لەبەر هۆکاری کارگێڕی. رێکارەکانی پەتای کۆڤید-19 و داخرانەکان، بوونە هۆی دروستبوونی بەربەستی زیاتر بۆ یەکلاکردنەوەی رێکارە یاساییەکانی کەیسەکان لە ساڵی 2020.

بەپێی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، هەندێک بەندکراو لە بنکەکانی ئاسایشی ناوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی درێژکراوە راگیراون، تەنانەت پاش دەرکردنی فەرمانەکانی دادگا بۆ ئازادکردنیان. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان راپۆرتیداوە کە بەندکراوی تر لە بەندینخانەکان بۆ ماوەی درێژتر هێڵراونەتەوە، بەهۆی جێبەجێ نەکردنی لێبوردن و داخرانی دادگاکان بەهۆی رێکارە توندەکانی کۆڤید-19. پارێزەرانی دابینکراو لەلایەن رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکانەوە

دەستگەیشتنی بەردەوامیان هەبووە بۆ دابینکردنی نوێنەرایەتیکردنی یاسایی بۆ هەر نەوجەوانێک کە دادگا پارێزەری بۆ دیاری نەکردوە.

توانای راگیراو بۆ تانەدان لە یاساییبوونی راگرتنەکەی لەبەردەمی دادگا: دەستور و یاسا مافیان داوە بە راگیراوان بۆ ئەوەی دادگا بەخێرایی بڕیاربدات لە یاساییبوونی راگرتنیان، هەروەها مافی ئازادکردنی خێرا. سەرەرای یاسای چاکسازی 2016 سەبارەت بە مافەکانی راگیراوان، رێکخراوە ناحکومییەکان دەڵێن کە راگیراوان توانایان سنووردارە بۆ تانەدان لە نایاسایبوونی راگرتنیان لەبەردەم دادگا، هەروەها بەرتیل زۆر کات پێویستە بۆ هەڵگرتنی تۆمەتەکان بەنایاسایی یان بۆ ئازادبوون لە راگرتنی نایاسایی. لەکاتێکدا کە مافێکی دەستوریە، بەڵام یاسا رێگەنادات بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسەی کە دەرکەوت بە نایاسایی راگیراوە. لە مانگی تەموز. رێکخراوێکی ناحکومی عێراق 10 کەیسی دۆکۆمێنتکردوە کە راگیراوان ناچارکراون بەرتیل بدەن بەرامبەر ئازادکردنیان، هەروەها ئاماژەیداوە بە چیرۆکی ئەندامانی خێزان کە هەڕەشەیان لێکراوە لەلایەن ئەو ئەفسەرانەی ئاسایشەوە کە بەرتیلیان وەرگرتوە بەڵام راگیراوەکانیان ئازاد نەکردوە. راپۆرتەکە ئاماژە دەدات بە وتەی ئەندامێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی عێراق، کە دەڵێت هەندێک لەم راگیراوانە لەنێوان شەش مانگ بۆ دوو ساڵە راگیراون، بەبێ یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان.

## E. بێبەشکردن لە دادگاییکردنی رەوا و کراوە

دەستوری عێراق دامەزرێنەری دادوەرییەکی سەربەخۆیە، بەڵام هەندێک ماددەی یاسایی سەربەخۆیی و بێلایەنی دادوەرییان سنووردار کردووە. دۆخی ئاسایشی وڵات و مێژووی سیاسی، بوونەتە هۆی لاوازبوونی دادوەری و وابەستەبوونی بە بەشەکانی تری حکومەتەوە. دادگای باڵای فیدراڵی بڕیار دەدات لەو پرسانەدا کە پەیوەستن بە فیدراڵیزم و دەستورەوە، هەروەها ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری سیستمی دادگایە، لەناویاندا بابەتەکانی تەمبێکردن.

راپۆرت هەیە لەسەر ئەوەی کە گەندەڵی و تەنگپێهەڵچنین کاریگەرییان هەیە لەسەر هەندێک دادوەر لە کەیسەکانی تاوان لە ئاستی دادگاییکردن و لە ئاستی تێهەڵچوونەوە لە دادگای تێهەڵچوونەوە.

چەندین هەڕەشە و کوشتن لەلایەن پێکهاتەی مەزهەبی، خێڵەکیی، توندڕەو و تاوانکارەوە بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە سەربەخۆیی دادوەری. زۆرجار دادوەران، پارێزەران و ئەندامانی خێزانەکانیان رووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن و پەلامار دەبنەوە. لە مانگی شوبات، سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی عێراق (زیا ئەلسدقی)، راگەیاند کە بە بەنیازە سکاڵا تۆماربکات لەسەر ئەو کەسەی هەوڵی کوشتنی پارێزەری خۆپیشاندەر (علی معارج)ی دا لە پارێزگای زیقار.

دادوەران لە موسڵ و بەغداد چەندبارە رەخنەیان لێدەگیرێت لەلایەن رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر دادگاییکردنی بەپەلە و سەپاندنی ماوەی سزای درێژ لەسەر ئەندامانی خێزانی داعشییەکان. پارێزەرانی بەرگری دەڵێن، بەدەگمەن دەستیاندەگات بە بریکاردەرەکانیان پێش دانیشتنی دادگا، هەروەها هەرەشەیان لێدەکرێت لەسەر ئەوەی بەرگریان لێدەکەن. بەپێی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، دادگایکردنە پەیوەستەکان بە تۆمەتەکانی تیرۆریزم، لەنێوان

یەک تا 10 خولەکی خایاندوە، هەروەها دەسەڵاتداران هەندێک جار گرووپی 50 تا 80 کەسیان هێناوە بۆ دادگا بۆ ئەوەی بەیەکەوە حوکم بدرێن. منداڵی گەورەتر لە نۆ ساڵ، دادگایکراون لەسەر هاتنەناوەوەی نایاسایی، سەرەڕای وتەکانیان کە باوانیان ئەوانیان هێناوە بۆ ئەم وڵاتە بەبێ ڕەزامەندی خۆیان.

ئەنجومەنی دادوەری کوردستان لەڕووی یاسایی، دارایی و کارگێرییەوە سەربەخۆیە لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکان، سەرکردە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریان هەبووە لەسەر کەیسە هەستیارەکان لەڕووی سیاسییەوە. هاوکات ڕاپۆرتدراوە کە دامەزراندنی دادوەریی و بڕیارە دادوەرییەکان لەژێر کاریگەری حیزبە سیاسیە بەهێزەکانی هەرێمدان.

## ڕێکارەکانی دادگاییکردن

دەستور و یاسا مافی دادگاییکردنی ڕەوا و کراوەی داوە بە هەموو هاووڵاتیان، بەڵام دەسەڵاتی دادوەری ئەم مافەی بۆ هەموو تۆمەتباران جێبەجێ نەکردوە. هەندێک بەرپرسی حکومەت، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ڕاپۆرتیانداوە کە ڕێکارەکانی دادگاییکردن لە ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکاندا نەبوون.
بەپێی یاسا کەسی تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانەکەی دەسەلمێنرێت. بەڵام هەندێک جار دادوەران لە کەیسەکانی پەیوەست بە داعش، تاوانی تۆمەتباریيان سەلماندوە تەنها لەڕێگەی ئامادەبوونی کەسەکە لە شوێنێکی جوگرافی نزیک لە چالاکییەکانی گروپە تیرۆریستیەکە، یان بەهۆی پەیوەندیی هاوسەری یان خزمایەتی لەگەڵ تۆمەتبارێکی تر، وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەدرێژایی ساڵ لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە. بەپێی یاسا پێویستە ڕاگیراوان بەخێرایی ئاگاداربکرێنەوە لە وردەکارییەکانی تۆمەتی ئاراستەکراو و مافیان بۆ دادگایکردنێکی ڕەوا و کراوە و خێرا. بەڵام، بەشێوەیەکی ڕۆتینی بەرپرسان ڕاگیراوانیان ئاگادارنەکردۆتەوە لە تۆمەتە ئاراستەکراوەکان. دادگاییکردنەکان کراوە بوون، تەنها لە هەندێک کەیسی ئاسایشی نیشتیمانی نەبێت. چەندین تۆمەتبار ڕووبەڕووی دواکەوتنی ناپێویستی دادگاییکردن بوونەتەوە.

ساڵی 2019 حکومەت دادگای تایبەتمەندی تیرۆریزمی پێکهێنا بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی چەکداری تیرۆریزمی بیانی کە لە سوریاوە هێنران. لە نیسانی 2019، دادگاکان دەستیانکرد بە ئامادەکردنی کەیسەکان لەدژی نزیکەی 900 هاووڵاتی تۆمەتبار بە چوونەناو داعش. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ڕایگەیاند کە تا مانگی ئاب، کۆی 794 لەم 900 کەیسە حوکمدراون بە تاوانەکانی تیرۆریزم و سزای مردن دراون. بەپێی یاسا دادگای پێداچوونەوە، پێداچوونەوە دەکات بۆ هەموو حوکمە سزاییەکان، بەڵام بەوتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی عێراق، ئەگەری هەیە دادگا هەموو سزادانەکان بە مردن ڕاستاندن بکات.

مافەکانی داوالەسەرکراوان بەپێی یاسا بریتین لە مافی ئامادەبوون لەکاتی دادگاییکردن و مافی دیاریکردنی پارێزەری تایبەت یان دیاریکراو لەلایەن دادگاوە لەسەر تێچووی گشتی ئەگەر پێویستی کرد. داوالەسەرکراوان زۆرجار کات و ڕێوشوینی گونجاویان نەبووە بۆ ئامادەکردنی پەراوی بەرگری. دەستنەگەیشتنی گونجاوی داوالەسەرکراوان بە پارێزەری بەرگری کەموکوڕییەکی بەرچاو بووە لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، دادگاییکردن و تێهەڵچوونەوە. ئەمە بەتایبەتی ڕاست بووە لە دادگاکانی دژەتیرۆر، کە کارمەندانی دادوەری هەوڵیانداوە بەخێرایی

حوکم و سزای هەزاران گومانلێکراوی داعشی بدەن، هەندێک جار لەڕێگەی دادگاییکردنی بەکۆمەڵ.

هاوکات بەپێی یاسا داوالەسەرکراوان مافیان هەیە وەرگێڕی بێبەرامبەر بەکاربهێنن، ئەگەر پێویستی کرد. شیاوی و کارامەیی وەرگێڕەکان جیاوازی زۆری هەبووە. هەندێک کات شاندە دیپلۆماسیە بیانییەکان خۆیان وەرگێڕیان دابین کردوە، کاتێک هاوڵاتی خۆیان دادگاییکراوە؛ بەڵام هەموو وڵاتەکان نەیانتوانیوە ئەم خزمەتگوزارییە دابین بکەن. کاتێک وەرگێڕ بەردەست نەبووە، دادوەرەکان دانیشتنی دادگایان دواخستوە و داوالەسەرکراوی بیانیان گەڕاندۆتەوە بۆ زیندان.

دادوەران بەڵگەکان کۆدەکەنەوە و بڕیار لە تاوانباری یان بێتاوانی دەدەن. تۆمەتباران و پارێزەرەکانیان، بەپێی یاسا، مافیان هەیە رووبەڕووی شاهیدی دژیان ببنەوە و شاهید و بەڵگەی خۆیان پێشکەش بکەن. نابێت ناچاربکرێن وتە پێشکەش بکەن یان ئیعتیراف بکەن. بەڵام هەمیشە تۆمەتباران و پارێزەرەکانیان مافی دەستگەیشتنیان پێنەدراوە بە بەڵگەکان، یان بەرپرسانی حکومەت داوای بەرتیلیان کردوە بەرامبەر دەستگەیشتن بە فایلەکانی کەیسەکە. لە چەندین کەیسدا، دادوەران پشتیان بەستوە بە ئیعتیرافی بەزۆر یان ناچاریی، وەک بەڵگەی سەرەکیی یان تاکە بەڵگە بۆ سزادان، بەبێ پشتڕاستکردنەوە بە بەڵگەی پزیشکی دادوەری یان وتەی شاهیدی سەربەخۆ.

بەپێی یاسا هەریەک لە داواکاری گشتی، داوالەسەرکراو و سکاڵاکار، مافی تێهەڵچوونەوەیان هەیە لەدژی بڕیاردانی دادگا لە تاوانباری یان بێتاوانی. دادگای تێهەڵچوونەوە پێداچوونەوە دەکات بۆ کەیسەکانی تاوان. لیژنەی تاوانکاری لە دادگای تێهەڵچوونەوە کەیسەکان دەبینێت، کە پێکدێت لە دادوەرێک وەک سەرۆکی دادگا و بەلای کەمەوە چوار دادوەری تری دادگای پێداچوونەوە لە بەغداد. لیژنەی تاوانکاری بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێداچونەوە دەکات بە کەیسەکان کە سزاکەیان بەلای کەمەوە 25 ساڵ، هەتاهەتایی یان مردنە. لیژنەکە دەتوانێت راستاندنی بڕیارەکە بکات یان رەتیبکاتەوە و بینێرێتەوە بۆ دادگای پەیوەندار بۆ دووبارە دادگایکردنەوە یان بۆ لێکۆڵینەوەی دادوەریی زیاتر. بەپێی یاسا پێویستە دادگاییکردن دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەو تۆمەتبارانەی حوکمدراون بەهۆی ئیعتیرافی بەزۆر یان بەناچاری وەرگیراو یان بەهۆی بەڵگەی پێشکەشکراو لەلایەن هەواڵدەری نهێنییەوە. وەزارەتی داد راپۆرتیداوە کە لە ساڵی 2019 دەسەڵاتداران 8800 بەندکراویان ئازادکرد لەپاش دەرکردنی یاساکە لە 2016 تا تشرینی یەکەمی 2019. ژمارە نوێکراوە بۆ کانونی دووەم بەردەست نەبوو.

لە مانگی ئەیلول رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW) راپۆرتیدا کە توێژینەوەیەک لەسەر بڕیارەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە، ئاماژە دەدات بەوەی کە دادوەران لە بەلای کەمەوە لە دوو دەرزەن کەیسدا بانگەشەی بەکارهێنانی ئەشکەنجەیان پشتگوێخستوە، لەهەندێک باردا دادوەران پشتیان بەستوە بە ددانپێدانانی پشتڕاستنەکراو بە بەڵگەی تر. بەپێی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW)، دادوەرانی تێهەڵچوونەوە ئەم کەیسانەیان رەتکردۆتەوە، تەنانەت کاتێک کە بانگەشەی ئەشکەنجەدان پاڵپشت بوون بە بەڵگەی پشکنینی پزیشیکی دادوەریی، هەروەها کاتێک کە ددانپێدانانەکان پاڵپشت نەبوون بە بەڵگەی تر یان بەزەبری هێز وەرگیرابوون.

## زیندانیی و دەستبەسەری سیاسی

حکومەت هیچ بەندکراوێک وەک زیندانیی یان دەستبەسەری سیاسیی نابینێت و بانگەشە دەکات کە ئەوانە یاساکانی تاوانیان پێشێلکردوە. سەخت بوو هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ ئەم بانگەشانە، بەهۆی نەبوونی شەفافیەتی حکومەت، بەربڵاوی گەندەڵی لە رێکارەکانی دەستگیرکردن، هێواشی بەڕێکردنی کەیس، و دەستگەیشتنی زۆر سنووردار بە بەندکراوان، بەتایبەتی ئەوانەی لە زیندانەکانی دژەتیرۆر، هەواڵگری و شوێنە سەربازییەکاندا دەستبەسەرن. نەیارانی سیاسیی حکومەت جەختیان کردەوە لەوەی کە حکومەت خەڵکی زیندانی کردوە، بەهۆی چالاکیی یان بڕوای سیاسیی، لەژێر پەردەی تۆمەتی تاوانەکانی وەک گەندەڵیی تا تیرۆریزم و کوشتن.

راوێژکارێکی یاسایی رێکخراوێکی ناحکومی مافی مرۆڤ تێبینی دیارنەمانی بەلای کەمەوە 75 چالاکوانی مافی مرۆڤ و چالاکوانی سیاسی کردوە، کە لە مەیدانەکانی خۆپیشاندانەکان رفێنراون و دەستبەسەرن لای لایەنی نەناسراو، کە گریمانە دەکرێت ئەو میلیشیایانە بن کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن.

لە مانگی مایس، سەرۆک وەزیران کازمی فەرمانیدا بە دەستبەجێ ئازادکردنی هەموو خۆپیشاندەرە دەستگیرکراوەکان. دوای ئەوە ئەنجومەنی باڵای دادوەری فەرمانی کرد بە دادگاکانی وڵات هەموو خۆپیشاندەران ئازادبکەن. لە مانگی تەموز سەرۆک وەزیران بەدواداچوونی کرد لەڕێگەی سەردانی رانەگەیەنراو بۆ ئەو بەندینخانانەی کە رێکخراوە ناحکومییەکان بانگەشەی هەبوونی خۆپیشاندەری دەستبەسەرکراویان دەکرد. بەپێی رێکخراوە ناحکومییە خۆجێیەکان، بەرپرسانی بەندینخانەکان تووشی سەرسوڕمان بوون بە سەردانەکانی کازمی. بەپێی راپۆرتەکان لەو سەردانانەدا، سەرۆک وەزیران پرسیاری لە بەندکراوان کردوە لەسەر هەبوونی خۆپیشاندەر لەناویاندا.

پاش سەردانەکانی کازمی بۆ بەندینخانەکان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە عێراق ئازادکردنی 2740 خۆپیشاندەری بەندکراوی پشتڕاست کردوە. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە عێراق رێگەیدرا سەردانی ئەو 87 بەندکراوە بکات کە مابوونەوە و تۆمەتباربوون بە کرداری توندوتیژی دیاریکراو لەدژی هێزکانی حکومەت، لەکاتێکدا کە لە بەندینخانە بوون.

<u>لێبوردن</u>: یاسای لێبوردنی گشتی لە ساڵی 2016 دەرکرا و لە ساڵی 2017 هەموارکرا، یاساکە لێبوردنی تێدایە بۆ تاوانەکانی گەندەڵی بەمەرجێک پارەی دزراو بگەڕێنرێتەوە. رێکخراوە ناحکومییەکان و سیاسەتمەداران گازندەی ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتداران یاساکە بەشێوەی بژاردەیی جێبەجێ دەکەن، بەشێوەیەک کە تەبا نییە لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی

یاساکە، کە بریتی بوو لە بەخشینی لێبوردن بەو کەسانەی بەهەڵە یان بەهاندەری تائیفی دادگاییکراون.

## ڕێکارەکان و چارەسەری دادوەری مەدەنیی

تاکەکەسەکان و ڕێکخراوەکان دەتوانن داوای چارەسەر، یان پێداچوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بکەن، لەڕێگەی دادگا ناوخۆییەکان. هاوکات چارەسەری کارگێڕی هەیە، حکومەت بەکارایی چارەسەرە مەدەنی و کارگێڕییەکانی بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ جێبەجێ نەکردوە، بەهۆی خۆتەرخانکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ بواری ئاسایش، هەروەها بەهۆی کەمی کارمەندانی دادوەری.

جیاواز لە یاسای فیدراڵی، یاسای هەرێمی کوردستان مافی قەرەبووکردنەوە دەدات بەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی گرتن و دەستبەسەرکردنی نایاسایی بوونەتەوە، هەروەها ڕزگاربوانی شاڵاوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی پێشووی سەدام حسێنەوە؛ وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم جۆرە کەیسانە بەڕێوەدەبات. وەزارەت 5.127 کەیسی پەسەندکردوە (کە زۆربەیان کۆنن) بۆ وەرگرتنی قەرەبوو کە پێکدێت لە پارچەیەک زەوی، موچەی 10 ساڵ و کرێی خوێندنی کۆلیج بۆ هەر ئەندامێکی خێزان، ئەگەرچی بەهۆی ئاستەنگە داراییەکانەوە، حکومەت هەمیشە نەیتوانیوە ئەم قەرەبووانە بدات. وەزارەت دەڵێت کە 20.364 کەیسی گرتنی نایاسایی (زیندانی سیاسیی) هەیە کە پەسەندکراون، بەڵام چاوەڕوانی بڕیاری کۆتاین بۆ قەرەبووکردنەوە.

ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و لە ناوچەکانی تری وڵات لەبەر هۆکاری سیاسیی دەستگیرکرابوون لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسی سەدام حسین، خانەنشینیەک وەردەگرن وەک قەرەبووکردنەوە لەلایەن حکومەتەوە. لەکاتێکدا کە زیندانیانی سیایی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 500.000 دیناری عێراقی (440 دۆلاری ئەمریکی) لەگەڵ زیادکردنی 50.000 دیناری عێراقی (44 دۆلاری ئەمریکی) بۆ هەر ساڵێک کە زیندانی کراوە وەردەگرن وەک موچەی خانەنشینی، بەڵام کەمترین موچەی دابینکراو لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دەگاتە 1.2 ملیۆن دیناری عێراقی (1050 دۆلاری ئەمریکی).

## گەڕاندنەوەی موڵک

دەستور و یاسا دەستبەسەرداگرتنی موڵک قەدەغە دەکەن، تەنها بۆ سوودی گشتی نەبێت، ئەویش بەرامبەر قەرەبووی دادوەرانە. بەڵام لە ساڵانی ڕابوردودا، هێزەکانی حکومەت و یەکەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، گومانلێکراوان بە ئەندامێتی داعش و کەمایەتییە ئاینیی و ئیتنییەکانیان بەزۆر لە ماڵەکانیان دەکردوە و دەستیانگرتوە بەسەر موڵکەکانیان بەبێ قەرەبووکردنەوە. ئەگەرچی دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک لە ساڵی ڕابوردودا زۆر کەمبوەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەوانەی ماڵەکانیان داگیرکردوە هێشتا ماونەتەوە یان بانگەشەی

خاوەندارێتی موڵکەکە دەکەن. ئەم فاکتەرە، لەگەڵ چەندینی نیگەرانی تر، هۆکار بووە بۆ نزمیی ڕێژەی گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ئەم ناوچانە. کۆمسیۆنی قەرەبووکردنەوە لە موسڵ، پارێزگای نەینەوا، گوتی ئەو خێزانانەی گومانی هەبوونی ئەندامی داعشیان لێدەکرێت، دەکرێت قەرەبووبکرێنەوە ئەگەر ڕێگەپێدانی ئاسایش بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی وەربگرن، بەڵام ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW) ڕاپۆرتیداوە کە نزیکەی هەموو ئەو خێزانانەی ئەندامی گومانلێکراوی داعشیان هەیە داواکاریان بۆ ڕێگەپێدان ڕەتکراوەتەوە.

لە موسڵ، چالاکوانان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەستیانگرتووە بەسەر زیاتر لە 5.000 موڵکی تایبەت و گشتی، لەڕێگەی دەستکاریکردنی تۆماری موڵک و گۆڕینی ناوی خاوەن موڵک لە تۆمارەکەدا، کە زۆربەی ئەم خاوەنە ڕەسەنانە لەکاتی داگیرکردنی داعش هەڵهاتوون. هاوشێوە، پەیوەندییەکانمان لە ڕێکخراوی ناحکومیی، ڕاپۆرتیانداوە کە گروپی میلیشیای هاوپەیمانی ئێران، عەسائیب ئەهل الحەق، لە مانگی تشرینی دووەم دەستیناگرت بەسەر باڵەخانەی هۆڵی شانۆی ئەبونەواس، کە یەکێکە لە کۆنترین هۆڵەکانی شانۆ لە بەغداد و بەکاریدەهێنن بۆ پاڵپشتیکردنی چالاکییەکانیان.

## F. دەستوەردانی هەڕەمەکیی و نایاسایی لە تایبەتمەندی، خێزان، ماڵ یان پەیوەندییەکان

دەستور و یاسا کرداری لەم جۆرە قەدەغە دەکات، بەڵام چەندین ڕاپۆرت هەبوون کە هێزەکانی حکومەت ڕێزیان لەم قەدەغەکردنانە نەگرتووە.

هێزە حکومییەکان زۆرجار چوونەتە ماڵان، بەبێ مۆڵەتی دادوەری یان ڕێگەپێدانی گونجاو.

## G. پێشێلکارییەکان لە ناکۆکی ناوخۆییدا

<u>کوشتن</u>: ڕێکخراوی ناحکومی سەربەخۆ (ژماردنی تەرم لە عێراق - Iraq Body Count) کوژرانی خەڵکی مەدەنی لە وڵات تۆماردەکات، ڕاپۆرتیداوە کە 848 کەسی مەدەنی کوژراون لەمیانەی ساڵدا، بەهۆی پێکدادانی ناوخۆیی، ئەمەش دابەزینە لە 2.392 کوژرانی مەدەنی ڕاپۆرت لەسەردراو لە ساڵی پێشتردا. کۆمیسیارێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە عێراق، ئەم دابەزینەی ژمارەی کوژرانی مەدەنی گێڕایەوە بۆ کەمبوونەوەی چالاکیی خۆپیشاندان لەمیانەی ساڵدا، هەروەها بەهۆی داخران و قەدەغەی هاتووچۆی کۆڤید-19.

سەرەڕای شکستی مەیدانی لە کانونی یەکەمی 2017، داعش هێشتا ئەنجامدەرێکی سەرەکیی پێشێلکاری و تاوان بوو. پاشماوەی چەکدارانی داعش، بەشێوەی شانەی نوستوو و تیمی

پەلاماردەر، پەلاماری نیشانشکێن، بۆسە، رفاندن و کوشتنیان ئەنجامدا لەدژی هێزەکانی ئاسایش و سەرکردە جڤاکییەکان. ئەم پێشێلکارییانە بەتایبەتی بەدیدەکران لە پارێزگاکانی ئەنبار، بەغداد، دیالە، کەرکوک، نەینەوا و سەلاحەدین. فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی پارێزگای سەلاحەدین، سەعد موحەمەد، لە 25 تەموز، بە میدیا ناوخۆییەکانی راگەیاند، گروپی داعش پەلاماری موختاری گوندێکیانداوە بەناوی خزەیر عباس ئەلسامەرائی، خۆی و پێنج ئەندامی خێزانەکەیان کوشتوە.

<u>رفاندن</u>: راپۆرتی بەردەوام هەبوون لەسەر بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ لەلایەن یان بەناوی هێزە حکومییەکان، لەوانە هێزەکانی ئاسایشی عێراق، حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی دەرەوەی حەشدی شەعبی و باندە تاوانکارییەکان.

راپۆرتی یونامی (UNAMI) کە لە مانگی ئاب بڵاوکرایەوە لەسەر بێسەروشوێنکردن لە پارێزگای ئەنبار، داوای لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و کاریگەری کردوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نزیکەی 1.000 پیاو و کوڕی مەدەنی، کە بێسەروشوێنکراون لەمیانەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەدژی داعش لە ئەنبار لەنێوان 2015-2016. راپۆرتەکە جەختی خستۆتە سەر لیستێکی 300 ناو، کە کۆمیسیۆنی باڵا سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە عێراق ئامادەیکردەوە، لەو کەسانەی کە بانگەشەی رفاندنیان دەکرێت لە ساڵی 2016 لە ناوچەکانی ئەلسیجار، ئەلشەقلاویە و ئەلرەزازە. سەرەڕای پێشکەشکردنی لیستی ناوەکان بە بەپرسانی حکومەتی عێراق، تا مانگی ئاب کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە عێراق هیچ زانیارییەکی پێنەگەیشتووە لەسەر ئەم کەسانە و حکومەتی عێراق ناوەکانی نەخستۆتە سەر داتابەیسی حکومەت بۆ کەسانی بێسەروشوێن.

لە 2 ئەیلول، ئۆفیسی رزگارکردنی ئێزیدییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە 2.880 (1.304 مێینە و 1.576 نێرینە) لە کۆی 6.417 ئێزیدی رفێنراو لەلایەن داعشەوە، هێشتا بێسەروشوێنن. راپۆرتەکە ئاماژە دەدات بەوەی کە پەلامارەکانی داعش بۆ سەر جڤاتی ئێزیدیی، بۆنەتە هۆی ئاوارەبوونی 310.000 ئێزیدی، ناچارکردنی زیاتر لە 100.000 ئێزیدی بۆ جێهێشتنی عێراق و 2.745 منداڵ بێ سەرپەرشت ماونەتەوە. راگەیەنراوەکە ئاماژەیداوە بەوەی کە لە شەنگال 83 گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، هاوشان لەگەڵ وێرانبوونی دەیان گۆڕستان و 68 شوێن و مەزراگەی پیرۆز. راپۆرتەکە ئاماژەیداوە بەوەی کە ئامارەکان رووماڵی قوربانییە مرۆییەکان و زیانە ماددییە گەورەکانی نەکردەوە، کە گەیەنراون بە و موڵک و سامانی کشتوکاڵی، نیشتەجێبوون، بازرگانی، ئاژەڵ، ئۆتۆمبیل و موڵکی تر.

جڤاتی کەمایەتییەکانی تریش بوونەتە قوربانی پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرڤ کە هێزەکانی داعش ئەنجامیداون. ئەندام پەرلەمانێکی شەبەک راپۆرتیداوە کە 233 پیاو و ئافرەت و منداڵی شەبەک، لەلایەن داعشەوە رفێنراون و شوێنیان دیارنییە. عەلی حسێنی

بەرەی تورکمانی عێراق، راپۆرتیداوە کە نزیکەی 1.200 تورکمان رفێنراون، کە 446 لەوانە ئافرەت بوون. حسێن مەزەندەی کردوە کە 800 کەس لە 1.200 کەسەکە کوژراون و ئەوانی تر هێشتا بێسەروشوێنن. وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەزەندەی کردوە کە کۆی 303 مەسیحی لەلایەن داعشەوە کوژراون و 150 کەسی تر بێسەروشوێنن. بەپێی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە 45 پێشمەرگە. کە لەکاتی شەڕەکانی داعش بەدیل گیراون، هێشتا بێسەروشوێنن،

<u>پێشێلکاریی جەستەیی، سزا و ئەشکەنجە:</u> راپۆرتەکانی گروپە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن کە هێزە حکومییەکان، لەوانە پۆلیسی فیدراڵی، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق، هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئاسایش پێشێلکارییان ئەنجامداوە بەرامبەر زیندانیی و دەستبەسەرکراوان، بەتایبەتی عەرەبە سوننەکان.

سەنتەری عێراقی بۆ دۆکۆمێنتیکردنی جەنگ (IWDC) لە مانگی تەموزر راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە، کە دەڵێت لە مانگەکانی حوزەیران و تەموز نزیکەی 207 کەسی مەدەنی، کە زۆرینەیان سوننەن و تۆمەتبارن بە پەیوەندیی لەگەڵ داعش، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراق و یەکەکانی حەشدی شەعبییەوە دەستبەسەرکراون، لە ناوچەی پشتێنەی سەلاحەدین، نەینەوا، دیالە و بەغداد، کە بەلای کەمەوە 10 ئافرەت و سێ منداڵیان لەناودا بووە. سەنتەری (IWDC) دەڵێت کە یەکێک لەم دەستبەسەرکراوانە، (ئەحمەد هادی ئەلدلێمی)ی خەڵکی قەزای تارمیەی باکوری بەغدادیە، لە 6 حوزەیران لە زیندانی حەشدی شەعبی مردوە و نیشانەی ئەشکەنجە بە جەستەیەوە دیاربووە.

<u>منداڵی سەرباز:</u> هیچ راپۆرتێک نەبوو کە وەزارەتی بەرگری حکومەتی ناوەند منداڵان دادەمەزرێنێت بۆ خزمەتکردن لەناو هێزەکانی ئاسایش. حکومەت و رابەرانی ئایینی شیعە بەڕوونی قەدەغەیان کردوە منداڵانی خوار 18 ساڵان لە شەڕدا خزمەت بکەن.

لە ساڵانی رابوردودا داعش ناسرابوو بە دامەزراندن و بەکارهێنانی منداڵان لە شەڕ و ئەرکەکانی پاڵپشتیدا. بەهۆی شکستی مەیدانی داعش، زانیاری کەم بەردەستە لەسەر بەکارهێنانی منداڵ لە عێراق لەمیانەی ساڵەکەدا.

لە مانگی تەموز ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەسەر منداڵان لە ناکۆکییە چەکدارییەکان، کە تێیدا سکرتێتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی حکومەتی کرد بۆ گفتوگۆی بەردوامی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ داڕشتنی پلانێکی کار بۆ رێگرتن لە دامەزراندن و بەکارهێنانی منداڵان لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی، هەروەها تێبینی کردوە کە ئێستا کەیسەکانی دامەزراندن و بەکارهێنانی منداڵ لەلایەن ئەم هێزانەوە دۆکۆمێنتکراون لەمیانەی ساڵەکەدا.

هەروەها بڕوانە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوە، ڕاپۆرتی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەم لینکە:

https://www.state.gov/trafficking-in-persons-report/_.

پێشێلکاری تری پەیوەست بە پێکدادان: پێکدادان ژیانی سەدان هەزار کەسی لە سەرانسەری وڵاتدا شێواند، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی بەغداد، ئەنبار و نەینەوا.

هێزە حکومییەکان، لەوانە هێزەکانی ئاسایشی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەربەستیان لەسەر ڕێگەکان دانابوو کە بوونە هۆی ئاستەنگکردنی هاتوچۆی هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە پێویستیان بوو، بەتایبەتی لە ناوچە جیناکۆکەکانی وەک شەنگال، لە پارێزگای نەینەوا. سەرچاوە میدیاییەکان ڤیدیۆی پەلامارێکیان بڵاوکردوە بە بۆمبی ئامادەکراو لەدژی ئۆتۆمبیلێکی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) لە نەینەوا لە ڕێکەوتی 26 ئاب. میلیشیای سەرایا أولیاء الدم بەرپرسیارێتی پەلامارەکەی لەئەستۆگرت. بەپێی ڕاپۆرتەکان، کارمەندێکی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) لە تەقینەوەکەدا بریندار بوو لە قەزای بەرتەلە لەنێوان هەولێر و نەینەوا.

بەپێی ڕاپۆرتەکان داعش بۆنە ئاینییەکان و پەرستگاکان و ژێرخانی مەدەنیی دەکاتە ئامانج، لەوانەیە چەند پەلامارێک لەدژی ژێرخانی کارەبا و ئاو لە کەرکوک و پارێزگاکانی تر. سەرکردایەتی داعش پەلامارەکانیان ناساند وەک "ئۆپەراسیۆنی بەردەوام بۆ لاوازکردن لەڕێگەی داچۆڕین (أستنزاف)ی سوپای عێراق، پۆلیسی عێراق و پێشمەرگە."

لە 22 ئاب، بەپێی ڕاپۆرتەکان، چەکدارانی داعش پەلامارێکی بۆمبی ئامادەیان کردە سەر مەزارێکی پیرۆزی شیعە لەمیانەی ڕێڕۆیشتنی عاشورا لە دوجەیل، کە دەکەوێتە باشوری پارێزگای سەلاحەدین. تەقینەوەکە بووە هۆی دروستبوونی پێکدادان لەنێوان داعش و هێزەکانی حکومەت و لەئەنجامدا 13 کوژراو و سێ بریندار هەبوون لە ریزەکانی پۆلیسی فیدراڵی عێراق و چەکدارانی میلیشیای سەرایا ئەلسەلام، سەرەڕای بریندار بوونی حەوت کەسی مەدەنی.

لە 25 ئاب، شانەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی عێراق، ڕاپۆرتیدا، تیرۆریستانی داعش تەقەیان لە بنکەیەکی پۆلیس کردوە لە ناوچەی داقوق لەسەر ڕێگەی خێرای کەرکوک و چوار کوژراو و چوار بریندار هەبووە.

ساڵی 2017 ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەهاوکاری حکومەت، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاندانی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (UNITAD)ی پێکهێنا، بەئامانجی بەدادگا گەیاندن و لێپرسینەوە لەو کەسانەی تاوانە بەکۆمەڵەکانیان ئەنجامداوە یان بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوانەکان، هەروەها بەئامانجی ڕێگرتن لە پێشێلکاری تری گەورەی مافی مرۆڤ. تیمی لێکۆڵینەوە، کە بەفەرمی لە ساڵی 2018

دەستبەکاربوو، ئەرکدار کراوە بە کۆکردنەوە، پاراستن و هەڵگرتنی بەڵگەکانی ئەو کردارانەی دەچنە چوارچێوەی تاوای جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید و لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون. لە ئاداری 2019 تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNITAD) دەستیکرد بە یەکەم کاری هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ لە گوندی کۆچۆ، قەزای شەنگال لە پارێزگای نەینەوا. پەتای کۆڤید و پرسەکانی ئاسایش، بوونە هۆی دواکەوتنی کارەکانی (UNITAD) لەمیانەی ساڵەکەدا، بەڵام لە تشرینی یەکەم دەستکرا بە هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی تر لە دامەزراوەی سۆلاغ لە نەینەوا، کە ئافرەتە بەساڵاچوەکانی ئێزیدی، کە داعش بە گونجاوی نەدەزانین بۆ فرۆشتن وەک کۆیلەی سێکسیی، لەوێ کوژراون و لەگۆڕنراون. هەروەها لە مانگی تشرینی دووەم (UNITAD) پلانی خۆی راگەیاند بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی گوندی زەگروتیە لە باشوری فڕۆکەخانەی موسڵ، کە دەیان پیاوی سوننەی سەر بە هێزەکانی بەرزەفتکردنی یاسا کوژراون، هەروەها لە بەندینخانەی بادوش لە موسڵ، کە سەدان بەندکراوی شیعە کوژران.

## بڕگەی 2. رێزگرتن لە ئازادییە مەدەنییەکان، لەوانە:

### A. ئازادی دەربڕین و ئازادی رۆژنامەوانی

دەستور مافی ئازادی دەربڕینی، بە ئازادی رۆژنامەوانییەوە، بەخشیوە، بەمەرجێک کە نابێت پێشێلی نیزام و ئادابی گشتی بکات، پاڵپشتی دەربڕێت بۆ حیزبی بەعسی قەدەغەکراو، یان بانگەشە بکات بۆ گۆڕینی سنووری وڵات لەرێگەی توندوتژییەوە. سەرەڕای ئەم حوکمە دەستورییە، چالاکوانی میدیا و چالاکوانی کۆمەڵایەتی رووبەڕووی چەندین جۆری فشار و گێچەڵ بوونەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەمەش ئاستەنگی سەرەکیی بۆ پیادەکردنی ئازادی دەربڕین، بریتی بوو لە خود-سانسۆرکردن بەهۆی ترسی راستەقینە لە تۆڵەسەندنەوە لەلایەن حکومەت، حیزبە سیاسییەکان، هێزە ئیتنی و مەزهەبییەکان، گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان یان باندە تاوانکارەکان. لە ژینگەیەکی میدیایدا، کە دەزگاکانی رۆژنامەگەری لەنزیکەوە وابەستەن بە پارتە سیاسییەکان و هێزە ئیتنییە دیاریکراوەکان، دادوەرییەکی ناڕوون و سیستمێکی دیموکراسی ساوا بەسەریەکەوە سنووورداری و ئاستەنگی زۆر دروست دەکەن بۆ ئازادی دەربڕین و ئازادی رۆژنامەوانی.

ئازادی دەربڕین: تاکەکەسەکان توانیویانە بەئاشکرا یان بەرێگەی تایبەت رەخنە لە حکومەت بگرن، بەڵام ئەمە بەبێ ترسی تۆڵەسەندنەوە نەبووە. پەنادان لە سزا لە کەیسەکانی توندوتیژی دژی رۆژنامەگەری و نەبوونی دادوەریی سەربەخۆی راستەقینە و نەبوونی دامەزراوەیەکی رێکخەری رۆژنامەگەری، هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی کاریگەریی رۆژنامەنووسان.

هێزەکانی حکومەتی ناوەندیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو خۆپیشاندەر و چالاکوانانەیان دەستگیر و زیندانی کردوە کە رەخنەگری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی و حکومەتی هەرێمی کوردستانن، ئەمەش بەپێی وتەی بەرپرسانی حکومەت، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان و راپۆرتەکانی راگەیاندنەکان.

<u>ئازادی رۆژنامەوانی و راگەیاندن، لەگەڵ راگەیاندنی ئەلەکترۆنی</u>: سەرەڕای پاراستنی دەستوریی بۆ ئازادیی دەربڕین، هەندێک کات چاودێری و سانسۆری حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بوونەتە هۆی دەستوەردان لە کارەکانی راگەیاندن، هەندێک جار بوونەتە هۆی داخستنی دەزگای راگەیاندن، سنووردارکردنی رووماڵ، رەتکردنەوەی دەستگەیشتن بە زانیاری گشتی و دەستوەردان لە خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت.

راگەیاندنە لۆکاڵەکان چالاکن و دەربڕی چەندین بۆچوونن، کە بەگشتی بەرجەستەی دیدگای سیاسیی خاوەنەکانیان دەکەن. هاوکات راگەیاندنەکان پەیڕەوی خود-سانسۆرییان کردوە، بەمەبەستی پابەندبوون بە سنووردارییەکانی حکومەت لەدژی "پێشێلکردنی نیزامی گشتی"، هەروەها بەهۆی ترس لە تۆڵەسەندنەوە لەلایەن کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکان، میلیشیاکان، گروپە تیرۆریستیەکان، باندە تاوانکارەکان، بەرپرسانی حکومەت و کەسانی تایبەت. حیزبە سیاسییەکان کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر، یان کۆنترۆڵی تەواوەتی، زۆرینەی ئەو چەند سەد رۆژنامە و هەفتەنامە چاپکراوە دەکەن کە بڵاودەکرێنەوە، لەگەڵ دەیان کەناڵی رادیۆ و تەلەڤزیۆن.

لە هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەولەویەتی دەستگەیشتن دەدەن بە راگەیاندنەکانی خۆیان. لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەلەڤزیۆنی کوردستان، رووداو و کوردستان 24 (K24) دەستیان دەگات بە هەموو شوێن و زانیارییە گشتییەکان، لەکاتێکدا لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی، تەلەڤزیۆنی کوردسات و گەلی کوردستان هەمان ئیمتیازیان پێدراوە. بەپێچەوانەوە ئەو راگەیاندنانەی سەربە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانن یان پەیوەست نین بە هیچ حیزبێکەوە، دەستگەیشتنیان سنووردارە بە زانیارییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

یاسای رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەسەڵاتی نەداوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داخستنی کەناڵی راگەیاندن، بەڵام لە مانگی ئاب، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئۆفیسی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی نالیا (NRT)ی لە هەولێر و دهۆک داخست، بەهۆی رووماڵی کەناڵەکە بۆ خۆپیشاندانەکان. لە 9 ئەیلول، دیندار زێباری، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، داکۆکی کرد لەم داخستنە و گوتی کە (NRT) ماددەی 2ی یاسای ژمارە 12 ساڵی 2010ی پێشێلکردوە، کە پەیوەستە بە قەدەغەکردنی هاندانی پشێووی گشتی یان زیانگەندن بە ئاشتی کۆمەڵایەتی بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

هەندێک کات هێزەکانی حکومەت رێگرییان لە رووماڵی رۆژنامەنووسان کردوە، بە بیانوی هۆکاری ئاسایش. هەندێک رێکخراوی راگەیاندن راپۆرتیانداوە لەسەر دەستگیرکردن و

گێچەڵ بە رۆژنامەنووسەکانیان، هەروەها لەسەر هەوڵەکانی حکومەت بۆ رێگری لێکردنیان لە رووماڵی پرسە سیاسییە هەستیارەکان، لەوانە پرسی ئاسایش، گەندەڵی و شکستی حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گونجاو.

توندوتیژی و گێچەڵ: چەند رۆژنامەنووسێک کوژران لەمیانەی کارکردنیان لەماوەی ساڵەکەدا، بەپێی راپۆرتەکان هەندێک لەمانە لەلایەن میلیشیاکان و هێزەکانی ئاسایشەوە کوژراون. لە 11 شوبات، چەکداری نەناسراو رۆژنامەنووس و سەرپەرشتیاری گشتی کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەلڕەشید (نزار سانون)یان کوشت، لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەی لە گەڕەکی ئەلجامعە لە رۆژئاوای بەغداد.

سەرەڕای ئەوانەی کوژراون، میدیکارانی تر راپۆرتیانداوە لەسەر هەڕەشە، گێچەڵ و پەلاماردان. ئیشتیاق عادل، پەیامنێری تەلەڤزیۆنی سەتەلایەتی سۆمەریە، راپۆرتیداوە کە رزگاری بووە لە پەلامارێک لە 30 کانونی دووەم، پاش ئەوەی چەند کورتەنامەیەکی هەڕەشەی پێگەیشتووە.

رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW) لە مانگی حوزەیران راپۆرتێکی بڵاوکردوە و ئاماژەیداوە بە چەندین پێشێلکاری لەدژی ئازادی رۆژنامەوانی و ئازادی دەربڕین، لەمیانەی خۆپیشاندانە فراوانەکان و بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19. میدیاکاران راپۆرتیانداوە کە سیاسەتمەداران، بەرپرسانی حکومەت، دەزگاکانی ئاسایش، لایەنە خێڵەکییەکان و بازرگانان، فشاریان خستۆتە سەریان بۆ بڵاونەکردنەوەی وتاری رەخنەیی لەسەریان. رۆژنامەوانان راپۆرتیانداوە لەسەر رووداوی توندوتیژی، ترساندن، هەڕەشەی کوشتن و گێچەڵ لەلایەن حکومەت یان حیزبەکان.

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (Amnesty International) بەردەوام راپۆرتی چالاکوانان و رۆژنامەنووسانی پێدەگەیشت، کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە هەڕەشەیان لێکراوە. ئەم هێزانە هۆشداریان پێداون، ئەگەر بەردەوام بن لە قسەکردن لەدژی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە بەرامبەر خۆپیشاندەران کراوە، ئەوا دەخرێنە لیستی رەشی دەزگاکانی هەواڵگرییەوە.

لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق، چەندین راپۆرت هەبوون لەسەر لێدان، دەستبەسەرکردن و هەڕەشەی کوشتن، لەدژی کارمەندانی راگەیاندن. لە هەندێک کەیسدا پەلاماردەران بەرگی سەربازی یان پۆلیسی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پۆشیوە. بەتایبەتی ئەو رۆژنامەنووسانەی کار بۆ (NRT) دەکەن، چەندجارە دەستگیرکراون. لە 14 ئاب، لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسان (CPJ) راپۆرتیدا کە هێزەکانی ئاسایش لە هەولێر بۆ ماوەیەک تیمی (NRT)یان دەستگیرکرد کە رووماڵی خۆپیشاندانەکانی شارەکەیان دەکرد و دەستگیرا بەسەر کەلوپەلەکانیان. رێبوار کاکەیی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری (NRT)، بە (CPJ) راگەیاند کە دەسەڵاتداران بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر رۆژنامەنووسەکانیان لە بنکەی پۆلیسی ئازادی دەستبەسەرکردوە بەبێ فەرمانی دەستگیرکردن، هەروەها کامێرا، ئامێرەکانی پەخشی راستەوخۆ، باج و مۆبایلی ئەندامانی تیمەکە دەستیان بەسەردا گیرا.

هەندێک دادگای هەرێمی کوردستان بڕگە سەختەکانی یاسای سزادانی عێراقی بەکاردەهێنن لەو کەیسانەدا کە رۆژنامەنووسان لایەنن تێیدا، لەجیاتی بەکارهێنانی یاسای رۆژنامەوانی

هەرێمی کوردستان عێراق، کە پاراستنی زیاتری دابین کردوە بۆ ئازادی دەربڕین، هەروەها دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسی قەدەغە کردوە. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سکاڵای زیاتر تۆماردەکەن لەدژی ئەو رۆژنامەنووسانەی رەخنەگرن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەکارهێنانی یاساکانی وەک یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان، لەجیاتی یاسای رۆژنامەوانی هەرێمی کوردستانی عێراق. لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵەکەدا، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرمانگە جیاوازەکان هەشت کەیسی سەربەخۆیان جوڵاندوە لەدژی رۆژنامەنووسی سەربەخۆ هێمن مامەند، پاش ئەوەی لە فەیسبوک بابەتی رەخنەیی بڵاوکردەوە لەسەر کاردانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆڤید-19. مامەند دوو جار، لە مانگەکانی ئادار و نیسان، دەستگیرکرا و 34 رۆژ بە راگیراوی مایەوە لەسەر تۆمەتە ئاراستەکراوەکان بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان.

رووماڵکردن لە ناوچە ئازادکراوەکان لە داعش هێشتا سەخت و مەترسیدار بوو. رۆژنامەنووسان، کە رووماڵی پێکدادانە چەکدارییەکانیان دەکرد لەنێوان هێزەکانی حکومەت، میلیشیاکان و پاشماوەکانی داعش، رووبەڕووی هەڕەشەی راستەقینە بوونەتەوە. بەرپرسانی سەربازی بە ئاماژەدان بە رەچاوکردنی سەلامەتی، هەندێک کات رێگرییانکردوە لە دەستگەیشتنی رۆژنامەنووسان بە ناوچەکانی شەڕی چالاک.

<u>سانسۆر یان سنووردارکردنی ناوەرۆک</u>: یاسا بەرهەمهێنان، هاوردەکردن، بڵاوکردنەوە یان هەڵگرتنی بابەتی نووسراو، کێشراو، فۆتۆگراف یان فیلم قەدەغە دەکات کە پێشێلی ئادابی گشتی بکات. سزاکان بۆ حوکمدان بریتین لە غەرامە و زیندانیکردن. ترس لە تۆڵەسەندنەوەی توندوتیژ، بەهۆی بڵاوکردنەوەی راستییەکان یان بۆچوونی رەخنەیی لە لایەنە سیاسییەکان، بۆتە بەشێک لە دەربڕینی ئازاد. پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری هەموو ئەو کتێبانە پەسەند بکات کە بڵاودەکرێنەوە یان هاوردە دەکرێنە ناو وڵات، ئەمەش نووسەران دەخاتە ژێر سانسۆرەوە.
کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەوانی لە عێراق (PFAA) لە مانگی تەموز راپۆرتێکی بڵاوکردەوە، باسی وردەکاری ئاستەنگە سەپێنراوەکان دەکات لەلایەن کۆمسیۆنی گەیاندن و راگەیاندن لەسە دەزگاکانی راگەیاندن لە ماوەی 10 ساڵی رابوردو، کە بریتی بوو لە 128 داخستنی دەزگای راگەیاندن، راگرتنی مۆڵەتی کارکردن، سزای دارایی و ناچارکردن بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاری هەندێک کارمەندی دیاریکراو. لە تشرینی یەکەمی 2019ەوە کۆمسیۆنی گەیاندن و راگەیاندن فەرمانی داخستنی 19 میدیای خۆجێی و عەرەبی دەرکردوە، کە زۆربەیان بەشداریان کردوە لە رووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی تشرینی یەکەمی 2019.

رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW) لە مانگی نیسان راپۆرتیدا کە کۆمسیۆنی گەیاندن و راگەیاندن، بۆ ماوەی سێ مانگ مۆڵەتی (رۆیتەرز)ی راگرتوە و سزای دارایی داوە بەهۆی بڵاکردنەوەی وتارێک لە 2 نیسان، کە بانگەشەی ئەوەی کردبوو ژمارەی کەیسەکانی کۆڤید-19 لە وڵات زۆر زیاترن لە ئامارە فەرمییەکان. دەسەڵاتداران لە 19 نیسان راگرتنی مۆڵەتەکەیان لابرد لە ئەنجامی فشاری نێودەوڵەتی.

<u>یاساکانی ناوزڕاندن</u>: بەرپرسانی میلیشیاکان و حکومەت لە کەیسەکانی ناوزڕاندن فەرمانی دەستگیرکردنیان بەکارهێناوە، بۆ ترساندن، بێدەنگ کردن و لەهەندێک دۆخدا بۆ "ناچارکردن"ی چالاکوانان و رۆژنامەنووسان بە ئاشکراکردنی شوێنی خۆیان. میلیشیایەکی

پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە، حەرەکەت ئەلنوجەبا، پەیامنێری دەزگای چاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Eye) (خاتوو سواداد ئەلسالحی) کردە ئامانج، لەڕێگەی سکاڵای ناوزڕاندن بەهۆی راپۆرتدانی لەسەر چالاکییەکانیان، لەئەنجامدا لە 22 تشرینی یەکەم، دادگای لێکۆڵینەوەی کەڕادە لە بەغداد، فەرمانی دەستگیکردنی بۆ دەرکرد. لە 5 تشرینی دووەم، دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی نەینەوا فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد بۆ چوار چالاکوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (بلۆگەر) بەهۆی رەخنەگرتنیان لە کاردانەوەی پارێزگاکە بۆ کۆڤید-19. یەکێک لە چالاکوانەکان راپۆرتیداوە کە بەڕێوەبەری تەندروستی نەینەوا راستەوخۆ هەڕەشەی لێکردوە. لە بەرەوپێشچوونی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە 22 ئەیلول، لە سلێمانی پۆلیس رۆژنامەنووس بەهرۆز جەعفەری دەستگیرکرد، لەئەنجامی سکاڵایەکی تۆمارکراو لەلایەن سەرۆک بەرهەم ساڵح بە تۆمەتی ناوزڕاندن.

<u>کاریگەری ئەکتەرە ناحکومییەکان</u>: ئەکتەرە ناحکومییەکان و نمیچە حکومییەکان، لەناویاندا گروپە میلیشیاییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، گروپە تیرۆریستەکان و باندەکانی تاوان، هەڕەشەی توندوتیژی لە رۆژنامەنووسان دەکەن لەسەر رۆماڵکردنی بابەتە هەستیارەکان. لە 17 تەموز، دەیان رۆژنامەنووس نیگەرانی خۆیان دەربڕی بەرامبەر زیادبوونی توندوتیژی لەدژیان لەلایەن میلیشیا دەرچوو لەیاساکان، بەتایبەتی پاش کوشتنی هیشام ئەلهاشمی.
کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەوانی لە عێراق (PFAA) لە مانگی تەموز دۆکۆمینتی هەڕەشەی دیاریکراوی کردوە لەلایەن میلیشیا نەناسراوەکان لەدژی بەلای کەمەوە 30 رۆژنامەنووس لەماوەی ساڵەکەدا. هاوکات (PFAA) گوتی کە بۆتە پیادەکردنێکی باو رۆژنامەنووسانی دژەمیلیشیا تۆمەتبار بکرێن بە سیخوڕی بۆ حکومەتە بیانییەکان و هاندانی توندوتیژی لەدژیان.

## ئازادی ئەنتەرنێت

حکومەت دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێتی سنووردار کردوە یان پچڕاندوە و سانسۆری خستۆتە سەر بابەتەکانی سەر ئەنتەرنێت، هەروەها راپۆرت هەبوون لەسەر ئەوەی حکومەت چاودێری پەیوەندییە تایبەتەکانی سەر ئەنتەرنێت دەکات، بەبێ دەسەڵاتی یاسایی گونجاو.
سنوورداریەکانی حکومەت لەسەر دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێت بە نهێنی ئەنجام دەدران، بەڵام حکومەت نکوڵی دەکات لە چاودێریکردنی پەیوەندییە تایبەتەکان بەبێ دەسەڵاتی یاسایی گونجاو. سەرباری سنوورداریەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان و چالاکوانان ئەنتەرنێتیان بەکارهێنا بۆ رەخنەگرتن لە سیاسییەکان، بۆ رێکخستنی خۆپیشاندانەکان، هەروەها بانگەشە بۆ کاندیدەکان لەڕێگەی کەناڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

حکومەت ددانیناوە بەوەدا کە دەستوەردانی کردوە لە دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێت لە هەندێک لە ناوچەکانی وڵات بەهۆی خراپبوونی دۆخی ئاسایش و خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن داعشەوە. ئەگەرچی دەستگەیشتن بە وای فای و (3G) بەگشتی چاککرایەوە، بەڵام هێڵەکان هێشتا لاوازن و ئەمەش بەستنەوە و بڵاوکردنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی سەخت کردوە. خێرایی هێواش یان "کەمکردنەوەی توانا"ی دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێت، بوونەتە هۆی سنووردارکردنی توانای بەکارهێنەران بۆ دانانی بابەتی ڤیدیۆیی و وێنەیی.

## ئازادی ئەکادیمی و بۆنە رۆشنبیرییەکان

بەربەستی حکومی هەبوو لەسەر ئازادی ئەکادیمی و بۆنە کولتورییەکان. فشارە کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسییەکان، پیادەکردنی ئازادیی بژاردەیان زۆر سنووردار کردوە لە پرسە ئەکادیمی و رۆشنبیرییەکاندا. لە هەموو ناوچەکان چەندین گروپ هەوڵیانداوە کۆنترۆڵی دەستگەیشتن بە خوێندنی فەرمی و پۆستە ئەکادیمییەکان بکەن. ئازادی ئەکادیمی هێشتا سنووردارە لەو ناوچانەی شەڕی چالاک هەیە لەگەڵ داعش.

رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، راپۆریانداوە کە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ، راگر و پلە ئەکادیمییە بەرزەکانی تر، ئاسانترە بۆ ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ حیزبە حوکمڕانە نەریتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. هاوکات لەکاتی هەوڵدان بۆ هێنانی بڕوانامەی باڵا، ئیمتیاز دراوە بەوانەی کە وابەستەن بە حیزبە سیاسییەکانەوە.

## B.ئازادی گردبوونەوەی ئاشتیانە و پێکهێنانی رێکخراو

دەستور ئازادی دابین کردوە بۆ گردبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتیانە کە "بە یاسا رێکخراوە". هەندێک کات حکومەت ئازادییەکانی گردبوونەوەی ئاشتیانە و پێکهێنانی رێکخراوی سنووردار کردوە.

### ئازادی گردبوونەوەی ئاشتیانە

رێنماییەکان مەرجیان داناوە بۆ رێکخەرانی نارەزایی، حەوت رۆژ پێش خۆپیشاندان، داوای مۆڵەت بکەن و زانیاری ورد پێشکەش بکەن لەسەر داواکاران، هۆکاری نارەزایی و بەشداران. رێنماییەکان هەموو جۆرە "دروشم، ئاماژە و بابەتێکی چاپکراو و وێنە و نیگار" قەدەغە دەکات کە "تایەفەگەری، رەگەزپەرستی یان جیاکاری" تێدا بێت لەدژی هاوڵاتیان. هاوکات رێنماییەکان هەر شتێک قەدەغە دەکات کە دژی دەستور یان یاسا بێت، هاندەر بێت بۆ توندوتیژی، کینە یان کوشتن، یان سوکایەتی بێت بە ئیسلام، "ئەخلاق، ئاداب، ئایین، گروپە پیرۆزەکان، یان پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی." دەسەڵاتەکان بەگشتی بەپێی رێنماییەکان مۆڵەت دەدەن. پاش فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان، کە لە تشرینی یەکەم 2019 دەستیپێکرد، دەسەڵاتداران نەیانتوانی خۆپیشاندەران لە توندوتیژی بپارێزن (بڕوانە بڕگەی 1.e.)

لە مانگی شوبات، میلیشیای چەکدار پەلاماری گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکانیدا لە نەجەف و کەربەلا، بە بەکارهێنانی گولەی زیندوو، تێلا و چەقۆ لەدژی خۆپیشاندەری ئاشتیانە و سوتاندنی چادرگەکانیان. هێزەکانی ئاسایش سەیری پەلامارەکانیان دەکرد، بەبێ ئەوەی دەستوەردان بکەن بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران یان بۆ راگرتنی میلیشیاکان. لە مانگی مایس، هێزەکانی ئاسایش لە پارێزگای دیوانیە، تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، کە گردبووبوونەوە بۆ داواکردنی ئازادکردنی چوار چالاکوان، کە هەمان رۆژ دەستگیرکرابوون.

لە تشرینی یەکەمی 2019 تا مانگی ئاب، سەنتەری ئەلنەماء بۆ مافی مرۆڤ، 39 کوشتنی بەئامانجکراوی خۆپیشاندەران، 31 هەوڵی کوشتن، 20 کەیسی گێچەڵ و ترساندن، حەوت بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، 36 رفاندن و 35 دەستگیرکردنی نایاسایی لە سەرانسەری وڵات دۆکۆمێنت کردوە. زۆربەی ئەم پەلامارانە لەلایەن چەکداری نەناسراوەوە ئەنجامدراون،

کە بە بڕوای چاودێران پەیوەندییان هەیە بە میلیشیا پاڵپشتیکراوەکان لەلایەن ئێران یان میلیشیا پاڵپشتیکراوەکان لەلایەن سەدریەکانەوە.

### ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو

دەستور مافی داوە بۆ پێکهێنان و پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکان و حیزبە سیاسییەکان، لەگەڵ چەند بەدەرکارییەک (استثناء). حکومەت بەگشتی ڕێزی لەم مافە گرتوە، جگە لە قەدەغە یاساییەکان لەدژی ئەو گروپانەی کە پاڵپشتی حیزبی بەعس یان "پرنسیپەکانی زایۆنیزم" دەکەن.

حکومەت ڕاپۆرتیداوە کە تۆمارکردنی ڕێکخراوی ناحکومی بەلای زۆرەوە یەک مانگی پێدەچێت. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆماربکرێن و ساڵانە تۆمارکردنەوە ئەنجام بدەن لە بەغداد. فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕاپۆرتیداوە کە تا مانگی ئەیلول 4.600 ڕێکخراوی ناحکومی تۆمارکراون، لەناویاندا 168 لقی ڕێکخراوی بیانی. هاوکات 900 ڕێکخراو کە بایەخ بە پرسەکانی ئافرەتان دەدەن یان ئافرەتان سەرۆکی ڕێکخراوەکان تا مانگی ئەیلول تۆمارکراون. هاوکات فەرمانگە سزای 700 ڕێکخراوی ناحکومی داوە بەهۆی ئەنجامدانی پێشێلکاری، وەک بانگەشە بۆ حیزبە سیاسییەکان یان ئەنجامدانی کاری گوماناوی و پێچەوانە لەگەڵ یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

ڕێکخراوە ناحکومییە تۆمارکراوەکان لە بەغداد دەتوانن لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاربکەن، ئەو ڕێکخراو ناحکومییانەی تەنها لە هەرێمی کوردستانی عێراق تۆمارکراون، ناتوانن لە ناوچەکانی تری وڵات کاربکەن. لەئەنجامدا هەندێک ڕێکخراوی تۆمارکراو تەنها لە هەرێمی کوردستانی عێراق نەیانتوانیوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکەن.

### C.ئازادیی ئایین

بڕوانە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە (*ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی*) لەم لینکە:

https://www.state.gov/religiousfreedomreport/.

### D.ئازادیی جوڵە (هاتوچۆ)

دەستور و یاسا ددان دەنێن بە مافی هاوڵاتیان بۆ ئازادیی هاتوچۆی ناوخۆیی، گەشتی دەرەوە، کۆچکردن و گەڕانەوە، بەڵام حکومەت بەشێوەیەکی تەبا ڕێزی لەم مافانە نەگرتوە. یاسا و نەریت بەگشتی پاڵپشتی ئازادی هاتوچۆی ئافرەت ناکەن. بۆ نموونە، یاسا ڕێگە لە داواکاری ئافرەت بۆ بەدەستهێنانی پاسپۆرت بەبێ ڕەزامەندی وەلی ئەمری نێرینە یان نوێنەری یاسایی. ئافرەتان بەبێ ڕەزامەندی پیاوێکی نزیک، نەیانتوانیوە بەڵگەنامەی ناسنامەی باری شارستانی

دەربهێنن، کە پێویستە بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کۆمەکی خۆراک، چاودێری تەندروستی، کار، پەروەردە و نیشتەجێبوون.

لەهەندێک دۆخدا دەسەڵاتداران جوڵەی ئاوارەکانیان سنووردار کردوە، هەروەها دەسەڵاتداران رێگەیان نەداوە بە دانیشتوانی کەمپەکان بەبێ مۆڵەتی دیاریکراو برۆن، لێرەوە دەستگەیشتنیان سنووردارکراوە بە سەرچاوەی گوزەران، پەروەردە و خزمەتگوزارییەکان. چەندین ناوچەی وڵات کە لە داعش ئازادکراون، کێشەی رێگرتن لە جووڵە و سنووردارکردنی هاتوچۆیان هەیە، بەهۆی خاڵەکانی پشکنینی یەکەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی تری حکومەت. لە دۆخی تردا، دەسەڵاتە خۆجێییەکان هەمیشە رێز لە مۆڵەتی ئاسایش ناگرن کە دراون بە ئاوارە گەڕاوەکان، یان پابەند نابن بە فەرمانەکانی حکومەتی ناوەندیی بۆ رێخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی خۆبەخشانە، نەک زۆرەملێ

سەرەڕای باشبوونی دۆخی ئاسایش لە هەندێک ناوچە، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە گەڕاوەکان دەناڵێنن بەدەست وێرانبوونی خانوەکانیان، نەبوونی خزمەتگوزاری و سەرچاوەی بژێوی و نیگەرانی بەردەوامی ئاسایش بەهۆی باڵادەستی گروپەکانی حەشدی شەعبی، یان لە شەنگال ملیشیاکانی سەر بە پەکەکە. لە هەندێک دۆخدا، ئەمە بۆتە هۆی دووبارە ئاوارەبوونەوە یان گەڕانەوە بۆ کەمپەکانی ئاوارەکان.

نیگەرانییەکانی ئاسایش، تەقەمەنی بەجێماو، وێرابوونی ژێرخان، قەدەغەی کۆڤید-19، قەدەغەی هاتوچۆ و بەربەستی فەرمی و نافەرمی، هەندێک کات هۆکاربوون بۆ سنوورداری گەیشتنی فریاگوزاری مرۆیی بە کۆمەڵگەی ئاوارە ناوخۆییەکان. ناسەقامگیری بەهۆی هەبوونی داعش، پەکەکە و گروپەکانی حەشدی شەعبی، ئاستەنگی دروستکرد بۆ جووڵەی کارمەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی رێکخراوە مرۆییەکان، ئەمەش تواناکانی سنووردارکردن بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی هەندێک لە پرۆگرامەکان لە بەشێکی ساڵەکەدا.

یونامی راپۆرتیداوە کە لە سەرەتای 2019ەوە زیاتر لە 2.460 شاندی مرۆیی هەڵوەشێنراونەتەوە یان رێگرییان لێکراوە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست. نزیەی 2.4 ملیۆن کەس کە پێداویستیان هەبووە کاریگەربوون بەم رێگرییە سەپێنراوانە لەسەر جوڵەی شاندە مرۆییەکان. بەپێی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA)، تەنها لە ئەیلول زیاتر لە 278.700 کەس کە پێداویستیان هەیە کاریگەربوون بەم رێگریانە.

رێکخراوە مرۆییەکان و رێکخراوەکانی تر راپۆرتیاداوە کە دەستگەیشتنی مەیدانی باشتربووە لە سەرەتای ئەیلولەوە، پاش ئەوەی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان دەستکرد بە بەڕێکردنی داواکارییەکان بۆ نووسراوی رێگەپێدان بۆ دەستگەیشتن. بەپێی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA)، لە مانگی تشرینی یەکەم ژمارەی ئەو کەسانەی پێداویستیان هەیە و کاریگەربوون بە رێگرییەکان، دابەزی بۆ 37.000 کەس. رێکخراوە مرۆییەکان ئاماژەیانداوە بە جووڵەی ئاسانتر لە پارێزگاکانی ناوەڕاست: بەغداد، ئەنبار و دیالە. بەڵام ئاستەنگەکانی جووڵە هەر بەردەوام بوو لە هەندێک ناوچەی رۆژئاوای نەینەوا و پارێزگاکانی کەرکوک و سەلاحەدین.

لە مانگی تەموز، رێکخراوە مرۆییەکان راپۆرتیانداوە لەسەر 77 رووداوی رێگریکردن لە دەستگەیشتن لە 22 قەزا، کە زۆرترینیان لە پارێزگای نەینەوا بوون. لە هەموو پارێزگاکان،

نزیکەی 95 لەسەتی رووداوە راپۆرت لەسەردراوەکان بریتی بوون لە رێگریی کارگێریی لە چالاکییەکان و جوولەی مرۆیی. مەزەندە کراوە کە 231.000 کەس کە پێداویستیان هەیە کاریگەربوون بە رووداوەکانی رێگری لە دەستگەیشتن، لە نەینەوا (71 لەسەت) کەرکوک (27 لەسەت)، ئەنبار (1 لەسەت) و بەغداد (1 لەسەت). زۆربەی رووداوەکان کە رێکخراوە مرۆییەکان راپۆرتیان لەسەرداوە، ئاماژەبوون بۆ ئاستەنگی پەیوەست بە نەبوونی نووسراوی رێگەپێدان لەسەر ئاستی نیشتیمانی.

<u>جوڵەی ناو وڵات</u>: یاسا رێگەدەدات بە هێزەکانی ئاسایش جوڵەی ناو وڵات سنووردار بکەن، هەروەها رێوشوێنی تری ئاسایشی و سەربازی پەیڕەو بکەن وەک کاردانەوە بەرامبەر هەڕەشەی ئاسایش و پەلامارەکان. چەندین راپۆرت هەبوون لەسەر هێزەکانی ئاسایش، لەناویاندا هێزەکانی ئاسایشی عێراق، پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، بەشێوەیەکی بژاردەیی رێنماییەکانیان جێبەجێکردوە، لەوانە بە پاڵنەری ئیتنی و مەزهەبی، هەروەها بۆ مەبەستی پارە بەزۆرسەندن (أبتزاز)، کە داوای مۆڵەتی نیشتەجێبون دەکات بۆ سنووردارکردنی هاتنی خەڵک بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیان.

چەند رێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی راپۆرتیانداوە کە یەکەکانی حەشدی شەعبی و پێشمەرگە رێگریان کردوە لە کەسانی مەدەنیی، لەوانە عەرەبی سوننە و کەمایەتییە ئیتنی و ئاینییەکان، بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان پاش ئەوەی هێزەکانی حکومەت سەرکەوتن بەسەر داعشدا (بڕوانە بڕگەی 6). ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR)، راپۆرتیداوە کە گروپە چەکدارە خۆجێیەکان رێگرییان کردوە لە گەڕانەوە بۆ هەندێک ناوچەی دیاریکراوی بێجی لە پارێزگای سەلاحەدین. هاوشێوە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی مەسیحییەکان، راپۆرتیانداوە لەسەر ئەوەی هەندێک گروپی دیاریکراوی حەشدی شەعبی، لەوانە لیوای 30 و لیوای 50، رێگرییان کردوە لە گەڕانەوەی ئاوارە مەسیحییەکان و گێچەڵیان کردوە بە ئاوارە مەسیحییە گەڕاوەکان لە چەند شارۆچکەیەک لە دەشتی نەینەوا، لەوانە بەرتەلە و قەرەقوش. ئەندامانی لیوای 30 هاوکات رێگرییان کردوە لە جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆک وەزیران بۆ لابردنی خاڵەکانی پشکنین و بەردەوامبوون لە رێگرییەکانیان کە بۆتە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی زۆرەملێ لە ناوچەکانی مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان جوڵەی سنووردار کردوە لەسەرانسەری ئەو ناوچانەی بەڕێوەیان دەبات بۆ ئەو کەسانەی دانیشتووی هەرێم نین. دەسەڵاتداران داوا لەوانە دەکات کە دانیشتوی هەرێم نین مۆڵەتی نیشتەجێبوون لە ئاسایش وەربگرن. ئەم مۆڵەتانە بەگشتی دەتوانرێت نوێ بکرێنەوە. هاوڵاتیانی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان، لەناویندا کورد، لەکاتی هاتنەناوەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، دەبێت بە خاڵەکانی پشکنینی کەسەکیی و ئۆتۆمبیلدا تێپەڕبن. حکومەت رێگریی هاوشێوەی سەپاندوە بەسەر ئاوارەکانی پارێزگای نەینەوا و ناوچە جێناکۆکەکان.

دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستەنگی توندتریان پەیڕەو کردوە لە هەندێک شوێن زیاتر لە شوێنی تر. نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە مرۆییەکان دەڵێن کە رێگرییەکان لەسەر هاتنەناوەوە و هەوڵی ئاوارە و پەنابەران بۆ گەڕانەوە پەیوەست بووە بە پێشینەی ئیتنی و مەزهەبی کەسانی ئاوارە و ئەو ناوچانەی مەبەستیان بووە بۆی بگەڕێنەوە. هاوکات راپۆرت هەبوون لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتەکان هەندێک کات خاڵەکانی پشکنینی هاتنەناو هەرێمیان بۆ ماوەی درێژ داخستوە، ئەمەش ئاوارەکانی لە خێزانەکانیان و لە زەوییە

کشتوکاڵییەکانیانی ژێر کۆنترۆڵی لایەکەی تر جیاکردۆتەوە. داخستنی خاڵەکانی پشکنین ئاوارەکانی ناچارکردوە چاوەڕوان بکەن، هەندێک جار بۆتە هۆی دووبارە ئاوارەبوونەوە. لە دۆخی تردا داخستنی خاڵەکانی پشکنین ئاوارەکانی ناچارکردوە ڕێگەی مەترسیداری تر بگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ناوچەکانی خۆیان. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێگەیان لەو کەسانە گرتوە کە بە مەترسی ئاسایشیان زانیون لە هاتنەناو هەرێمی کوردستانی عێراق. بەگشتی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەیان بە هاتنی ئاوارەی کەمایەتییەکان داوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەگەرچی پشکنینی ئاسایش هەندێک کات درێژخایەن بووە. بەپێی ڕاپۆرتەکان زۆربەی کات هاتنەناوە بۆ پیاوان سەختتر بوو، بەتایبەتی پیاوانی عەرەب کە بەبێ خێزان گەشت دەکەن.

<u>گەشتی دەرەوە</u>: حکومەت داوای مۆڵەتی دەرچوون دەکات لەو هاوڵاتیانەی کە وڵات بەجێدەهێڵن، بەڵام ئەم مەرجە بەردەوام پەیڕەو ناکرێت.

## E. دۆخ و مامەڵەی ئاوارە ناوخۆییەکان

بەپێی نەخشەی دیاریکردنی ئاوارەیی ڕێکخراوی (IOM) ( IOM Displacement Tracking Matrix)، نزیکەی 1.3 ملیۆن کەس هێشتا ئاوارەی ناوخۆیین؛ زیاتر لە 250.000 کەس لە کەمپەکان نیشتەجێن و 44.000 کەس لە نشینگە نافەرمییەکان نیشتەجێن، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و نەینەوا. بەپێی (IOM) زیاتر لە 100.000 ئاوارەی ناوخۆیی لە پەناگەی خراپدا دەژین، لەوانە بینای مەترسیدار و تەواونەکراو، شوێنە ئاینییەکان و قوتابخانەکان. لە سەرانسەری وڵات، نزیکەی پێنج ملیۆن کەس گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان پاش ڕزگارکردنیان لە داعش.

دەستور و سیاسەتی نیشتیمانی لەسەر ئاوارەبوون باس لە مافەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دەکات، بەڵام تەنها چەند یاسایەک بەدیاریکراوی ئەمە دەکات. حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەناویاندا ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە خۆجێی و نێودەوڵەتییەکان، پاراستن و کۆمەکی تر بۆ ئاوارەکان دابین دەکەن. ڕێکخراوە مرۆییەکان هاوکاری دابین دەکەن بۆ ئاوارەکان لە کەمپە فەرمییەکان و خزمەتگوزاری کۆمەڵگەیی پێشکەش دەکەن بە ئاوارەکان لە دەرەوەی کەمپەکان، بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر سەرچاوەکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ.

لە هەندێک ناوچە، توندوتیژی و نائارامیی، لەگەڵ گرژییە درێژخایەنە سیاسیی، خێڵەکیی، ئیتنیکی و مەزهەبییەکان، ڕێگربوون لە بەرەوپێشچوونی ئاشتەوایی نیشتیمانی و چاکسازی سیاسی، ئەمەش ژینگەی پاراستنی ئاوارەکانی ئاڵۆزتر کردوە. هەزاران خێزان ئەزموونی دووبارە ئاوارەبوونیان کردوە، بەهۆی کێشەی ئابوری و ئاسایش. ئاوارەکردنی بەزۆر، بارگرانیە لەسەر توانای دەسەڵاتە خۆجێیەکان لەو ناوچانەی ڕێژەی ئاوارەکان زۆرن. ئەو خێزانانەی دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان ڕووبەڕووی کێشەی نەبوونی شوێن نیشتەجێبوون، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان و دەرفەتەکانی گوزەران دەبنەوە. خێزانە ئاوارەکان، بەتایبەتی ئەوانەی گومانی پەیوەندییان لەگەڵ داعش لێدەکرێت، زۆرجار نەیانتوانیوە بەڵگەنامەی گرنگی باری کەسیی وەربگرن، کە بەبێ ئەو بەڵگەنامەیە نەیانتوانیوە کاربکەن، بچن بۆ قوتابجانە یان ئازادانە هاوتوچۆ بکەن.

هاوکاری حکومەت چڕبۆتەوە لە کۆمەکی دارایی، بەڵام پارەدانەکان پچڕ پچڕ بوون و ژمارەیەکی زۆر داواکاری ئاوارەکان کەڵەکەبوون. بەهۆی جوڵەی زۆری ئاوارەکان لە سەرانسەری وڵات، حکومەت خۆراک، ئاو و کۆمەکی دارایی دابین کرد بۆ چەندین ئاوارە، بەڵام هەموو ئاوارەکان نا، لەناویاندا ئەوانەی هەرێمی کوردستانی عێراق. زۆر ئاوارە لە شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی نیشتەجێبوون کە ئاو، خاوێنی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی تریان نەبوو.

هەموو هاوڵاتیان مافی وەرگرتنی خۆراکیان هەیە بەپێی سیستمی دابەشکردنی گشتی؛ بەڵام، دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی و ناڕێک دابەشکردنی خۆراک ئەنجام دەدەن، لەگەڵ دەستگەیشتنی سنووردار لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراون. دەسەڵاتەکان هەموو مانگێک هەموو بڕگە خۆراکییەکانیان دابەش نەکردوە، هەروەها هەموو ئاوارەکان دەستیان نەگەیشتوە بە دابەشکردنی خۆراک لەهەر پارێزگایەک. نزمی نرخی نەوت بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتەکانی حکومەت و کەمبوونەوەی زیاتری پارەی تەرخانکراو بۆ سیستمی دابەشکردنی خۆراک. بەپێی راپۆرتەکان، هەندێک ئاوارە مافی دەستگەیشتنیان بە بەشە خۆراک و خزمەتگواری تر لەدەستداوە، چونکە هاوڵاتیان تەنها دەتوانن لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بەشە خۆراک وەربگرن لەو پارێزگایەی لێی تۆمارکراون.

دەسەڵاتە خۆجێیەکان هەندێک کات بڕیاریانداوە لەسەر دەستگەیشتنی ئاوارەکان بە خزمەتگوزارییە خۆجێیەکان. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکەنەوە کە هەموو ئاوارەکان و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان سوودمەندن لە دەستگەیشتن بە هەموو خزمەتگوزاری و ژێرخانە گشتییەکان (وەک ئاوی خواردنەوە، کارەبا، پەروەردە، چاودێری تەندروستی، ڕێگەوبان و سیستمی ئاودێری) ئەمەش لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ دانیشتوانی خۆجێی، بەوتەی خۆیان ئەمە بەرجەستەی ڕژدبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ لە دۆخە سەختەکاندا.

بەمەبەستی پابەندبوون بە ستاندارده مرۆییەکان و خزمەتکردنی دانیشتوانی ئاوارە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن زەویان تەرخانکردوە بۆ دروستکردنی کەمپەکان، بەشداریان کردوە لە دروستکردنی کەمپەکان و بەستنەوەی کەمپەکان بە تۆڕی کارەبا و ژێرخانی خۆجێی؛ خزمەتگوزاری کارگێڕی و ئاسایشی کەمپەکانی دابینکردوە و خزمەتگوزارییە تەکنیکی و یاساییەکانی دابینکردوە بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی سێکسیی و جێندەریی لەناو و لە دەرەوەی کەمپەکان؛ دەوامی زیادکردوە بۆ قوتابخانە خۆجێیەکان بۆ بەردەسبوونی خوێندنی عەرەبی بۆ منداڵی ئاوارەکان (58 لەسەتی منداڵی پەنابەران و 91 لەسەتی منداڵی ئاوارەکان لە خوێندنی فەرمی و نافەرمی تۆمارکراون)؛ ئاسانکاری کردوە بۆ یەکگرتنەوەی منداڵان لەگەڵ خێزانەکانیان؛ هەموو ئارەکان و پەنابەران مافی دەستگەیشتنان هەیە بە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی؛ لەوانە تیمی گەڕۆکی ئێمرجنسی و پزیشکی؛ ڕێکارەکانی ئاسانکردوە بۆ جووڵەی کارمەندە مرۆییەکان؛ بەخشین لە باج و رسوم و میکانیزمی خێرا بەڕێکردنی گومرگی پێشکەشکردوە بۆ کۆمەکە مرۆییەکان؛ هەروەها بە ئاشکرا داوای لە جڤات و کۆمەڵگە خۆجێیەکان و هەموو توێژەکانی کۆمەگە کردوە پێشوازی لە ئاوارەکان بکەن و هاوکارییان پێشکەش بکەن وەک میوانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان میوانداری نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی دەکات، لەناویاندا ڕێژەیەکی زۆری مەسیحی، ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی و گروپە ئیتنی و ئاینییەکانی تری دەشتی نەینەوا. سەرەڕای دۆخی سەختی ئابوری و ئالەنگارییەکانی ئاسایش لە هەرێم،

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن پاراستنی مافی ئەم کەمایەتیانە یەکێکە لە ئەولەویەتەکانیان.

ئەو خێزانانەی کە تۆمتبار دەکرێن بە پەیوەندی لەگەڵ داعش، رووبەڕووی لەقاڵبدان و لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە و لەژێر مەترسی گەورەی بێبەشکردندان لە مافە بنەڕەتییەکانیان، زۆرجار بەرپرسانی حکومەت ئەستۆپاکی ئاسایشیان نەداوە بەو خێزانە ئاوارانەی کە گومان دەکرێت پەیوەندییان لەگەڵ داعش هەبووبێت، بۆ مەبەستی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. بەهۆی ئەم گومانی پەیوەندیەوە، ئەم خێزانانە رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامە مەدەنییەکان و ئازادی جوڵەیان سنووردارە، لەوانە بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی، بەهۆی مەترسی دەستگیرکردن و رێگەنەدان بە گەڕانەوەیان بۆ کەمپەکان. رێکخراوە مرۆییەکان راپۆرتیانداوە کە لە چەندین کەمپی ئاوارەکان، ئەو خێزانانەی کە مێینە سەرۆکایەتیان دەکات، ناتوانن مۆڵەت وەربگرن بۆ هاتوچۆ و رووبەڕووی سوکایەتی زارەکیی و گێچەڵی جەستەیی دەبنەوە، لەناویاندا لاقەکردن و دەستدرێژی و ئیستیغلالی سێکسیی، لەلایەن هێزەکانی حکومەت و دانیشتوانی کەمپەکانەوە.

رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان دۆکۆمێنتی چەندین کەیسی ئافرەتانیان کردوە کە لەلایەن داعشەوە ناچارکراون هاوسەرگیری لەگەڵ جەنگاوەرەکانیان بکەن و دواتر بێوەژن کەوتوون و منداڵیان هەیە، بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکی هاوسەرگیری و بڕوانامەیەکی لەدایکبوونیان نییە، تا بەڵگەنامەی یاسایی بۆ منداڵەکانیان وەربگرن. ئەم ئافرەت و منداڵانە رووبەڕووی لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی بوونەتوە بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ داعش، ئەمەش دەیانخاتە بەردەم مەترسی گەورەی خۆکوشتن، تۆڵەسەندنەوە و ئیستیغلالی سێکسی. کوشتن بە بیانوی شەرەف هێشتا مەترسییە، ئەگەرچی هەندێک لە کۆمەڵگەکان پەیمانیان داوە و هەنگاویان ناوە بۆ بێبەریکردنی ئەم ئافرەتانە لەهەر گوناهێک بەهۆی ئیسیغلالکردنی سێکسیانەوە لەلایەن جەنگاوەرانی داعش. بەگشتی کۆمەڵگەکان ئەو منداڵانە قبوڵ ناکەن کە نەوەی جەنگاوەرانی داعشن، رێکخراوە ناحکومییەکان راپۆرتیانداوە کە هەندێک لە نوێنەرانی کۆمەڵگەی ئێزیدی فشار دەخەنە سەر ئافرەتەکان دەستبەرداری منداڵەکانیان بن یان لە خانەی بێسەرپەرشتیاران دایان بنێن، وەک مەرجی قبووڵەکردنەوەیان لەناو کۆمەڵگەی ئێزیدیی.

لە تشرینی یەکەم وەزیری کۆچ و کۆچبەران پلانێکی سێ قۆناغیی راگەیاند بۆ داخستنی هەموو کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و دەستبەجێ دەستیانکرد بە داخستنی لەناکاوی کەمپەکان لە پارێزگاکانی ئەنبار، بەغداد، دیالە، کەربەلا، کەرکوک و نەینەوا، کە کاریگەری هەبوو لەسەر زیاتر لە هەزار خێزان. لە کۆتایی تشرینی دووەم، وەزارەت 11 شوێنی ئاوارەکانی داخست – هەشت کەمپی فەرمیی و 3 شوێنی نافەرمیی – لە سەرانسەری عێراقی فیدراڵ، کە کاریگەری هەبوو لەسەر زیاتر لە 25.000 ئاوارە. ئەم داخستنانە بە هەماهەنگی نەکران لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکان یان ئەکتەرە مرۆییەکان، هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان و راپۆرت هەبوو کە لەوانەیە 50 لەسەتی ئاوارەکان رووبەڕووی دووبارە ئاوارەبوونەوە ببنەوە. بەڕێوەبەری کەمپەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان راپۆرتیانداوە کە بەرپرسانی حکومەت لەو کەمپانەی دایانخستوون بژاردەیان نەداوە بە ئاوارەکان بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچن، ئەمەش بۆتە هۆی جووڵە و گەڕانەوەی بێ پاراستن، بێ شکۆ و خۆنەبەخشانە.

چەندین ڕاپۆرت هەبوون کە ئاوارە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی گومانی پەیوەندییان لەگەڵ داعش لێدەکرێت، ڕووبەڕووی دژایەتی بوونەتەوە لەلایەن بەرپرسانی حکومەت و دانیشتوانی خۆجێی، هەروەها ڕووبەڕووی دەرکردن بوونەتەوە کاتێک هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان. لە ناوچە ئازادکراوەکان لە پارێزگاکانی ئەنبار، دهۆک، کەرکوک، نەینەوا و سەلاحیدین. ئاژانسە مرۆییەکان ڕاپۆرتیانداوە لەسەر ڕێگریی لە هاتوچۆی ئەو خێزانانەی ئەندامانیان گومانی پەیوەندیان لێدەکریت لەگەڵ داعش. بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ مەزەندەی کردوە کە ژمارەی ئەوانەی گومانی پەیوەندییان لەگەڵ داعش لێدەکرێت بگاتە 250.000 کەس. سەرکردە خێڵەکییەکان و ئەکتەرە مرۆییەکان ڕاپۆرتیانداوە کە تۆمەتی هەڵبەستراوی پەیوەندیی لەگەڵ داعش بۆتە هۆی لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی ئاوارە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە کەمپەکان دەژین، کە دابڕاون و جووڵەیان لەناو و بۆ دەرەوەی کەمپەکان زۆر سنووردار کراوە. پاش داخستنی کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە مانگی تشرینی یەکەم، زۆر ئاوارەی ناوخۆی کە گومانی پەیوەندی لەگەڵ داعشیان لێدەکرا، لەلایەن کۆمەڵگەی خۆجییەوە ڕەتکراونەتەوە لەو ناوچانەی بۆی دەگەڕێنەوە، بەمەش ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ کەمپەکانی پێشوو یان بچن بۆ شوێنی تر. ڕێککەوتنە خێڵەکییەکان داوای سزادانی تۆمەت هەڵبەستن بۆ پەیوەندی لەگەڵ داعس دەکەن، بەڵام هاوکات بەرگریکردنی یاسایی قەدەغە دەکەن لەو کەسانەی پەیوەندییان لەگەڵ داعش هەبووە. ئاوارە ناوخۆییەکان زۆرجار کراونەتە ئامانجی لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی و جیاکاری بەهۆی ناکۆکییە خێزانییەکان یان لەبەر هۆکاری ئابوری، زیاتر لە هۆکاری پەیوەندی لەگەڵ داعش.

ئەو ئاوارە مەسیحیانەی دەگەڕێنەوە بۆ شارۆچکەی تلکێف، ئاماژەیانداوە بە ترس لە لیوای 50ی حەشدی شەعبی کە ئەو ناوچەیەی داگیرکردوە، هەروەها هەبوونی بنکەی ڕاگرتن و گواستنەوە و دادگا، کە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی خاچی سوری نێودەوڵەتی دەتوانن ئافرەت و منداڵی گومانلێکراو بە ئەندامێتی خێزانی داعش ڕابگرن. پێش 2002، لەنێوان 800.000 تا 1.4 ملیۆن مەسیحی لە ناوچەکە هەبوون، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەو ژمارەیە دابەزیوە بۆ خوار 150.000 کەس. تەنها ژمارەیەکی کەمی ئێزیییەکان کە لەنێوان 400.000 تا 500.000 کەس بوون، گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان. زۆربەیان بڕیاریانداوە لە کەمپەکان بمێننەوە و دەڵێن کە نەبوونی پلانی بونیاتنانەوە و خزمەتگوزاری گشتی و ئاسایش، ڕێگرن لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان. بەڵام لە مانگی حوزەیران، ئێزیدییەکان دەستیانکرد بە گەڕانەوە بۆ قەزای شەنگال لە پارێزگای نەینەوا، لەبەر چەند هۆکاریک، یەکێک لەوانە ترس لە کۆڤید-19 لە کەمپەکان، هەتا کۆتایی ئۆکتۆبەر زیاتر لە 30.000 کەس گەڕابوونەوە.

لە تشرینی یەکەم حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنیان واژۆکرد، کە داوای دانانی قائیمقام و لیژنەی کارگێڕی نوێ دەکات بۆ بەڕێوەبردنی قەزای شەنگال و پێکهێنانی هێزەکانی ئاسایشی خۆجێی لە ئێزیدییکان و لابردنی میلیشیاکانی پەکەکە و حەشدی شەعبی، هەروەها فراوانکردنی هەوڵەکانی بونیاتنانەوە بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئێزیدییەکان کە هێشتا ئاوارەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق یان لە دەرەوە.

## F. پاراستنی پەنابەران

بەگشتی حکومەت هاوکاری ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای کاروباری پەنابەران (UNHCR) و ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) و ڕێکخراوە مرۆییەکانی تر دەکات بۆ دابینکردنی پاراستن و کۆمەک بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، پەنابەرە گەڕاوەکان، پەنابەرخوازان، کەسانی

بێدەوڵەت، یان کەسانی تری جێگەی بایەخ. حکومەت سیستمی کارای نییە بۆ هاوکاریکردنی هەموو ئەم کەسانە، بەگشتی بەهۆی کەمی سەرچاوەی دارایی و نەبوونی توانا.

پێشێلکاری بەرامبەر کۆچبەران، پەنابەران و کەسانی بێدەوڵەت: پسپۆڕانی بواری پاراستنی مرۆیی کە هەڵسەنگاندنیان کردوە بۆ کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان، دەڵێن کە ئەگەری ڕوودانی ئیسیغلال و دەستدرێژی سێکسی زۆررە، ئەمەش خراپتر بووە بەهۆی ڕێگرییەکانی پەیوەست بە کۆڤید-19. پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیانداوە بە چەندبارەبوونەوەی گێچەڵی سێکسی، لەناو کەمپ و لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕێکخراوە ناحکومییە خۆجێیەکان راپۆرتیانداوە لەسەر کەیسەکان کە بەڕێوەبەرایەتی کەمپ و کارمەندانی بەندینخانە، ئاوارەکان و پەنابەرانیان ڕووبەڕووی چەندین جۆر پێشێلکاری و ترساندن کردۆتەوە.

دەستگەیشتن بە مافی پەنابەری: یاسا ڕێکاری داناوە بۆ بەخشینی مافی پەنابەری، هەروەها حکومەت سیستمێکی داناوە بۆ دابینکردنی پاراستن بۆ پەنابەران. سورییەکان پێکهێنەری زۆرینەی پەنابەران و نزیکەی کۆی پەنابەران نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراقن. بەگشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکاری (UNHCR) و ڕێکخراوە مرۆییەکانی تر دەکات بۆ دابینکردنی پاراستن و کۆمەک بۆ پەنابەرانی وڵات.

بەپێی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا مانگی ئەیلول، 259.496 پەنابەر نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراقن. زیاتر لە نیوەی پەنابەران لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری دەکات لەگەڵ (UNHCR) بۆ ڕێگەدان بەو کەسانەی داوای پەنابەری دەکەن لە کەمپەکان و هاوکارییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین دەکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەدەدات بە پەنەبارانی سوریا کە خێزانیان لەگەڵە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە دەرەوەی کەمپەکان بژین.

ئازادی جووڵە (هاتوچۆ): پەنابەرە سورییەکان بەردەوام ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە سەبارەت بە نشینگە و هاتوچۆ لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرنجیانداوە کە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران ئازادی جووڵە و هاتوچۆیان هەیە لەناو هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕێکار هەیە بۆ سەردانکردنی خێزان لە سوریا. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد (KHRW) پشتڕاستی کردەوە کە ئاستەنگ و ڕێگری هەیە لەسەر نیشتەجێبوون و کارکردن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق.

کار: پەنابەران و پەنابەرخوازان بەپێی یاسا دەتوانن لە کەرتی تایبەت کاربکەن. حکومەتی ناوەند ددانی نەناوە بە پێگەی پەنابەری فەلەستینییەکان. لە هەرێمی کوردستان فەلەستینیەکان ڕێگەیان پێدەدرێت لە کەرتی تایبەت کاربکەن، بەڵام پێویستە ساڵانە پێگەی پەنابەرییان نوێ بکەنەوە. پەنابەرە سورییەکان توانیویانە مۆڵەتی نیشتەجێبوون و کارکردن بەدەستبهێنن و نوێ بکەنەوە لە کەمپەکانی پەنابەران و لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ناوچەکانی تری وڵات نا. دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیی ئەو پەنابەرانەیان دەستگیرکردوە کە مۆڵەتی هەرێمی کوردستانیان هەیە و هەوڵی کارکردنیان داوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناردویاننەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. بەپێی ئامارێکی (UNHCR) بۆ پەنابەرانی سوریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەنێوان نیسان و حوزەیران، دەرکەوتووە کە 89 لەسەتی خێزانە

پەنابەرەکان، بەلای کەمەوە یەک ئەندامی خێزانیان لە چالاکییەکی بەدەستهێنانی گوزەراندا کاردەکات.

## G.کەسانی بێدەوڵەت

کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) دەڵێت کە تا مانگی ئاب، زیاتر لە 47.000 کەسی بێدەوڵەت لە وڵات هەبووە. نزیکەی 45.000 منداڵی ئاوارە لە کەمپەکان بەڵگەنامەی مەدەنییان نییە و رووبەڕووی رەتکردنەوە دەبنەوە لەلایەن کۆمەڵگەی خۆجییەوە، لەگەڵ بێبەشکردن لە چوونە قوتابخانە و دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی و بێبەشکردن لە مافە بنەڕەتییەکان. زۆربەی ئەم منداڵانە لەژێر حوکمڕانی داعشدا لەدایکبوون و بڕوانامەی لەدایکبوونیان پێدراوە کە بە نادروست هەژماردەکرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. ئەمانە رووبەڕووی سەختی زۆر دەبنەوە لە بەدەستهێنانی بەڵگەنامە مەدەنییەکان، بەهۆی گومانی وابەستییان بە داعشەوە.

بەهۆی نەبوونی پلانێکی نیشتیمانی بۆ تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی دایکیان عێراقیە و باوکیان ئەندامی داعش بووە، ئەم منداڵانە رووبەڕووی مەترسی بێدەوڵەتبوون دەبنەوە. جڤاتی ئێزیدی بەئامادەباشییەوە پێشوازی کرد لە گەڕانەوەی ئافرەتە ئێزیدییەکان کە لە کۆیلایەتی داعش رزگاریان بوو، بەڵام پێشوازیان لەو منداڵانە نەکرد کە لە ئەنجامی لاقەکردن لەیەن داعشەوە لەدایکبوون. جڤاتی ئێزیدی زۆرجار ئافرەتەکانی ناچارکردوە دەستبەرداری ساوا و منداڵی لەم جۆرە بن و بینادەن بە خانەی بێسەرپەرشتان، هەندێک جار لەژێر هەڕەشەی دەرکردن لە کۆمەڵگە.

رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، پەناگە و رەوانەکردن پێشکەش دەکەن بە ئافرەتانی ئێزیدی و لە هەندێک کەیسدا یارمەتی دایکانیان داوە خێزان بۆ ئەو منداڵانە بدۆزنەوە کە ناچارکراون دەستبەرداریان بن. ئەو منداڵانەی هاوکاری نەکراون، بێ دایک و باوکن، بێ بەڵگەنامەن، روون نییە لەدایکبووی کام وڵاتن و هاووڵاتینامەیان دیار نییە.

تا 2006، دوا ساڵ کە داتا بەردەستە، نزیکەی 54.500 کەسی بەدون (بێدەوڵەت)، کە وەک کۆچەر دەژین لە بیابانەکانی نزیک بەسرە، زیقار و قادسیە، هێشتا تۆمارنەکراو و بێدەوڵەتن و نەوەی ئەو کەسانەن کە پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق هەرگیز هاووڵاتینامەیان وەرنەگرت. وشکەساڵی درێژخایەن لە باشوری وڵات چەندین کەسی ئەم کۆمەڵگەیانەی ناچارکرد کۆچ بکەن بۆ سەنتەری شارەکان، کە لەوێ زۆربەیان بەڵگەنامەی سەلماندنیان وەرگرت و دەستیان گەیشت بە بەشە خۆراک و کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکانی تر. کۆمەڵگەی تر کە هاوشێوە لەژێر مەترسی بێدەوڵەتیدان، بریتین لە دۆم (رۆمانی)، ئەهوازییەکان کە عەرەبی شیعەی بە بنەڕەت ئێرانین، کەمینەی ئاینی بەهایی، دانیشتوانی هۆڕەکانی باشور، ئەندامانی خێڵە کوردییە تورکیاییەکانی گۆیان و عومەرییە لە نزیک موسڵ، هەروەها هاوڵاتیانی باشوری سودان.

پرۆژەیەکی یاسایی پارەدارکراو لەلایەن (UNHCR) توانیویەتی هاوڵاتینامە بەدەستبهێنێت بۆ سەدان خێزان کە پێشتر بێدەوڵەت بوون، دەستگەیشتنی بە مافە بنەڕەتییەکان بۆ زامنکردوون. لە ساڵی 2017ەوە پارێزەران کاردەکەن بۆ هاوکاریکردنی بەدونەکان و کەسانی تری بێدەوڵەت بۆ وەرگرتنی هاووڵاتینامە، ساڵانە یارمەتی تێکڕای 500 کەس دەدەن.

# بڕگەی 3. ئازادی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی

دەستور و یاسا هاووڵاتیانیان توانادار کردوە بۆ هەڵبژاردنی حکومەتەکەیان لە هەڵبژاردنی خولیی (دوري) ئازاد و ڕەوادا کە لەڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە ئەنجام دەدرێت لەسەر بنەمای مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان. سەرەڕای توندوتیژی و پێشێلکارییەکان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا، بەگشتی هاوڵاتیان توانیویانە ئەم مافە پیادەبکەن.

## هەڵبژاردنەکان و بەشداری سیاسی

<u>دوا هەڵبژاردنەکان</u>: لە 2018، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، هەستا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران – پەرلەمانی نیشتیمانی. هەڵبژاردنەکانی 2018 جیاواز بوو لەوەدا کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تەکنەلۆجیای تازەی بەکارهێنا، لەوانە هەژماکردنی ئەلەکترۆنی و ناسینەوە و پشتڕاستکردنەوەی بایۆمەتری دەنگدەران. ئەم تەکنەلۆجیا نوێیانە زۆر درەنگ لە سووڕی هەڵبژاردندا پەیڕەوکران، ئەمەش بووە هۆی بارگرانی زۆر لەسەر دامەزراوەکان. چاودێرە نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکان چاودێری هەڵبژاردنەکانیان کرد. دوو سەت و حەفتا و پێنج لە کۆی 329 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەڵبژاردنەکاندا کورسیەکانیان لەدەستدا، لەناویاندا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران. ئەگەرچی چاودێران ڕایانگەیاند کە هەڵبژاردنەکان ئاشتیانە بووە، تۆمەتی ساختەکاری، پەرلەمانی ناچارکرد فەرمانی دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان بدات لە ناوچەکانی ئەنبار، کەرکوک، بەغداد و هەرێمی کوردستان. تۆمەتەکانی ساختەکاری، بریتین بوون لە دەنگدانی دووبارە، دەستکاریکردنی لیستی ئەلەکترۆنی دەنگەکان، پڕکردنی سندوقەکان و ترساندنی دەنگدەران.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی تشرینی دووەم یاسای نوێی هەڵبژاردنی دەرکرد، کە بە بڕوای هەندێک شرۆڤەکار لەوانەیە دەرفەتی باشتر بدات بە سیاسییە سەربەخۆکان بۆ بردنەوەی کورسی پەرلەمان. یاسا نوێیەکە سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتی گۆڕی لە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەسەر بنەمای لیستی حیزبیی، بۆ سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە. پسپۆڕانی هەڵبژاردن کە هەڵسەنگاندنیان کردوە بۆ سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە، دەڵێن کە ئەم سیستمە ڕێگەدەدات بە دەنگدەر تاکەکەسی پاڵێوراو هەڵبژێرێت و دەرفەتی یەکسان دەدات بە پاڵێوراوە سەربەخۆکان و هاوپەیمانییە گەروە باش ڕێکخراوەکان. یاساکە ڕێگەدەدات بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە حوزەیرانی 2021 وەک داواکرابوو لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە. لە مانگی تشرینی دووەم حکومەت داوایەکی فەرمی پێشکەش کرد بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فراوانکردنی چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بەئامانجی بەهێزکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە لەمیانەی پرۆسەی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکان
بەهۆی گرفتی بەدەستهێنان یان گۆڕینی بەڵگەنامە مەدەنییەکان و گۆڕانکارییە درەنگەکان لە مەرجەکانی بەڵگەنامە پێویستەکان، لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، زۆر ئاوارەی ناوخۆیی بێبەشکران لە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی 2018. ئەگەرچی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەوڵیدا چارەسەری ئاستەنگە جیاوازەکانی تۆماکردن و دەنگدان بکات (وێستگەی تایبەت بۆ دەنگدانی ئاوارەکان و هەڵگرتنی مەرجی کارتی بایۆمەتری) کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان بوەوە، بەڵام کۆمسیۆن

نەیتوانی زانیاری گونجاو بدات بە ئاوارەکانی کەمپەکان لەسەر پرۆسەی تۆمارکردن و ڕێکارەکانی دەنگدان بۆ پۆلە جیاوازەکانی ئاوارەکان. لە دوا وادەی دیاریکراو لە ساڵی 2017 بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران، تەنها 293.000 کەس لە کۆی 800.000 ئاوارەی مەزەندەکراو تۆمارکران. ئاوارە ناوخۆییەکان تەنها گروپن کە یاسا نوێیەکە ئاماژەیان پێدەدات کە پێویستە کارتی تۆمارکردنی بایۆمەتریان هەبێت بۆ دەنگدان. ڕێکخراوە ناحکومییەکان نیگەرانیان دەربڕی کە ئەمە دەبێتە هۆی بێبەشبوونی زیاتری ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئایندە، چونکە کۆمسیۆن گرفتی هەبوو لە دەستپێکردنی پرۆگرامی بایۆمەتری دەنگدەران بەهۆی کەمی تواناکان و ئاستەنگەکانی کۆڤید-19.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ساڵی 2018 هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی عێراقی ئەنجامدا. زۆربەی چاودێران تەنها سەرنجی پێشێلکاری بچووکی ڕۆژی دەنگدانیان داوە، بەڵام حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ترساندنی دەنگدەران و ساختەکاری سیستماتیک هەبووە، وەک پڕکردنی سندوقەکان و ساختەکردنی بەڵگەنامەکان. پاش هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی (The International Crisis Group) ڕاپۆرتیداوە لەسەر تۆمەتەکان لە پارێزگای کەرکوک، سەرنجیداوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە چەند ناوچەیەکی نا-کوردی براوە بووە، کە لەڕووی مێژووییەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەو ناوچانە پاڵپشتی کەم بووە، هەروەها ڕێژەی بەشداری لە ناوچە کوردییەکان نزم بووە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشتر و ڕێژەی بەشداری لە ناوچەکانی تورکمان و عەرەب.

<u>حیزبە سیاسییەکان و بەشداری سیاسی</u>: حیزبە سیاسییەکان و هاوپەیمانێتیەکان ڕێکخراون لەسەر هێڵی ئایینی یان ئیتنی، ئەگەرچی هەندێک حیزب هێڵە تائیفیەکانیان بەزاندوە. ئەندامێتی لە هەندێک لە حیزبە سیاسیەکان، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی هەندێک ئیمتیازات و سوودی تایبەت لە بوارەکانی کار و پەروەردە. تا کانونی یەکەم، 231 حیزی تۆمارکراو و پەسەندکراو هەبوو بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە نیشتیمانییەکانی 2021.

<u>بەشداری ئافرەتان و کەمایەتیەکان</u>: هیچ یاسایەک بەشداری ئافرەتان و ئەندامانی کەمایەتییەکانی سنووردار نەکردوە لە پرۆسەی سیاسی، هەروەها بەشدارییان کردوە. دەستور فەرمان دەدات کە ئافرەتان دەبێت 25 لەسەتی ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێیەکان پێکبهێنن. لە هەڵبژاردنەکانی 2018، 19 ئافرەت دەنگی پێویستیان هێنا بۆ بردنەوەی کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی 329 کورسی، بەبێ پەنابردن بۆ کۆتای دەستوری، بە بەراورد بە 22 ئافرەت لە 2014. شەست و پێنج ئافرەتی تر کورسیان پێدرا لەسەر بنەمای کۆتا، کۆی ژمارەی ئەندامە ئافرەتەکان بەرزبووە بۆ 84. سەرەڕای ئەمە، زۆرجار گفتوگۆ سیاسییەکان ئەندام پەرلەمانە ئافرەتەکان پەراوێز دەخەن.

لە مانگی حوزەیران، سەرۆک وەزیران مستەفا کازمی، (ئیڤان فایەق یەعقوب جەربو)ی دەستنیشانکرد وەک وەزیری کۆچ و کۆچبەران. لەم ئەرکەدا خاتوو ئیڤان بەرپرسە لە سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە دۆخی لەناکاوی کۆچ و نیشتەجێکردنەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان. پێش دەستبەکاربوونی وەک وەزیر، ڕۆڵی ڕاوێژکاری پارێزگاری موسڵی هەبوو بۆ کاروباری کەمایەتیەکان. خاتوو ئیڤان مەسیحیە و ئەندامی کەنیسەی کلدانە.

له 329 کورسی پەرلەمان، یاسا نۆ کورسی داناوە بۆ کەمایەتییەکان: پێنج بۆ کاندیدە مەسیحییەکانی بەغداد، نەینەوا، کەرکوک، هەولێر و دهۆک؛ یەک ئێزیدی؛ یەک سابیئەی مەندائی؛ یەک شەبەک، هەروەها پاش بڕیارێکی پەرلەمان لە شوباتی 2019، یەک کوردی فەیلی لە پارێزگای واست.

حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەی 30 لەسەتی تەرخانکردوە بۆ ئافرەتان لە پەرلەمان و ئەنجومەنە جۆخێیەکان. تا تشرینی یەکەم سێ ئافرەت ئەندامی کابینەی حکومەتی هەرێم بوون. ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق خزمەت دەکەن وەک دادوەر لەماوەی ساڵەکەدا زیادی کردوە.

له کۆی 111 کورسی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، یاسا 11 کورسی تەرخانکردوە بۆ کەمایەتییەکان لەسەر هێڵی ئیتنیکی نەک ئایینی: پێنج بۆ کاندیدە کلدو-ئاشوریەکان (بەگشتی مەسیحیەکان)، پێنج بۆ تورکمان و یەک کورسی بۆ کاندیدی ئەرمەن. هیچ کورسیەک تەرخان نەکراوە بۆ گروپەکانی تر کە خۆیان جیادەکەنەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی ئینتیەوە وەک کورد یان عەرەب سەیریان دەکات: وەک ئێزیدی، شەبەک، سابیئەی-مەندائی، کاکەیی و کوردی فەیلی.

حیزبە سیاسییە گەورەکان هاوپەیمانی دەکەن لەگەڵ حیزبی کەمایەتییەکان، یان لە هەندێک دۆخدا حیزبی سیاسی کەمایەتییەکان دروست دەکەن، بۆ مەبەستی هاوپەیمانی لە هەڵبژاردنەکانی ناوەند و هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها هانی عێراقیەکانی تر دەدەن دەنگ بدەن بە کاندیدی کەمایەتیەکان بۆ کورسیەکانی کۆتا لە ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانی کوردستانی عێراق. چالاکوانانی کەمایەتییەکان، سکاڵا دەکەن لەوەی ئەم پرۆسەیە بێبەشیان دەکات لە مافی دەنگدان و داوای چاکسازی دەکەن لە پرۆسەی دەنگدان بۆ سنووردارکردنی دەنگی کەمایەتییەکان تەنها بۆ کورسی کۆتای تەرخانکراو بۆ کەمایەتی پەیوەندار، هەروەها داوای کورسی کۆتای زیاتر دەکەن لە ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

# بڕگەی 4. گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت لەناو حکومەت

یاسا سزای تاوانی داناوە بۆ حکومدان لەسەر گەندەڵی لەلایەن بەرپرسانەوە، بەڵام حکومەت هەمیشە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی کاریگەر یاساکە جێبەجێ بکات. یاسا رێگەدەدات بە هەندێک کەسی حوکمدراو لەسەر گەندەڵی لێبوردن بیانگرێتەوە پاش گەڕانەوەی ئەو پارەیەی لەڕێگەی گەندەڵییەوە دەستیان کەوتبوو، کاریگەری ئەمەش رێگەدانیان بوو بە هەڵگرتنی ئەو دەستکەوتەی بەدەستیان هێناوە بەهۆی پارە دزراوەکەوە. زۆرجار بەپرسانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداربوون لە کردەی گەندەڵی و پەنادراون لە لێپرسینەوە. هەروەها چەندین راپۆرت هەبوون لەسەر گەندەڵی لەناو حکومەت لەماوەی ساڵدا.

گەندەڵی هێشتا گەورەترین ئاستەنگە بۆ حوکمڕای کارا لەسەر ئاستی هەموو دامەزراوەکان. هەبوونی میلیشیای چەکدار، کە راستەوخۆ تێوەگلاون لە گەندەڵی و پاراستنی بەرپرسە گەندەڵەکان، هۆکارە بۆ سەختی جێبەجێکردنی هەوڵەکانی دژەگەندەڵی بەردەوامیپێدراو.

گەندەڵی: ڕۆژنامەی (*The Independent*)ی بەریتانی، لە مانگی حوزەیران، ڕاپۆرتیداوە کە بڕی 300 ملیار دۆلاری ئەمریکی تەرخانکراوە بۆ پرۆژەی ساختە و ناکارا لە سەرانسەری وڵات. ڕاپۆرتەکە ئاشکرای کردوە کە 85 لەسەتی 50.000 پرۆژەی پیشەسازی لە کەرتی تایبەت ناکاران، و 250 کارگەری دەوڵەت کارناکەن سەرەرای تەرخانکردنی دارایی لەلایەن حکومەتەوە. بەرتیل، سپیکردنەوەی پارە، خزمایەتی و مەحسوبیەت و خراپ بەکارهێنان و دەستبەسەراگرتنی سامانی گشتی، دیاردەی بەربڵاو بوون لە هەموو ئاستەکان و هەموو بەشەکانی حکومەت. هاوکات ڕەچاوکردنی خێزان، خێڵ و پەیوەندییە ئیتنی و مەزهەبییەکان، کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بڕیارەکانی حکومەت لە هەموو ئاستەکان و بەشەکانی حکومەتدا.

لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی بەدەر نییە لە کاریگەری سیاسیی. هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئاستەنگ کراون، بەهۆی نەبوونی ڕێککەوتن لەسەر ڕۆڵ و ئەرکە دامەزراوەییەکان و ئیرادەی سیاسیی، کاریگەری سیاسی، کەمی شەفافیەت، و ناڕوونی یاسا بەرکارەکان و پرۆسەکانی ڕێکخستن. ئەگەرچی دامەزراوەکانی دژەگەندەڵی زیاتر هەماهەنگیان لەگەڵ گروپەکانی کۆمەڵی مەدەنی کردوە، بەڵام کاریگەری ئەم هاوکارییە فراوانە سنووردار بوو. ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەوڵیانداوە سەربەخۆ گەندەڵی ئاشکرا بکەن، ئەگەرچی تواناکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەمە سنووردارە. دامەزراوەکانی دژەگەندەڵی، جێبەجێکردنی یاسا و بەرپرسانی دادوەری، هەروەها ئەندامانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕاگەیاندن، ڕووبەڕووی هەڕەشە و تەنگپێهەڵچنین بوونەتەوە لە هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

لە مانگی ئاب، سەرۆک وەزیران کازمی، فەرمانێکی کارگێڕی دەکرد بۆ پێکهێنانی "لیژنەی هەمیشەیی تایبەت" بۆ لێکۆڵینەوە و بەدادگاگەیاندنی کەیسەکانی گەندەڵی و تاوانە گەورەکان لەناو وەزارەتەکانی حکومەت و فەرمانگە گشتییەکان.

لە مانگی ئەیلول، لیژنەی دژەگەندەڵی 19 بەرپرسی باڵای دەستگیرکرد، لەوانە بەڕێوەبەری فەرمانگەی خانەنشینی عێراق ئەحمەد ئەلسەعدی، سەرۆکی کۆمسیۆنی وەبەرهێنانی بەغداد شاکر الزاملی و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری (Qi Card) بەها عەبدول حسین، کە هەموویان لە بەندینخانەی دژەتیرۆر بە ڕاگیراوی مانەوە. پاش دەستگیرکردنیان هاوڕێ و خێزانی دەستگیکراوان بانگەشەی ئەوەیان کرد دەستگیرکراوەکان پێشێلکاری جەستەییان بەرامبەر کراوە لە بەندینخانە و بێبەشکراون لە دەستەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستی و یاساییەکان. سەرۆک وەزیران بە ئاشکرا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە.

بانکی ناوەندی ڕابەرایەتی هەوڵەکانی حکومەت دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و داراییکردنی تیرۆریزم. ئۆفیسی بانکی ناوەندی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەی پارە و داراییکردنی تیرۆریزم، کاریکردوە لەگەڵ دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەری بۆ دەستنیشانکردن و دادگاییکردنی ئاڵوگۆڕی دارایی نایاسایی. دوا ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لەلایەن ئۆفیسەکەوە لە ساڵی 2019، نیشانی دەدات کە لە ماوەی ساڵەکەدا لێکۆڵینەوەی کردوە لە 400 کەیسی سپیکردنەوەی پارە، کە 34 کەیس ڕەوانەکراون بۆ دەسەڵاتی دادوەری و 192 کەیسی تر لەژێر هەڵسەنگاندان لەلایەن شرۆڤەکارانی ئۆفیسەکەوە. لە مانگی تەموز ئۆفیسەکە ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە بڕیاری کۆمسینی ئەورووپی بۆ هێشتنەوەی عێراق لەژێر لیستی هەموارکراوی وڵاتانی مەترسی بەرز پەیوەست بە سپیکردنەوەی پارە و پارەدارکردنی تیرۆریزم. ڕاگەیەنراوەکە

نیگەرانی دەربڕی لە دانانی عێراق لەو لیستەدا و جەختی کردەوە کە بڕیارەکەی کۆمسیۆنی ئەوروپی تەنها لەسەر بنەمای ئاسایش بووە و بنەمای تەکنیکی نییە.

سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران راوێژکاری دژەگەندەڵی هەیە، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەی دەستپاکی هەیە. سکرتێری گشتی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هاوبەشی دژەگەندەڵی کرد، کە ئۆفیسی پشکنەرانی گشتی ئەندامە تێیدا. لە مانگی تشرینی یەکەم، ئەنجومەنەکە نزیکەی 1.000 فەرمانبەری لەسەرکارلادا پاش حوکمدانیان بە تاوانەکانی دەستپاکی گشتی، لەوانە تاوانەکانی بەهەدەردانی سامانی گشتی، بەرتیل و دزینی سامانی گشتی (أختلاس embezzlement).
گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی سنوور یەکێکی ترە لە کێشەکان. لە مانگی تەموز سەرۆک وەزیران هەڵمەتێکی دەستپێکرد بۆ زامنکردنی سنوورەکان لەگەڵ ئێران و وڵاتانی تری دراوسێ. دەسەڵاتی فراوانی بەخشی بە سوپاو هێزی دەریایی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لەگەڵ ئێران و کوەیت و دابینکردنی پاسەوانی سنوور و هێزی یەدەگی زیادە. لە مانگی ئەیلول، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا لە گەندەڵی و قاچاخچێتی لە مەرزی پەروێزخان لەسەر سنوور لەگەڵ ئێران.

هەرێمی کوردستان دەستەی دەستپاکی خۆی هەیە، کە راپۆرتی یەکەمی لە ساڵی 2017 بڵاوکردەوە. بەپێی راپۆرتی 2020ی دەستەی دەستپاکی، 158 کەیسی گەندەڵی لەژێر لێکۆڵینەوەدان یان تەواوکراون لەنێوان کانونی دووەم و 18 تشرینی دووەم، کە 26 کەس حوکمدراون. حوکمدانەکان لە هەموو هەرێمی کوردستان بوون؛ هەولێر (11، دهۆک (7)، گەرمیان (5) و سلێمانی (3).

ئاشکراکردنی سامان: یاسا دەسەڵاتیداوە بە دەستەی نەزاهەی فیدراڵی بۆ وەرگرتنی راپۆرتی ساڵانەی ئاشکراکردنی سامان لە بەرپرسە باڵا گشتییەکان، لەناویاندا وەزیرەکان، پارێزگارەکان، و پەرلەمانتارەکان، هەروەها بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی لەدژی هەر ئاشکرانەکردنێک. ئەگەر حوکم بدرێت، سزاکان بریتین لە غەرامە یان زیندانیکردن. سیستمێکی یەکگرتوو نییە بۆ ئاشکراکردنی ساڵانەی سامان. دەستەی نەزاهەی عێراق دەسەڵاتی نییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام ئەندامانی کورد لە حکومەتی ناوەندی دەبێت پابەندبن بە یاساکەوە. بەپێی یاساکە، پێویستە دەستەی نەزاهە راپۆرتی گشتی ساڵانە پێشکەش بکات لەسەر دادگاییکردن، شەفافیەت، لێپرسینەوە، و ئاکاری خزمەتگوزاری گشتی. سەرۆک وەزیران و کابینەکەی راپۆرتی ئاشکراکردنی سامانی خۆیان بۆ ساڵی 2020 پێشکەشکرد. دەستەی نەزاهەی فیدراڵی لەم ساڵدا راپۆرتی نیوساڵی (شەش مانگی) بڵاونەکردەوە.

دەستەی دەستپاکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارە لە دابەشکردن و کۆکردنەوەی فۆرمی ئاشکراکردنی سامان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. زانیاری بەردەست نەبوو لەسەر ئەگەری سزادانی بەرپرسان بەهۆی ئاشکرانەکردنی سامان لە ماوەی ساڵەکەدا.

## بڕگەی 5. هەڵوێستی حکومیی لەسەر لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکان لە بانگەشەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ

ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومیی ناخۆیی و نێودەوڵەتیی لە زۆربەی کەیسەکان کاریان کردوە و حکومەت زۆر کەم ڕێگری یان دەستوەردانی کردوە لە لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی کەیسەکانی مافی مرۆڤ. بەرپرسانی حکومەت تاڕادەیەک هاوکارن و بەدەنگ بۆچوونەکانیانەوە دەچن.

لە ئەنجامی قەیرانی مرۆیی بەهۆی داعش، زۆربەی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان جەختیان خستۆتە سەر پێشکەشکردنی کۆمەک بە ئاوارەکان و کۆمەڵگەکانی تر لە ناوچە کاریگەرەکان بە پێکدادان. لە هەندێک دۆخدا ئەم ڕێکخراوە ناحکومییانە بەهەماهەنگی کاریان کردوە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەندێک لەم ڕێکخراوانە بەردەوام بوون لە بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و ڕاپۆرتیان بڵاوکردۆتەوە. هەندێک ڕاپۆرت هەبوون لەسەر دەستوەردانی حکومەت لە کارەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە بەدواداچوون دەکەن بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کارمەندانی حکومەتەوە

چەندین ڕاپۆرت هەبوو کە کارمەندانی مرۆیی نێودوەوڵەتی و عێراق ڕووبەڕووی گێچەڵ، هەڕەشە، گرتن و لە هەندێک کەیسدا تۆمەتبارکردن بە تۆمەتی هەڵبەستراوی تیرۆریزم. ڕێکخراوی سەلامەتی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان ( International NGO Safety Organization) 20 ڕووداوی تۆمارکردوە لەدژی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەمیانەی ساڵەکەدا. لە کانونی دووەم، عەسائیبت ئەهل ئەلحەق چوونەسەر سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی لیژنەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی (International Rescue Committee) لە موسڵ و هەڕەشەیان لە کارمەندە مرۆییەکانی سەنتەرەکە کرد و سەنتەرەکە بە داخراوی مایەوە.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی پەیوەست بە توانا بوونەتەوە، دەستگەیشتنی بەردەوامیان نەبووە بە بەپرسانی حکومەت، لەئەنجامدا نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی سیستەماتیک وەک بەربەست کاربکەن لەدژی شکستی حوکمڕانی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. نەبوونی سەرچاوەی دارایی بەردەوامپێدراو بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان، ڕێگرە لە گەشەی درێژخایەنی ئەم کەرتە. حکومەت بەدەگمەن گرێبەستی خزمەتگوزاری دەدات بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان. لەکاتێکدا کە یاسا قەدەغەی کردوە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەشداری بکەن لە چالاکی سیاسی، حیزبە سیاسییەکان یان گروپە مەزهەبییەکان ڕێکخراوی ناحکومییان پێکهێناوە، کۆمەک کردوە یان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر زۆر ڕێکخراوی ناحکوی ناوخۆیی.
ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەشێوەیەکی کارا ڕێگریان لێکراوە بۆ کارکردن لە هەندێک کەرت (بڕوانە بەشی 6. ئافرەتان). ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی لە هەولێر تۆمارکراون، نەیاتوانی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکەن، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی زیاتری بەغداد (بڕوانە بڕگەی 2.b.).

هەرێمی کوردستانی عێراق کۆمەڵگەیەکی چالاکی ڕێکخراوی ناحکومی هەیە کە زۆرینەیان کوردین، زۆربەیان پەیوەندی نزیکیان هەیە و کۆمەک وەردەگرن لە حیزبە سیاسییەکان. کۆمەکی دارایی حکومەت بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەپێی یاسا پەیوەستە بەوەی کە ئایا ئامانجەکانی کاری ڕێکخراوی ناحکومی تەبان لەگەڵ ئەولەویەتە دیاریکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکاری فەرمی داڕشتوە بۆ بەخشینی کۆمەک بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە پێکدێت لە

وەسفێکی گشتی بودجەی ساڵانەی ڕێکخراو، بوارەکانی ئەولەویەت بۆ ڕەچاوکردن، دوا وادەکان بۆ پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ، پێکهێنانی لیژنەی بەخشین، و پێوەرەکانی نمرەدانان بۆ پرۆپۆزەڵەکان؛ بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕاپۆرتیانداوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013ەوە هیچ کۆمەکێکی دارایی پێشکەش نەکردوە بە ڕێکخراوەکان ناحکومییەکان.

<u>نەتەوە یەکگرتووەکان و پێکهاتە نێودەوڵەتیەکانی تر</u>: هەندێک کات حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگریان کردوە لە دەستگەیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێکهاتە نێودەوڵەتییەکانی تر بە شوێنە هەستیارەکان، وەک بنکەکانی دەستبەسەرکردنی وەزارەتی ناوخۆ کە گومانلێکراوانی تیرۆریزم لێی دەستبەسەر بوون.

<u>دامەزراوە حکومییەکانی مافی مرۆڤ</u>: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی عێراق بەپێی دەستور پێکهێنراوە. یاسای ڕێکخەری کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ 12 کۆمسیاری تەرخان و سێ کۆمیسیاری یەدەگی دیاریکردوە بۆ ماوەی چوار ساڵ، کە شایانی نوێکردنەوە نییە؛ لە ساڵی 2017 کۆمسیارانی نوێ دەستبەکاربوون. یاساکە سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی دابین کردوە بۆ کۆمسیۆن و دەسەڵاتی فراوانی پێداوە، لەوانە مافی وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لە سکاڵای مافی مرۆڤ، ئەنجامدانی سەردانی ڕانەگەیەندراو بۆ چاکسازییەکان، هەروەها پێداچوونەوەی پرۆژە یاساکان. هەندێک چاودێر ڕاپۆرتیانداوە کە ئەجێندای تاکەکەسیی و حیزبیی کۆمیسیاران تاڕادەیەکی زۆر بۆتە هۆی ڕاگرتنی کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ. کۆمسیۆن چالاکانە دۆکۆمێنتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کردوە لەکاتی خۆپیشاندانەکان لە ساڵانی 2019 و 2020 و بەئاشکرا دەنگی هەڵبڕیوە لەدژی توندوتیژی حکومەت و میلیشیاکان لەدژی خۆپیشاندەران.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی خولیی (دوري) دەردەکات لەسەر مافی مرۆڤ، بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئازادیی ئایینی لە هەرێمی کوردستان. کۆمسیۆن ڕاپۆرتیداوە کە دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی پێشوازییان لە ڕاهێنانی مافی مرۆڤ کردوە و کاردانەوەیان هەبووە بەرامبەر ڕاپۆرتەکانی پێشێلکارییەکان. کۆمسیۆن و ڕێکخراوی ناحکومی چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان (KHRW) ڕاهێنانی مافی مرۆڤیان پێشکەش کردوە بە پۆلیس و ئاسایش، هەروەها پێشتر بە ڕاهێنەرانی پۆلیس؛ بەڵام لەمیانەی ئەمساڵدا ڕاهێنانەکان ڕاگیران بەهۆی کۆڤید-19ەوە.

# بڕگەی 6. جیاکاری، پێشێلکاری کۆمەڵایەتی، و بازرگانیکردن بە مرۆڤ

### ئافرەتان

<u>لاقەکردن و توندوتیژی خێزانیی</u>: یاسا لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی لەدژی ئافرەت، پیاو و منداڵ وەک تاوان هەژماردەکات، بەڵام بەدیاریکراوی لاقەکردنی هاوسەریی نا، هەروەها ڕێگە دەدات بە سزای تا 15 ساڵ، یان سزای هەتاهەتایی ئەگەر قوربانی بمرێت. بڕگەکانی یاسا لەسەر لاقەکردن چەمکی ڕەزامەندی ڕوون ناکاتەوە و بەجێیهێشتوە بۆ شرۆڤەی دادوەریی. یاسا ڕێگەدەدات بە دەسەڵاتەکان کەیسی لاقەکردن دابخەن ئەگەر پێشێلکار

هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانی کرد، بەمەرجی بەڵێندان کە لە ماوەی سێ ساڵدا تەڵاقی نەدات. زۆر جار کەسوکاری قوربانی بەم رێککەوتنە رازی دەبن، بۆ خۆپاراستن لە لۆمەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە لاقەکردن. هیچ خەمڵاندنێکی پشت پێبەستراو نەبوو لەسەر ژمارەی ڕووداوەکانی لاقەکردن یان زانیاری لەسەر کارایی حکومەت لە جێبەجێکردنی یاساکە.

یونامی راپۆرتیداوە کە لەکاتی پەتای کۆڤید-19، بەرزبوونەوەی بەرچاو هەبووە لە کەیسەکانی لاقەکردن، توندوتیژی خێزانی، بەدکاری هاوسەریی، قوربانی و خۆکردن بە قوربانی، خۆ بریندارکردن بەهۆی بەدکاری هاوسەریی، گێچەڵی سێکسی بە منداڵان، هەروەها خۆکوشتن بەهۆی زۆربوونی گرژییەکانی نێوان هاوسەرەکان لەئەنجامی رێگریەکان و قەدەغەی کۆڤید و گرفت و بارگرانی ئابوری بەهۆی تێکچوونی دۆخی ئابوری وڵات.

ئەگەرچی دەستور "هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و خراپەکاری ناو خێزان" قەدەغەدەکات، بەڵام یاسا بەڕوونی توندوتیژی خێزانی قەدەغە ناکات، بەڵکو رێگەدەدات بە پیاو هاوسەر و منداڵەکانی تەمبێ بکات "لە چوارچێوەی هەندێک سنووردا کە یاسا یان عورف دیاریکردوون." یاسا سزای کەمکردۆتەوە بۆ توندوتیژی یان کوشتن، ئەگەر تۆمەتبار "هاندەری شەرەف"ی هەبوو یان ئەگەر تۆمەتبار ژنەکەی یان مێینەیەکی خزمی لەکاتی ئەنجامدانی خیانەتی هاوسەریی یان کردەی سێکس لە دەرەوەی هاوسەرگیری گرت. توندوتیژی خێزانی هێشتا کێشەیەکی بەربڵاوە.

گێچەڵکردن هەبووە بە کارمەندانی یاسایی کە هەوڵی بەدواداچوونیانداوە بۆ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانیی بەپێی تاوانی پەلاماردان (لێدان)، هەروەها نەبوونی کارمەندی پۆلیس و دادوەریی راهێنراو، ئەمانە زیاتر هەوڵەکانیان پەکخستوە بۆ دادگاییکردنی پێشێلکاران.

هاوکات حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیان هەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتی جەستەیی و فشاری دەروونی کە تووشی ئەو ئافرەتانە بووە کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیابوون. لە مانگی مایس رۆژنامەی ئەلمۆنیتەر (*Al-Monitor*) نووسی کە، 10 لەسەتی ئافرەتانی ئێزیدی نیشتەجێی کەمپی شاریا بیریان لە خۆکوشتن کردۆتەوە. بەڕێوەبەری چالاکی تەندروستی دەروونیی سەربە پزیشکانی بێسنوور (Doctors without Borders) لە مانگی تشرینی یەکەم بە دەنگی ئەمریکای راگەیاند، لەنێوان نیسان و ئاب، رێکخراوەکەی 30 راپۆرتی بەدەستگەیشتووە لەسەر ئەو کەسانەی خۆیان کوشتوە.

وەزارەتی ناوخۆ 16 یەکەی پاراستنی خێزانی هەیە لە سەرانسەری وڵات، لەژێر فەرماندەیی پۆلیس و لە بینای جیاواز لەناو بنکەکانی پۆلیس، کە پێکهێنراون بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە خێزانییەکان و دابینکردنی پەناگەیەکی پارێزراو بۆ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری. ئەم یەکانە هەوڵ دەدەن ئەولەویەت بدەن بە ئاشتەوایی خێزان زیاتر لە پاراستنی قوربانی و توانایان نییە بۆ هاوکاریکردنی قوربانیان. رێکخراوە ناحکومییەکان دەڵێن کە قوربانییەکان دەترسن بچنە یەکەکانی پاراستنی خێزان، چونکە گومان دەکەن کە پۆلیس دەستبەجێ خێزانەکانیان ئاگاداربکەنەوە لە وتەکانیان. هەندێک سەرۆک خێڵ لە باشوری وڵات رێگری لە ئەندامانی خێڵەکانیان دەکەن هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن لەڕێگەی یەکەکانی پاراستنی خێزان، بە بیانوی ئەوەی کە توندوتیژی خێزانی کێشەیەکی خێزانییە. یەکەکانی پاراستنی خێزان لە زۆربەی شوێنەکان پەناگەیان نییە.

یاسای هەرێمی کوردستان توندوتیژی خێزانیی بە تاوان هەژماردەکات، لەناویاندا پێشێلکاری جەستەیی و دەروونی، هەڕەشەی توندوتیژی و لاقەکردنی هاوسەریی. حکومەت حوکمەکانی یاساکەی جێبەجێ کردوە، هێزێکی پۆلیسی تایبەتی پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی جێندەری و پێکهێنانی لیژنەی ئاشتەوایی خێزانیی لەناو سیستمی دادوەری، بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان ڕاپۆرتیانداوە کە ئەم پرۆگرامانە کاریگەر نەبوون لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری.
لە هەرێمی کوردستانی عێراق دوو پەناگە کە بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی هەیە و چوار پەناگەی بەڕێوەبراو لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک پاراستن و هاوکاری دابین دەکەن بۆ قوربانیانی مێینەی توندوتیژی جێندەری و بازرگانیکردن بە مرۆڤ. شوێن سنووردارە و خزمەتگوزارییەکان لەئاستێکی خراپدان. ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، لەناویاندا هاوکاری یاسایی، بە قوربانیانی توندوتیژی خێزانی، کە زۆرجار هیچ هاوکارییەک لە حکومەت بەدەستناهێنن. لەجیاتی بەکارهێنانی چارەسەرە یاساییەکان، زۆرجار دەسەڵاتەکان ناوبژیان کردوە لەنێوان ئافرەتان و خێزانەکانیان تا ئافرەتەکان بتوانن بگەڕێنەوە ماڵەوە. جگە لە هاوسەرگیری یان گەڕانەوە بۆ ناو خێزان، کە زۆرجار بۆتە هۆی زیاتر بەقوربانیکردنیان لەلایەن خێزان یان کۆمەڵگەوە، بژاردەی کەم هەیە بۆ ئافرەتانی نیشتەجێی پەناگەکان.

<u>خەتەنەکردنی مێینە</u>: ڕێکخراوە ناحکومییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتیانداوە، کە سەرەڕای قەدەغەکردنی بە یاسا لە هەرێمی کوردستان، دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە هێشتا بەردەوامە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی لە ناوچە گوندییەکانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکوک. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژەکانی خەتەنەکردنی مێینە لە دابەزیندایە. ڕێکخراوەکان ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. خەتەنکردنی مێینە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دیاردەیەکی بەربڵاو نییە.

<u>نەریتی تری زیانبەخش</u>: یاسا شەرەفی وەک بەرگرییەکی یاسایی قبوڵکردوە لە توندوتیژی دژی ئافرەتان، کوشتن لەسەر شەرەف هێشتا کێشەیەکی گەورەیە لەسەرانسەری وڵات. حوکمێکی یاسایی سزای حوکمی کوشتنی سنووردار کردوە بۆ سێ ساڵ زیندانییکردن ئەگەر پیاوی دادگاییکراو هاوسەرەکەی یان وابەستەیەکی مێینەی کوشت بەهۆی گومانی ئەوەی قوربانی زینای ئەنجامداوە. یونامی (UNAMI) ڕاپۆرتیداوە کە ساڵانە چەند سەت ئافرەتێک دەبنە قوربانی کوشتنی شەرەف. هەندێک خێزان کوشتنی شەرەف بەشێوەیەک ئەنجام دەدەن کە وەک خۆکوشتن دەربکەوێت.

لە مانگی ئەیلول، دوو ئافرەتی گەنج بەکوژراوی دۆزرانەوە لە نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ، سلێمانی، پاش ئەوەی لەلایەن باوکیانەوە کوژرابوون. ڕێکخراوە ناحکومییەکان و چالاکوانان ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە و داوایان لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد دادوەری بەدیبهێنێت بۆ قوربانییەکان، کە لەو بڕوایەدابوون کوژراون بەهۆی ناڕەزایی باوکیان لە پەیوەندیی خۆشەویستی لە دەرەوەی هاوسەرگیری.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی سەربە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ کەیسی کوشتنی شەرەفی پشتڕاستکردەوە لەکۆی 26 قوربانی کوشتنی ئافرەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق تا مانگی ئەیلول. بەڵام سەرچاوەیەکی

نەتەوە یەکگرتووەکان تێبینی کرد کە ژمارەی راستەقینەی کوشتنی شەرەف زۆر لەوە بەرزترە.

بەپێی راپۆرتەکان، ژنان و کچان هەندێک کات رووبەڕووی خراپ بەکارهێنان (ئیستیغلال)ی سێکسی بوونەتەوە لەڕێگەی ئەوەی ناسراوە بە هاوسەرگیری کاتیی یان چێژ، کە بەپێی ئەوە پیاو مارەیی دەدات بە خێزانی کچەکە یان ژنەکە لەبەرامبەر رەزامەندی لەسەر "هاوسەرگیری"یەکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. ئافرەتی گەنج، بێوەژن یان بێشەرپەرشت لەئەنجامی پەلامارەکانی داعش، زۆر لاوازن بەرامبەر ئەم جۆرە ئیسیغلالە. رێکخراوە ناحکومییەکان راپۆرتیانداوە کە هەندێک خێزان کچە منداڵەکانیان دەدەن بەرامبەر پارەی مارەیی، لەو بڕوایەدان کە هاوسەرگیرییەکە راستەقینەیە، بەڵام تەنها پاش چەند مانگێك کچەکانیان بۆ دەنێرنەوە، هەندێک جار بە دووگیانی.

بەرپرسانی حکومەت و رێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان راپۆرتیانداوە کە نەریتی "بەستنەوە" (نهوة)، واتا کاتێک ئامۆزا، مام یان خزمێکی تری نێرینەی ئافرەت رێگری دەکات لە هاوسەرگیری یان هاوسەرگیریەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی خێزان، هێشتا کێشەیە بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشور. ئایەتوڵا عەلی سیستانی داوای کرد کۆتایی بهێنرێت بە دیاردەی بەستنەوە (نهوة) و خوێنبایی (فصلیة) (کاتێک ئافرەت دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی دوژمنایەتی خێڵەکیی)، بەڵام هێشتا ئەم نەریتانە بەردەوامن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کاریگەری خێڵ بەهێزترە لە دامەزراوەکانی حکومەت.

<u>گێچەڵی سێکسی</u>: یاسا قەدەغەی گێچەڵی سێکسی دەکات، لەوانە لە شوێنی کار. سزاکان بۆ گێچەڵی سێکسی بریتییە لە غەرامە تا بڕی تەنها 30 دینار (2.5 سەنت) یان بەندکردن یان هەردووکیان، بەمەرجێک سزاکە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت ئەگەر یەکەمجار بێت تاوانەکە ئەنجام بدات. یاسا سزاکە هەڵدەگرێت ئەگەر بەشدارانی سەڵت بڕیاریاندا هاوسەرگیری بکەن. یاسا گێچەڵی سێکسی قەدەغە کردوە لە شوێنی کار. هیچ زانیارییەک بەردەست نەبوو لەسەر کاریگەری جێبەجێکردنی حکومەت، بەڵام سزاکان زۆر نزمن. لە زۆربەی ناوچەکان تەنها چەند پەناگەیەکی ئافرەتان هەبوو یان هەر نییە، هەروەها زانیاری، هاوکاری، هێڵی گەرم نییە و پۆلیس راهێنان و هەستیاری نییە بەرامبەر بەم پرسە. پەنابەران و ئاوارەکان راپۆرتیانداوە لەسەر گێچەڵی سێکسی بەردەوام، لەناو کەمپ و لەناو شارەکان.

کاندیدە سیاسییە ئافرەتەکان رووبەڕووی گێچەڵی سەر ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتەوە، لەوانە پۆستکردنی وێنە و ڤیدیۆی رووت یان وروژێنەر، کە هەندێک جار ساختە بوون و ئامانجیان زیانگەیاندن بووە بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی کاندیدەکە.

<u>کۆنترۆڵکردنی زۆرەملێی زیادبوونی دانیشتوان</u>: هیچ راپۆرتێک نەبوو لەسەر بەزۆر لەباربردنی منداڵ یان خەساندن لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە.

<u>جیاکاری</u>: بەڕێوەبەرایەتی توانادارکردنی ئافرەتانی عێراق لە ئەنجومەنی وەزیران، لایەنی سەرەکیی حکومییە بۆ پرسەکانی ئافرەتان. ئەگەرچی دەستور زامنی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت دەکات، یاسا هەمان پێگەی یاسایی نەداوە بە ئافرەتان کە دەیدات بە پیاوان. یاساکانی تاوان، خێزان، باری کەسیی، ئایینی و میرات و یاسای کار، جیاکاری دەکەن لەدژی ئافرەتان. ئافرەتان ئەزمونی جیاکاری دەکەن لە بوارەکانی هاوسەرگیری، جیابوونەوە، لەخۆگرتن

(حضانة)ی منداڵ، کار، موچە، خاوەندارێتی یان بەڕێوەبردنی بزنس یان موڵک، پەروەردە، پرۆسەی دادوەری و نیشتەجێبوون.

بۆ نموونە، لە دادگا شاهیدی ئافرەت نیو بەهای شاهیدی پیاوی هەیە لە هەندێک کەیسدا، بەڵام لە هەندێک کەیسی تردا یەکسانن. یاسا بەگشتی ڕێگەدەدات بە ئافرەتان ڕێکاری یاسایی تەڵاق بگرنەبەر لەدژی هاوسەرەکانیان، بەڵام یاسا تەنها مافی خەرجی منداڵ دەدات بۆ ماوەی دوو ساڵ؛ لە هەندێک کەیسی تردا، پێویستە ئافرەت هەموو یان بەشێکی مارەییەکەی بگێڕێتەوە یان بەپێچەوانەوەوە بڕێک پارە بدات بە هاوسەرەکەی. بەپێی یاسا باوک سەرپەرشتیاری منداڵە، بەڵام دەکرێت دایکی تەڵاقدراو حەزانەی منداڵ وەربگرێت تا تەمەنی 10 ساڵان، ئەمەش بە بڕیاری دادگا درێژ دەکرێتەوە تا تەمەنی 15 ساڵان، پاش ئەوە منداڵ دەتوانێت بڕیار بدات لەگەڵ دایک یان باوک بژی.

هەموو گروپە ئاینییە دانپێدانراوەکان دادگای باری کەسیی خۆیان هەیە، کە بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی هاوسەرگیری، تەڵاق و پرسەکانی میرات، هەروەها جیاکاری لەدژی ئافرەتان لە بوارەکانی باری کەسیی، بەپێی گروپە ئاینیەکە دەگۆڕێت. شرۆڤەی حکومەت بۆ شەریعە بنەمایە بۆ یاسای میرات بۆ هەموو هاووڵاتیان، جگە لە گروپە کەمایەتییە دانپێدانراوەکان. لە هەموو کۆمەڵگەکان، پێویستە نێرینەی جێنشین پاڵپشتی دارایی ئەندامانی مێینە بکات، کە میراتی کەمتریان بەردەکەوێت. ئەگەرنا، ئافرەت مافی هەیە سکاڵا تۆماربکات.

یاسا مافی یەکسان دەدات بە پیاوان و ئافرەتان بۆ خاوەندارێتی یان بەڕێوەبردنی زەوی یان موڵک، بەڵام نەریتە کولتوری و ئاینییەکان بەربەستن لەبەردەم مافەکانی موڵکداری ئافرەتان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندییەکان.

یاسا و دابونەریت بەگشتی ڕێز لە ئازادیی جوڵەی ئافرەتان ناگرن. بۆ نموونە، یاسا ڕێگرە لە ئافرەت داوای پاسپۆرت بکات بەبێ ڕەزامەندی وەلی ئەمری نێرینە یان نوێنەری یاسایی (بڕوانە بەشی .2.d). ئافرەتان، بەبێ ڕەزامەندی کەسێکی نزیکی نێرینە، ناتوان بەڵگەنامەی باری شارستانی بەدەستبهێنن، کە پێویستە بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کۆمەکی خۆراک، چاودێری تەندروستی، پەروەردە، و خانووبەرە.

هاوکات ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕاپۆرتیانداوە لەسەر ئەو کەیسانەی کە تێیدا دادگا تۆماری ئافرەتی ئێزیدیان گۆڕیوە بۆ موسوڵمان، بەپێچەوانەی خواستی خۆیانەوە، لەبەرئەوەی بەزۆر هاوسەرگیریان لەگەڵ جەنگاوەرانی داعش پێکراوە.

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک پاراستنی زیاتر دابین دەکات بۆ ئافرەتان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و دەستەی چاودێری مافەکانی ئافرەتان هەن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، ڕێگرتن و کاردانەوە بەرامبەر جیاکارییەکان، بەڵام ئەم پاراستنانە بەشێوەیەکی تەبا پەیڕەوناکرێن. یاساکانی تری هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی یاسا فیدراڵییەکانن، هەروەها ئافرەتان ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە. یاسای هەرێمی کوردستان ڕێگەدەدات بە ئافرەتان مەرجی پێش هاوسەرگیری دابنێن بۆ جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی، لە چەندین دۆخی زیاتر لەوەی یاسای عێراق ڕێگەی پێدەدات، هەروەها هاوکاری دارایی بۆ ئافرەتی جیابوەوە دابین دەکات، بۆ ماوەی پێنج ساڵ پاش چاودێری منداڵ.

## منداڵان

تۆمارکردنی لەدایکبوون: دەستور دەڵێت کە هەر کەسێک، کە بەلای کەمەوە یەکێک لە باوانی هاوڵاتی بێت، دەبێت بە هاوڵاتی. شکستخواردن لە تۆمارکردنی لەدایکبوون بۆتە هۆی بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک پەروەردە، خۆراک، و چاودێری تەندروستی. ئافرەتانی سەڵت و بێوەژن زۆرجار کێشەیان هەبوە لە تۆمارکردنی منداڵەکانیان. ئەگەرچی لە زۆربەی کەیسەکاندا دەسەڵاتەکان بڕوانامەی لەدایکبوونیان بەخشیوە پاش تۆمارکردنی لەدایکبوونەکە لەڕێگەی وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ، بەڵام وەک دەگوترێت هەندێک جار ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز بووە. حکومەت بەگشتی پابەندە بە مافەکان و خۆشگوزەرانی منداڵانەوە، ئەگەرچی منداڵانی ناهاوڵاتی لە کۆمەکەکان بێبەش کردوە. ئاژانسە مرۆییەکان ڕاپۆرتیانداوە کە کێشەی بەربڵاو هەیە بۆ ئەو منداڵانەی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەدایکبوون لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی لەدایکبوونی حکومیی. نزیکەی 45.000 منداڵی ئاوارە کە لە کەمپەکان دەژین بەڵگەنامەی مەدەنییان نییە، وەک بڕوانامەی لەدایکبوون، هەروەها ئەم پرسە کاریگەری هەبووە لەسەر زۆر ئاوارەی ناوخۆیی کە لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین.

پەروەردە: پەروەردەی سەرەتایی ناچارەکی (زۆرەملێ)یە بۆ منداڵانی هاوڵاتی بۆ شەش ساڵی یەکەمی قوتابخانە و تا تەمەنی 15 ساڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق؛ پەروەردە بێبەرامبەر دابین دەکرێت بۆ هاوڵاتیان. دەستگەیشتنی یەکسان بە پەروەردە بۆ کچان هێشتا گرفتە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندییەکان و ناوچە نائارامەکان. ئاماری دروستی نوێ بەردەست نییە لەسەر تۆمارکردن، چوونە قوتابخانە یان تەواوکردن.

قوتابخانەکان بەردەوام بوون لە داخران لە مانگی شوبات بەداوە، بەمەش زیاتر لە دە ملیۆن قوتابی لە دەرەوەی قوتابخانە بوون. یونسێف (UNICEF) پاڵپشتی وەزارەتی پەروەردەی کرد بۆ فراوانکردنی وانەکان لەڕێگەی تەلەڤزیۆنی پەروەردە و سەکۆ دیجیتاڵەکانەوە. بەڵام دەستگەیشتنی منداڵان بە سەکۆ دیجیتاڵە بەدیلەکان لەڕێگەی ئەنتەرنێت و تەلەڤزیۆن، ئاستەنگی هەبوو بەهۆی سنوورداری ئەنتەرنێت و بەردەست نەبوونی ئامێرە دیجیتاڵەکان و نەبوونی کارەبا. هاوکات وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە ڕێنمایی دەرنەکرد بۆ بەڕێوەبردنی فێربوونی لەدوور.

پێشێلکاری بەرامبەر منداڵ: ئەگەرچی دەستور "هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و پێشێلکاری ناو خێزان" قەدەغەدەکات، بەڵام یاسا بەڕوونی توندوتیژی خێزانی قەدەغە ناکات، بەڵکو ڕێگەدەدات بە پیاو، هاوسەر و منداڵەکانی تەمبێ بکات "لە چوارچێوەی هەندێک سنووردا کە یاسا یان عورف دیاریکردوون." یاسا پاراستن دابین دەکات بۆ ئەو منداڵانەی دەبنە قوربانی توندوتیژی خێزانی یان لە پەناگەکان، خانەکانی دەوڵەت و خانەی بێسەرپەرشتیاران دەژین، لەگەڵ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و پەروەردە. بەپێی ڕاپۆرتەکان هێشتا توندوتیژی دژی منداڵان کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام هیچ ئامارێکی دروست و نوێ بەردەست نییە لەسەر ئاستی کێشەکە. ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان ڕاپۆرتیانداوە کە حکومەت پێشکەوتنی کەمی بەدیهێناوە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی نیشتیمانی بۆ پاراستنی منداڵ 2017.

یونسێف (UNICEF) مەزەندەی کردوە کە لەمیانەی ساڵەکەدا، بەلای کەمەوە 1.64 ملیۆن منداڵ، کە نیوەیان کچن، پێویستیان بەلای کەم یەک جۆر خزمەتگوزاری پاراستن هەیە. یونسێف و هاوبەشە جێبەجێکارەکانی بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونیی؛

بەڕێوەبردنی کەیس و خزمەتگوزارییە پسپۆڕییەکان بە منداڵان، لەوانە تۆمارکردنی لەدایکبوون، بەڵگەنامە مەدەنییەکان و هاوکاری یاسایی؛ هەروەها بونیاتنانی تواناکانی هاوبەشە نیشتیمانییەکان. هاوکات یونسێف کاری کردوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و هاوبەشانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دانانی میکانیزمی رەوانەکردن و ڕێکخستنەکانی چاودێری بەدیل بۆ منداڵانی کاریگەر بە کۆڤید-19. کەرەستەی خۆپارێزییان کڕی و دابەشکرد بەسەر 2.511 منداڵ لە چاکسازییەکان و خانەکانی بێسەرپەرشتان، هەروەها بەردەوامبوون لە داکۆکیکردن بۆ ئازادکردنی منداڵان لە زیندان. لەسەرەتای پەتاکەوە کۆی 440 منداڵ ئازادکران لە بەندینخانەکان. لیژنەی چاودێری و راپۆرتدان (Country Task Force on Monitoring and Reporting) 24 کەسی پێشێلکاری گەورەی پشتڕاستکردەوە کە کاریگەرییان لەسەر 23 منداڵ هەبووە، بە بەراورد بە 16 کەیسی پشتراستکراوە کە کاریگەریان هەبوو لەسەر 16 منداڵ لە چارەکی پێشتر.

یاسای هەرێمی کوردستان توندوتیژی خێزانیی بە تاوان هەژماردەکات، لەناویاندا پێشێلکاری جەستەیی و دەروونی، هەڕەشەی توندوتیژی. حکومەت حوکمەکانی یاساکەی جێبەجێ کردوە، بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان راپۆرتیانداوە کە ئەم پرۆگرامانە کاریگەر نەبوون لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی منداڵان. وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە و رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێڵی گەرمی بێبەرامبەریان هەیە بۆ راپۆرتدان لەسەر پێشێلکارییەکان لەدژی مافەکانی منداڵان، یان بۆ وەرگرتنی راوێژ لەم بارەیەوە. چەندین راپۆرت هەبوون سەبارەت بە پێشێلکاری بەرامبەر منداڵ لەماوەی ساڵەکەدا. چالاکوانان راپۆرتیانداوە لەسەر بەربڵاوی خراپەکاری و دەستدرێژی سێکسی لەلایەن کەسی نزیک و هەندێک لە قوربانیەکان راپۆرتیان لەسەر تاوانەکە نەداوە لەترسی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە.

<u>هاوسەرگیری منداڵ و هاوسەرگیری بەزۆر</u>: کەمترین تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری 18 ساڵە، بەڵام یاسا ڕێگەدەدات بە دادوەران منداڵی تەمەن 15 ساڵان هاوسەرگیری پێبکەن، ئەگەر لەڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە گونجاو بوو و سەرپەرشتیارەکەی هیچ ناڕەزاییەکی گونجاوی نەبوو. یاسا هاوسەرگیری بەزۆر بە تاوان هەژمارکردوە، بەڵام ئۆتۆماتیکی هاوسەرگیری ئەنجامدراو هەڵناوەشێنێتەوە. بەپێی راپۆرتەکان حکومەت هەوڵی کەمی داوە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە. هاوسەرگیری نەریتی و هاوسەرگیری بەزۆری کچان، لەوانە هاوسەرگیری کاتیی، لەسەرانسەری وڵات ڕوودەدەن. یونسێف راپۆرتیداوە لەسەر بەربڵاوی هاوسەرگیری منداڵ بەهۆی ناکۆکییەکان و ناسەقامگیری ئابوری، لەبەرئەوەی زۆر خێزان پێشوەخت کچەکانیان داوە بە ئامۆزای خۆیان یان سەربەهەوێ. هەندێکی تر کچەکانیان وەک منداڵی بووک داوە بە گروپە چەکدارەکان بۆ زامنکردنی سەلامەتی خۆیان، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکان یان بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی گوزەران بۆ کۆی خێزانەکە.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تەمەنی هاوسەرگیری یاسایی 18 ساڵانە، بەڵام یاسای هەرێمی کوردستان ڕێگەدەدات بە دادوەر مۆڵەتی هاوسەرگیری بدات بە منداڵی تەمەن 16 ساڵان، ئەگەر بە رەزامەندی خۆیان هاوسەگیری بکەن و ڕێگەپێدانیان وەرگرتبێت لە وەلی ئەمری یاساییان.. یاسای هەرێمی کوردستان هاوسەرگیری بەزۆر بە تاوان هەژماردەکات و رایدەگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هاوسەرگیری ئەنجامدراو هەڵناوەشێنێتەوە. بەپێی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئاوارەکان و پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هاوسەرگیری منداڵ و فرەژنی، بەڕێژەیەکی زیاتر لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق،

ئەنجام دەدەن. هەندێک پیاوی کورد دەچنە ناوچەکانی تر عێراقی فیدراڵ بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵ، لەبەرئەوەی لەوێ یاساکان وەک هەرێم توندنین.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی پۆلیس و کارمەندی ئۆفیسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دیاریکردوە بۆ ئاشکراکردنی باوان کە دەیانەوێت هاوسەرگیری بەزۆر بە منداڵەکانیان بکەن، هەروەها هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە پێشکەش دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سیکسی.

<u>خراپ بەکارهێنان (ئیستغلال)ی سێکسی منداڵان</u>: یاسا خراپ بەکارهێنانی منداڵانی بۆ مەبەستی بازرگانی، لەشفرۆشی هەروەها هەموو جۆرەکانی پۆرنۆگرافی منداڵ (وێنە و فیلمی سێکسی منداڵ)ی قەدەغە کردوە. لەشفرۆشی منداڵان یەکێک بوو لە کێشەکان، هاوشێوە هاوسەرگیری کاتیی، بەتایبەتی لەناو ئاوارەکان. لەبەرئەوەی تەمەنی بەرپرسیارێتی یاسایی تاوان نۆ ساڵە لە ناوەند و 11 ساڵە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەسەڵاتەکان زۆرجار منداڵە خراپ بەکارهاتووەکان وەک تاوانبار مامەڵە دەکەن لەجیاتی ئەوەی وەک قوربانی سەیریان بکەن. سزاکان بۆ حوکمی خراپ بەکارهێنانی منداڵ بۆ مەبەستی بازرگانی لەنێوان غەرامە و زیندانیکردن و سزای مەرگدایە. هیچ زانیارییەک بەردەست نەبوو لەسەر کاریگەریی جێبەجێکردنی حکومەت.

<u>منداڵانی ئاوارە</u>: نائارامی و پێکدادانی چالاک لەنێوان هێزەکانی حکومەت و داعش بۆتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری منداڵان. پێشێلکارییەکانی هێزەکانی حکومەت، بەتایبەتی هەندێک گروپی دیاریکراوی حەشدی شەعبی، بوونەتە هۆی ئاوارەبوون. بەهۆی پێکدادانەکانی سوریا، ژمارەیەکی زۆر منداڵ و دایکی سەڵت لە سوریاوە پەنایان هێناوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. بەپێی راپۆرتی یونسێف (UNICEF) نزیکەی نیوەی ئاوارەکان منداڵن.

<u>رفاندنی نێودەوڵەتی منداڵ</u>: عێرق ئەندام نییە لە پەیمانی لاهای 1980 لەسەر بوارە مەدەنییەکانی رفاندنی نێودەوڵەتی منداڵ ( Hague Convention on the Civil Aspects of International Child Abduction).
بڕوانە راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوە لەسەر رفاندنی نێودەوڵەتی منداڵ لەم لینکە:

https://travel.state.gov/content/travel/en/International-Parental-Child-Abduction/for-providers/legal-reports-and-data/reported-cases.html.

## دژەسامی

یاسای سزادانی عێراقی فیدراڵ دەقی کردوە کە هەر کەسێک حوکم بدرێت لەسەر بڵاوکردنەوەی پرنسیپەکانی زایۆنیزم، ئەندامێتی لە رێکخراوە زایۆنیستییەکان، هاوکاریکردنی ئەم جۆرە رێکخراوانە لەڕێگەی پاڵپشتی ماددی یان مەعنەوی، یان کارکردن بەهەر شێوەیەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی زایۆنیزم، سزا دەدرێت بە مردن. بەپێی یاسای سزادان، قەدەغەیە جووەکان بچنە ناو سوپا و ناتوانن لە کەرتی گشتی کاربکەن. بەڵام لە پیادەکردندا، هەرێمی کوردستان ئەم یاسا دژە-زایۆنیزمەی حکومەتی ناوەندی جێبەجێ نەکردوە، بەڵکو پشت

دەبەستێت بە یاسای ژمارەی پێنجی هەرێمی کوردستان، کە پاراستن دابین دەکات بۆ مافەکانی کەمایەتیە ئاینییەکان، لەناویندا جووەکان.

ژمارەیەکی کەمی هاوڵاتی جوو لە بەغداد دەژین. بەپێی ئامارە نافەرمییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەنێوان 100 تا 300 خێزانی جوو لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەژین. جڤاتی جووەکان بەئاشکرا پەرستشی خۆیان ناکەن، لەترسی تۆڵە، جیاکاری، یان توندوتیژی لەلایەن بکەرە توندڕەوەکانەوە. وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێک لە حەوت بەڕێوەبەرایەتییەکەی تەرخان کردوە بۆ کاروباری جووەکان. هیچ ڕاپۆرتێک نەبوو لەسەر کردەی دژەسامی لە وڵات لەماوەی ساڵدا.

## بازرگانیکردن بە مرۆڤ

بڕوانە ڕاپۆرتی بازرگانیکردن بە مرۆڤی وەزارەتی دەرەوە لەم لینکە: https://www.state.gov/trafficking-in-persons-report/.

## کەسانی خاوەن کەمئەندامی

بەپێی دەستور، پێویستە حکومەت، لەڕێگەی یاسا و ڕێنماییەکانەوە، زامنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تەندروستی کەسانی خاوەن کەمئەندامی بکات، وەک پاراستن لە جیاکاری و دابینکردنی پرۆگرامی نیشتەجێکردن و پرۆگرامی تایبەتی چاودێری و ڕاهێنانەوە، بەڵام هیچ یاسایەک جیاکاری لەدژی کەسەکان قەدەغە ناکات لەسەر بنەمای جەستەیی، هەستەکیی، ژیریی یان کەمئەندامی مێشکی. کەسانی خاوەن کەمئەندامی دەستگەیشتنی سنووردرایان هەیە بە پەروەردە، کار، خزمەتگوزاری تەندروستی، زانیاری، گەیاندن، بیناکان، گواستنەوە و سیستمی دادوەری و خزمەتگوزارییەکانی تری دەوڵەت.
ئەگەرچی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد لە ساڵی 2016 کە فەرمان دەدات بە ئاسانکردنی دەستگەیشتنی کەسانی خاوەن کەمئەندامی بە بیناکان و شوێنەکانی کار و پەروەردە، بەڵام جێبەجێکردنی ناتەواو بۆتە هۆی سنووردارکردنی دەستگەیشتن.

لە مانگی ئاب، پاش کۆمەڵێک ڕاپۆرت لەسەر دواکەوتنی پارەدانی کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان بە کەسانی خاوەن کەمئەندامی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی داوای لە حکومەت کرد دڵنیایی بکات لە تەرخانکردنی ئەم کۆمەکانە لەناو بودجەی فیدراڵی. ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان ڕاپۆرتیانداوە، سەرەڕای ئەوەی حکومەت ستراتیژێکی درێژخایەنی پەسەندکردوە بۆ پەرەپێدانی درێژخایەنی کەسانی خاوەن کەمئەندامی، بەڵام جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەم پرۆگرامە هێشتا لاوازبوو لە ماوەی ساڵەکەدا. کەسانی خاوەن کەمئەندامی بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و گرفتی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، پەروەردە و کار.

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی کۆمسیۆنی سەربەخۆی چاودێری کەسانی خاوەن کەمئەندامی دەکات. هەر هاوڵاتیەکی عێراقی کە داوای وەرگرتنی خزمەتگوزارییە حکومییە پەیوەستەکان بە کەمئەندامی بکات، پێویستە سەرەتا هەڵسەنگاندنی کۆمسیۆنی بۆ بکرێت. بریکاری وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی

کوردستان سەرۆکایەتی کۆمسیۆنێکی هاوشێوە دەکات، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتەوە لە وەزارەت بەڕێوەدەبرێت.

کۆتای 5 لەسەتی کاری کەرتی گشتی هەیە بۆ کەسانی خاوەن کەمئەندامی، بەڵام جیاکاری کار درێژەی هەیە (بڕوانە بڕگەی .7.d). هاوکاری تەندروستی مێشکی (دەروونی) بۆ بەندکراوانی خاوەن کەمئەندامی بوونی نییە.

وەزارەتی تەندروستی چاودێری تەندروستی، کۆمەک و ڕاهێنانەوە، ئەگەر بەردەست بن، دابین دەکات بۆ ئەو کەسانەی کەمئەندامیان هەیە، کە هاوکات دەتوانن کۆمەک لە فەرمانگەکانی تر وەربگرن، لەناویاندا نووسینگەی سەرۆک وەزیران. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چەندین دامەزراوەی هەیە بۆ منداڵان و لاوانی خاوەن کەمئەندامی. وەزارەت پرۆگرامی قەرزی هەیە بۆ کەسانی خاوەن کەمئەندامی بۆ ڕاهێنانی پیشەیی.

یاسای هەرێمی کوردستان پاراستنی زیاتر دابین دەکات بۆ کەسانی خاوەن کەمئەندامی، وەک مەرجی دامەزراندنی 5 لەسەت لە کەسانی کەمئەندام لە دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و 3 لەسەت لە کەرتی تایبەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتیداوە کە 12.068 فەرمانبەری گشتی خاوەن کەمئەندامی هەبووە لەماوەی ساڵەکەدا. حکومەتی هەرێمی کوردستان 100.000 دیناری مانگانە وەک دەرماڵەی کەمئەندامی دەدات بە فەرمانبەران و 150.000 دینار موچەی کەمئەندامی بەو کەسانەی فەرمانبەر نین.

داکۆیکارانی مافەکانی کەمئەندامی لە هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتیانداوە کە پاراستنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کەمئەندامان جێبەجێ ناکرێن، لەوانە مەرجی 5 لەسەت دامەزراندن. نەبوونی دەستگەیشتن هێشتا گرفتە بۆ زیاتر لە 98 لەسەتی باڵەخانە گشتییەکان، پارکەکان، هەروەها هۆیەکانی گواستنەوە ڕێکاری هاوکاریکردنیان تێدا نییە بۆ زیاتر لە 110.000 کەسی خاوەن کەمئەندامی تۆمارکراو لە هەرێم. داکۆکیکارانی مافەکانی کەمئەندامان ڕاپۆرتیانداوە کە ڕێژەی کارکردن لەناو کەمئەندامان نزمە و زۆر گەنجی خاوەن کەمئەندامی جەستەیی و مێشکی دەستگەیشتنیان نییە بە دەرفەتەکانی خوێندن.

## ئەندامانی گروپی کەمایەتیە نەتەوەیی/ڕەچەڵەک/ئیتنیکیەکان

دانیشتوانی وڵات پێکدێن لە عەرەب، کورد، تورکمان و شەبەک، هەروەها کەمایەتیە ئیتنی و ئاینییەکانی وەک کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، بەهایی، کاکەیی، و ژمارەیەکی کەم جوو. هاوکات لە وڵات کۆمەڵگەی بچوکی دۆم (ڕۆمانی) هەیە، لەگەڵ نزیکەی 500 هەزار هاوڵاتی بەڕەچەڵەک ئەفریکی، کە زیاتر لە بەسرە و پارێزگاکانی دەوروبەری دەژین. لەبەرئەوەی ئایین، سیاسەت و ئیتنیک زۆرجار پێکەوەبەستراون، سەخت بوو پۆلێنی ڕووداوەکان بکەین تەنها لەسەر بنەمای شوناسی ئیتنیکی یان ئاینیی.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW) لە 19 تەموز ڕاپۆرتیداوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگری کردوە لە گەڕانەوەی هەزاران خێزانی عەرەب بۆ ماڵەکانیان لە دهۆک، لەوانە خێزانەکانی خەڵکی پێنج گوندی ناحیەی ڕەبیعە لە نەینەوا، کە لە ساڵی 2014ەوە ئاوارەبوون. ڕێکخراوی چاودێری مامی مرۆڤ (HRW) بانگەشەی ئەوەی کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ڕێگە بە گەڕانەوەی خێزانە کوردەکان دەدات.

شەڕی ئیتنی و تایەفی بەردەوام بوو لە پارێزگا تێکەڵەکان، ئەگەرچی بە ڕێژەی نزمتر لە ساڵی 2019. لە مانگی نیسان، چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر گوندێکی کاکەییەکان لە کەرکوک و پێنج کەسیان کوشت، هەروەها لە مانگی حوزەیران، داعش هێرشێکی تری کردە سەر گوندێک لە نزیک خانەقین، پارێزگای دیالە و شەش کەس کوژران و شەشی تر بریندار بوون.

لە مانگی ئەیلول میدیا ناوخۆییەکان راپۆرتیاندا کە پیاوانی خێڵە عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر پەلکانە، گوندێکی کوردی لە پارێزگای کەرکوک، بەمەبەستی دەرکردنی کوردانی دانیشتوانی گوندەکە. پیاوە خێڵەکییەکان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژیان کرد لەدژی خێزانە کوردەکان، ئەگەر ئامادەنەبن بڕۆن. پۆلیسی خۆجێی ئاگادارکرایەوە لە پێشێلکارییەکان بەڵام ئامادەنەبوون دەستوەردان بکەن.

یاسا ڕێگەی بە هەندێک گرووپی ئاینیی نەداوە، وەک بەهای، زەردەشتی و کاکەیی کە خۆیان وەک ئایین تۆماربکەن، ئەگەرچی ئەمانە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، بەڵام هێشتا لە عێراق ددانیان پێدانەنراوە و نایاساییێن. یاسا ڕێگەنادات بە موسوڵمان بچێتە سەر ئاینێکی تر. لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم یاسایە بەدەگمەن جێبەجێ دەکرێت و تاکەکەسەکان بەگشتی ئازادن لە گۆڕینی ئایین بەبێ دەستوەردان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (بڕوانە بڕگەی 2.d. و بڕگەی 6 منداڵان).

هێزەکانی حکومەت، بەتایبەتی هەندێک گرووپی دیاریکراوی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی تر، کەمایەتییە ئیتنی و ئاینییەکانیان کردۆتە ئامانج، بەهەمان شێوەی پاشماوەی چەکدارە چالاکەکانی داعش.

بەدرێژایی ساڵەکە، جیاکاری بەردەوام بوو لە وروژاندنی گرژییە ئیتنیکی و مەزهەبییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان. هەندێک لە هێزەکانی حکومەت، لەناویاندا یەکەکانی حەشدی شەعبی، چەندین کەسیان بەزۆر ئاوارە کردوە بەهۆی گومانی پەیوەندیی لەگەڵ داعش یان لەبەر هۆکاری ئیتنی و مەزهەبی.

زۆرینەی کەسە بەڕەگەز ئەفریکیەکان، کە هەندێکیان بێدەوڵەتن، لە هەژاری سەختدا دەژین و ڕێژەی نەخوێندەواری و بێکاری لەناویاندا بەرزە. لە سیاسەتدا نوێنەرایەتی نەکراون، هەروەها هیچ پۆستێکی باڵای حکومییان نییە. هاوکات، دەڵێن کە جیاکاری لەدژیان بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانن کاری حکومیی بەدەستبهێنن. ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە کێشەی بەدەستهێنانی دادوەرییان هەیە سەبارەت بە زەویە دەستبەسەراگیراوەکانیان لەکاتی جەنگی عێراق-ئێران.

## کردەکانی توندوتیژی، جیاکاری، و پێشێلکارییەکانی تر لەسەر بنەمای ئاراستەی سێکسی و شوناسی جێندەری

یاسای سزادان کردەی سێکسی هاوڕەگەزی ئارەزوومەندانە وەک تاوان هەژماردەکات، ئەگەر بەشداران تەمەنیان لەخوار 18 ساڵان بێت، بەڵام چالاکیی سێکسی هاوڕەگەزی نێون گەوران وەک تاوان هەژمارناکات. سەرەڕای هەڕەشەی دووبارە و توندوتیژی دژی کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، رەگەزگۆڕاو و رەگەزتێکەڵ (LGBTI)، حکومەت شکستیخواردوە لە دەستنیشانکردن، گرتن و دادگاییکردنی پەلاماردەران یان پاراستنی کەسانی بەئامانجکراو.

لە مانگی مایس وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەرکۆنەی باڵوێزخانە بیانییەکانی کرد لەسەر سوکایەتیکردن بەوەی ناویبرد بە "نەریت و بەها"کانی وڵات، پاش ئەوەی شاندی یەکێتی ئەوروپا ئاڵای پەلکەزێرینەی بەرزکردەوە، کە بەگشتی پەیوەست کراوە بە کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو و ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI)، لە ڕۆژی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داژایەتیکردنی کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو و ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI). هاوکات چەند سەرکردەیەکی عێراقی لە ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان، سەرکۆنەی ڕووداوەکەیان کرد، هەندێک داوای داخستنی شاندی یەکێتی ئەوروپایان کرد. چەند ڕۆژێک دواتر، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاپۆرتیاندا لەسەر کوژرانی پیاوێکی گەنجی هاوڕەگەزخواز لە گەڕەکی سەدر لە بەغداد و کەسێکی تر لە پارێزگای بابل، لە کاردانەوەیەکی ئاشکرادا بەرامبەر بەرزکردنەوەی ئاڵاکە.

هاوشێوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو و ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI) ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە. کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو و ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI) ڕاپۆرتیانداوە کە ناتوانن لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەئاشکرا و بەبێ ترسی توندوتژی بژین لەلایەن ئەندامانی خێزان و کەسانی ناسراو و نەناسراو. ڕێکخراوی ڕاسان بۆ هۆشیاری لەسەر توندوتیژی جێندەری و (LGBTI)، ڤیدیۆیەکی دۆکۆمێنتاری بڵاوکردۆتەوە دەربارەی کاریگەری کۆڤید-19 لەسەر کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو و ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو و ڕەگەزتێکەڵ (LGBTI) ئاستەنگیان هەیە بۆ قبوڵکردن لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیان بەهۆی ترس لە توندوتیژی، سوکایەتی زارەکیی و کوشتن.

بەپێی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەو عێراقیانەی ئەزموونی جیاکاری تووند، ئەشکەنجە، برینداری جەستەیی و هەڕەشەی کوشتن بوونەتەوە لەسەر بنەمای ئاراستەی سێکسی ڕاستەقینە یان گومانلێکراو، شوناس و دەربڕینی جێندەر و خەسڵەتە سێکسییەکان، هیچ ڕێگەیەکیان نەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کردارانە لەڕێگەی دادگاکان یان دامەزراوەکانی حکومەتەوە.

# بڕگەی 7. مافەکانی کرێکاران

## A. ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو و مافی دانوستانی بەکۆمەڵ

دەستور دەڵێت کە هەموو هاوڵاتیان مافی پێکهێنان و پەیوەندیکردنیان هەیە بە سەندیکا و ڕێکخراوی پیشەییەوە. بەڵام، یاسا قەدەغەی دەکات لەدەرەوەی فیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی عێراق، کە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکراوە، سەندیکای سەربەخۆ لە شوێنی کار لەلایەن کەمتر لە 50 کرێکارەوە پێکبهێنرێت. یاسا جیاکاری دژەسەندیکایی قەدەغە ناکات و ئەو

کرێکارانە ناگەڕێنێتەوە سەر کار کە بەهۆی چالاکی سەندیکاییەوە دەرکراون. یاسا ڕێگە بە کرێکاران دەدات نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن بۆ دانوستانی بەکۆمەڵ، تەنانەت ئەگەر ئەندامی سەندیکاش نەبن، هەروەها ماف دەدات بە کرێکاران زیاتر لە یەک سەندیکایان هەبێت لە شوێنی کار. لە مانگی حوزەیران، حکومەت پەیمانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ژمارە 87 (ئازادی ڕێکخراوەیی و پاراستنی مافی خۆڕێکخستن)ی پەسەندکرد.

هاوکات یاساکە کەسانی بەکارخراو لەلایەن کۆمپانیاکانی دەوڵەتەوە (کە 10 لەسەتی هێزی کار پێکدەهێنن) وەک فەرمانبەری کەرتی گشتی هەژماردەکات. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەردەوامن لە لۆبیکردن بۆ دەرکردنی یاسای سەندیکا بۆ زیادکردنی مافە سەندیکاییەکان.

کرێکارانی کەرتی تایبەت لەو شوێنانەی کار کە زیاتر لە 50 کرێکاریان هەیە دەتوانن لیژنەی کرێکاران پێکبهێنن --لقی سەندیکان کە مافی سنوورداریان هەیە--بەڵام زۆربەی بیزنسەکانی کەرتی تایبەت کەمتر لە 50 کرێکاریان هەیە.

دادگاکانی کار دەسەڵاتیان هەیە بۆ تاوتوێکردنی پێشێلکارییەکانی یاسای کار و ناکۆکییەکان، بەڵام هیچ زانیارییەک بەردەست نەبوو لەسەر جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان، لەناویاندا ئایا ڕێکارەکان خێرا و کاران یان ئایا سزاکان گونجاون لەگەڵ یاساکانی تری پەیوەست بە بێبەشکردن لە مافە مەدەنییەکان، وەک جیاکاری. مانگران و ڕابەرانی سەندیکا پێشتر ڕاپۆرتیانداوە کە بەرپرسانی حکومەت هەڕەشەیان لێدەکەن و گێچەڵیان پێدەکەن.

یاسا ڕێگە بە دانوستانی بەکۆمەڵ و مافی مانگرتن دەدات لە کەرتی تایبەت، ئەگەرچی لە کرداردا، دەسەڵاتدارانی حکومەت هەندێک کات پێشێلی مافەکانی دانوستانی بەکۆمەڵی کرێکارانی کەرتی تایبەت دەکەن. هەندێک لە سەندیکاکان دەتوانن ڕۆڵی پاڵپشت بگێڕن لە ناکۆکییەکانی کاردا، هەروەها مافیان هەیە داوای ناوبژیوانی لە حکومەت بکەن.

## B. قەدەغەکردنی کاری بەزۆر یان زۆرەملێ

یاسا قەدەغەی هەموو جۆرەکانی کاری بەزۆر یان زۆرەملێ دەکات--لەناویاندا کویلایەتی، کارکردن بەرامبەر قەرز، و بازرگانیکردن بە مرۆڤ--بەڵام حکومەت بەشێوەیەکی کاریگەر چاودێری یاساکەی نەکردوە یان جێبەجێی نەکردوە. سزاکان گونجاو نەبوون لەگەڵ تاوانە گەورە و هاوشێوەکانی وەک ڕفاندن.

خاوەنکارەکان کرێکاری کۆچبەری بیانی، بەتایبەتی کرێکارانی بیناسازی، پاسەوان، خاوێنکەرەوە، چاککەرەوە و کرێکاری ماڵانیان ڕووبەڕووی بەزۆر کارکردن کردۆتەوە، دەستیانگرتوە بەسەر پاسپۆرت و بەڵگەنامەکانی تر و کارتی بانک و مۆبایل، هەروەها جوڵە و پەیوەندییەکانیان سنوردارکردوون، پێشێلکاری جەستەیی، گێچەڵی سێکسی و لاقەکردنیان ئەنجامداوە، موچەیان نەداون و بەزۆر کاتی زێدەکیی کاریان پێکردوون. چەندین کەیس هەبوو کە خاوەنکار دەستی بەسەر بەڵگەنامەکاندا گرتوە، پارەدانی بەپێی گرێبەست ڕاگرتوە، و ڕێگەی لە کرێکارانی بیانی گرتوە شوێنی کار بەجێبهێڵن.

خاوەنکارەکان بەزۆر کاری ماڵانیان بە ئافرەتان کردوە لەڕێگەی هاوسەرگیری بەزۆر و هەڕەشەی تەڵاق، هەروەها ئەو ئافرەتانەی لەم جۆرە هاوسەرگیرییە ڕایانکردوە یان

مێردەکانیان تەڵاقیانداون، ڕووبەڕووی لۆمەی کۆمەڵایەتی و بەزۆر کارکردنی تر بوونەتەوە. ئاوارە مێینەکان، ئافرەتی سەڵت و بێوەژن لاوازبوون بەرامبەر ئیستیغلالی ئابوری و جیاکاری لە دۆخی کار.

هەروەها بڕوانە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەم لینکە:

https://www.state.gov/trafficking-in-persons-report/.

## C. قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵ و کەمترین تەمەنی کارکردن

دەستور و یاسا خراپترین جۆرەکانی کارکردنی منداڵ قەدەغە دەکەن. لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدان، کەمترین تەمەنی کارکردن 15 ساڵە. یاسا کاتژمێرەکانی کارکردنی سنووردارکردوە بۆ کەسانی خوار تەمەن 18 ساڵ بۆ حەوت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و قەدەغەی کارکردن دەکات لە کاری مەترسیدار بۆ تەندروستی، سەلامەتی و دەروونی کەسانی خوار تەمەن 18 ساڵ. یاسای کار هەرزەکاران ناگرێتەوە (تەمەن 15 بۆ 18) کە لە کاری خێزاندا کاردەکەن و کاڵا بەرهەمدەهێنن تەنها بۆ بەکارهێنانی خێزان. لەبەرئەوەی منداڵان کە لە کاری خێزاندا کاردەکەن بەدەرن لە هەندێک پاراستن لە یاسای کار سەبارەت بە هەلومەرجی کار، ڕاپۆرت هەبوون کە منداڵان کاری مەترسیدار ئەنجام دەدەن لەو کارانەدا کە خێزان خاوەندارێتیان دەکات.

یاسا فەرمان دەکات کە خاوەنکاران تێچووی ساڵانەی پشکنیکی پزیشکی کرێکاری هەرزەکار لەئەستۆ بگرن. منداڵانی نێوان تەمەنی 12 و 15 ساڵان ناچار نەکراون بچن بۆ قوتابخانە، بەڵام هاوکات ڕێگەپێدراو نین کاربکەن. پێشێلکاری حوکمدراو سزا دەدرێت بە زیندانی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ تا شەش مانگ و غەرامە تا یەک ملیۆن دینار (880 دۆلار)، ئەمە دووقات دەبێت ئەگەر پێشێلکارییەکە دووبارە کرایەوە. داتا لەسەر کارکردنی منداڵ سنووردارە، بەتایبەتی سەبارەت بە خراپترین جۆرەکانی کارکردنی منداڵ، ئەم فاکتەرە بۆتە هۆی سنووردارتر کردنی جێبەجێکردنی پاراستنە یاساییەکانی ئێستا. بەپێی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، کارکردنی منداڵ، لەناویاندا خراپترین جۆرەکان، لەسەرانسەری وڵات هەیە. لەوانە سواڵکردنی بەزۆر و خراپ بەکارهێنان و بازرگانی سێکسیی، هەندیک کات لە ئەنجامی بازرگانیکردن بەمرۆڤ.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی کارکردن بە منداڵ لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، هەروەها دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسای کار، هەنگاویان ناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارکردنی منداڵان. حکومەت پرۆگرامی تایبەتی نییە بۆ هاوکاریکردنی منداڵان کە بەشدارن لە خراپترین جۆرەکانی کارکردنی منداڵ. کەلێن هەبوو لە دەسەڵات و کارەکانی وەزارەت، کە ڕێگربوون لە جێبەجێکردنی یاسای کار، وەک کەمی ژمارەی پشکنەران و نەبوونی پارە بۆ ئەنجامدانی پشکنین، نەبوونی دەسەڵاتی دیاریکردنی سزاکان، هەروەها کەمی ڕاهێنانی پشکنەران. پشکنەران بەردەوام بوون لەکارکردن و دەستبەکاربوونەوە لە ناوچە ئازادکراوەکان لە داعش، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی ئاوارەکان و کەمی تواناکان و جەختخستنە سەر سەقامگیرکردنی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەوڵەکانی بەرپرسانی بەرزەفتکردنی یاسا و پشکنەرانی کار بۆ چاودێریکردنی ئەم نەریتانە کاریگەر نەبوون. سزاکانی سەرپێچیکردن هاوسەنگ نین لەگەڵ

سزا دیاریکراوەکان بۆ تاوانە گەورکانی وەک رفاندن. لە هەرێمی کوردستان خوێندن ناچارەکییە تا تەمەنی 15 ساڵ، کە هاوکات کەمترین تەمەنی کارکردنە.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەزەندەی کردوە کە چەند سەت منداڵێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکەن، وەک فرۆشیاری سەرشەقام یان سواڵکەر، ئەمەش لاوازیان دەکات بەرامبەر پێشێلکاری. وەزارەت هێڵێکی گەرمی 24 کاتژمێری هەیە بۆ راپۆرتدان لەسەر پێشێلکاری و کارکردن بە منداڵ، بەڵام مانگانە نزیکەی 200 پەیوەندی دەکرێت.

بڕوانە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەنجامەکانی خراپترین جۆرەکانی کارکردنی منداڵ لەم لینکە:

https://www.dol.gov/agencies/ilab/resources/reports/child-labor/findings/ .

## D. جیاکاری لەبواری کار و پیشە

دەستور دەڵێت هەموو هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن بەبێ رەچاوکردنی جێندەر، ئیتنیک، رەچەڵەک، رەنگ، ئاین، بنەڕەت، بروا یان بۆچوون یان پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی. یاسا جیاکاری قەدەغە دەکات لەسەر بنەمای رەچەڵەک، سێکس، ئایین، بنەڕەتی کۆمەڵایەتی، بۆچوونی سیاسیی، زمان، کەمئەندامی یان پێگەی کۆمەڵایەتی، هەروەها هەر جۆرە گێچەڵێکی سێکسی لە شوێنی کار قەدەغە دەکات. حکومەت ناکارا بووە لە جێبەجێکردنی ئەم حوکمانە. سزاکان گونجاو نین لەگەڵ یاساکانی تری پەیوەست بە مافە مەدەنییەکان، وەک دەستوەردان لە هەڵبژاردن. یاسای کار کارکردنی ئافرەتی سنووردار کردوە لە هەندێک کاتدا و رێگە نادات ئافرەت لەو کارانەدا کاربکەن کە مەترسیدار یان تواناپڕوکێنن. پێویستە ئافرەت رەزامەندی وەلی ئەمری نێرینە وەربگرێت پێش ئەوەی ناسنامەی باری شارستانی پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت کاربکات. یاساکە جیاکاری قەدەغە ناکات لەسەر بنەمای کەمئەندامی، تەمەن، ئاراستەی سێکسی یان شوناسی جێندەری، هەبوونی ئەیدز (HIV)، یان هەر نەخۆشیەکی تری گوێزراوە. یاسا رێگەدەدات بە خاوەنکار گرێبەستی کارێکار هەڵبوەشێنێتەوە کاتێک تەمەنی دەگات بە تەمەنی خانەنشینی، کە بۆ ئافرەت پێنج ساڵ کەمترە. یاسا هەمان پێگەی هاووڵاتی دەدات بە کرێکاری کۆچبەری عەرەب، بەڵام هەمان ئەو مافانە نادات بە کرێکاری کۆچبەری ناعەرەب، کە رووبەڕووی رێوشوێنی توندتری نشینگە و ڤیزەی کارکردن دەبنەوە.

پەنابەران و پەناخوازن بەپێی یاسا مافی کارکردنیان هەیە لە کەرتی تایبەت. حکومەتی ناوەندیی ددانی نەناوە بە پێگەی پەنابەریی فەلەستینییەکان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ددانی پێداناوە و فەلەستینییەکان رێگەیان پێدەدرێت لە کەرتی تایبەت کاربکەن، بەڵام پێویستە ساڵانە رێگەپێدان و پێگەی پەنابەرییان نوێ بکەنەوە. پەنابەرە سورییەکان دەتوانن مۆڵەتی نشینگە و کارکردن وەربگرن و نوێ بکەنەوە لە ناو کەمپەکان و لە دەرەوەی کەمپەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام لە شوێنەکانی تری عێراق ناتوانن.
دەسەڵاتدارانی عێراق ئەو پەنابەرە سوریانەی مۆڵەتی هەرێمی کوردستانیان هەیە و هەوڵی کارکردنیان داوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەستگیرکردوە و رەوانەی هەرێمی کوردستانیان کردونەتەوە. رووپێویێکی (UNHCR) لەسەر پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی

کوردستانی عێراق، لەنێوان نیسان و حوزەیران، نیشانی دەدات کە 89 لەسەتی خێزانە پەنابەرەکان بەلای کەمەوە یەک ئەندامیان کارێکی بەردەوامی هەیە.

زۆرینەی کەسە بەڕەگەز ئەفریکیەکان، لە هەژاری سەختدا دەژین و نزیکەی 80 لەسەت نەخوێندەوارن و بەپێی راپۆرتەکان نزیکەی 80 لەسەت بێکارن. بەپێی هەندێک سەرچاوە، 15 تا 20 لەسەتی هەرێمی بەسرە پێکدەهێنن کە کۆی ژمارەی دانیشتوای 2.5 ملیۆن کەسە. لە سیاسەتدا نوێنەرایەتی نەکراون، هەروەها هیچ پۆستێکی باڵای حکومییان نییە. هاوکات، دەڵێن کە جیاکاری لەدژیان بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانن کاری حکومیی بەدەستبهێنن.

کەسانی بێدەوڵەت رووبەڕووی جیاکاری بوونەوە لە دەستگەیشتن بە کار و پەروەردە. زۆربەی کەسە بێدەوڵەتەکان نەیاتوانیوە ناسنامەی باری کەسیی بەدەستبهێنن، ئەمەش بۆتە رێگر بۆ تۆمارکردن لە قوتابخانە گشتییەکان، تۆمارکردنی هاوسەرگیریی و دەستگەیشتن بە هەندێک لە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت. کەسانی بێدەوڵەت هاوکات رووبەڕووی ئاستەنگ بوونەتەوە لە بەدەستهێنانی کاری کەرتی گشتی و دەستەبەری کاریان نییە.

سەرەڕای گەرەنتییە دەستورییەکان، هیچ یاسایەک نییە بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری لەدژی کەسانی خاوەن کەمئەندامی جەستەیی، هەستەکیی، ژیریی و مێشکیی. کەسانی خاوەن کەمئەندامی دەستگەیشتنیان سنووردارە بە پەروەردە، کار، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، زانیاری، گەیاندن، باڵاخانەکان، گواستنەوە، سیستمی دادوەریی و خزمەتگوزاریەکانی تری دەوڵەت.

ئەگەرچی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد لە ساڵی 2016 کە فەرمان دەدات بە ئاسانکردنی دەستگەیشتنی کەسانی خاوەن کەمئەندامی بە باڵەخانە و شوێنەکانی کار و پەروەردە، بەڵام جێبەجێکردنی ناتەواو بۆتە هۆی سنووردارکردنی دەستگەیشتن. ئەگەرچی کۆتای 5 لەسەت کاری کەرتی گشتی هەیە بۆ کەسانی خاوەن کەمئەندامی، بەڵام هێشتا جیاکاری کار بەردەوامە و کۆتاکە بەدینەهاتووە. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆگرامی قەرزی هەیە بۆ کەسانی خاوەن کەمئەندامی بۆ راهێنانی پیشەیی.

جیاکاری لە کار و پیشە رووبەڕووی ئافرەتان، کرێکاری بیانی و کەمایەتییەکان بۆتەوە (بڕوانە بڕگەی 6). لە مانگی شوبات، راگەیاندنەکان راپۆریاندا لەسەر زیادبوونی ژمارەی کرێکاری بیانی کە ئامادەن بۆ ماوەی درێژتر کاربکەن بە کرێی کەمتر و لە کاری بێکارامەیی، ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری بۆ 23 لەسەت، هەروەها هەندێک لە کرێکارە بیانییەکان ئەو بوارانەی کارکردنیان قۆرخکردوە کە خوازراو نییە لای هاوولاتیان، وەک خزمەتگوزارییەکان و پیشەسازی خۆراک، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رووبەوووی لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی ببنەوە.

لە مانگی تەموز، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی راپۆرتیدا کە کۆڤید-19 و دابەزینی نرخی نەوت هۆکارن بۆ زیادبونی رێژەی هەژاریی لەناو عێراقییەکان و بەرزبوونەوەی لە 22 لەسەت لە ساڵی 2019 بۆ 34 لەسەت لە ساڵی دواتر. رێکخراوە ناحکومییەکان راپۆرتیانداوە کە ئافرەت و کرێکاری بیانی روبەڕووی بێکاری زیاتر بوونەتەوە لەماوەی پەتاکەدا. ئافرەتان دۆخیان خراپتربووە لە پیاوان، نزیکەی 40 لەسەتی ئافرەتان کە لە کەرتی تایبەت کاریان دەکرد کارەکانیان لەدەستدا، بە بەراورد بە 12 لەسەتی پیاوان.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق 15 سەندیکا، کۆمەڵە و یەکێتی هەبوون، کە هەموویان دەستەی کارگێڕیان لە پیاوان پێکهاتبوون. وەک کاردانەوە، سەندیکای یەکگرتووی کرێکارانی کوردستان، لیژنەیەکی جیاوازی ئافرەتانی پێکهێنا، کە لەلایەن ڕێکخراوێکی ناحکومییەوە پاڵپشتی کرا، ئەمەش بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی یەکسانی جێندەری و زیادکردنی سەرکردایەتی ئافرەتان لە سەندیکاکانی هەرێمی کورستانی عێراق.

## E. دۆخی پەسەندکراوی کار

بەپێی یاسای کاری فیدراڵی، کەمترین موچەی نیشتیمانی، لەسەروو هێڵی هەژارییە. یاسا کاتژمێرە ستانداردەکانی کارکردنی ڕۆژانەی سنووردار کردوە بۆ هەشت کاتژمێر، لەگەڵ یەک یان زیاتر لە پشوویەک کە بگاتە 30 خولەک تا یەک کاتژمێر، هەروەها کاتژمێرە ستانداردەکانی کارکردن لە هەفتەدا 48 کاتژمێرە. یاسا ڕێگەدەدات بە کارکردنی زێدەکی تا چوار کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و مەرجی پارەدانی بەرزی داناوە بۆ کاری زێدەکیی. لە کاری پیشەسازیدا، کاری زێدەکی نابێت زیاتر بێت لە یەک کاتژمێری کار لە ڕۆژێکدا. حکومەت ستانداردەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی دادەنێت. یاسا دەڵێت کە بۆ کاری مەترسیدار و تواناپڕوکێن، پێویستە خاوەنکار کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانە کەمبکاتەوە. یاسا مافی داوە بە کرێکاران بۆ دوورکەوتنەوە لە دۆخێک کە مەترسی لەسەر تەندروسی و سەلامەتیان هەبێت، بەبێ زیان گەیاندن بە کارەکەیان بەڵام ئەم مافە نادات بە فەرمانبەرانی مەدەنی یان کرێکارانی بیانی، کە پێکەوە زۆرینەی هێزی کاری وڵات پێکدەهێنن.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی هەیە لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە یاسای کار، کارکردنی منداڵ، کرێ، پرسەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی، و پەیوەندییەکانی کرێکاران. کارمەندانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی وەزارەت کاردەکەن لەسەرانسەری وڵات، بەڵام حکومەت ڕێنمایەکانی بە کارایی جێبەجێ نەکردوە لە بواری کرێ و دۆخی کارکردن. لە مانگی مایس، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ڕەخنەی گرت لە بریارێکی وەزارەتی کارەبا بۆ کەمکردنەوەی کرێی کاری مانگانەی کرێکاران لە 330.000 دیناری عێراق (290 دۆلاری ئەمریکی) بۆ 250.000 دیناری عێراقی (180 دۆلاری ئەمریکی). ژمارەی پشکنەران گونجاو نەبوون بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکان. سزاکانی پێشێلکارییەکانی یاسای کار گونجاو نین لەگەڵ سزا بۆ تاوانی هاوشێوەی وەک ساختەکاری.

ستانداردەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی گونجاون بۆ پیشەسازییە سەرەکییەکان. بەڵام روون نییە بەرپرسیارێتی دەستنیشانکردنی دۆخە ناسەلامەتەکان دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانی ستانداردەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی نەک کرێکاران. سزاکانی پێشیلکردنی ستانداردەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی هاوشێوە نین لەگەڵ سزاکان بۆ تاوانی هاوشێوەی وەک پشتگوێخستن (أهمال - negligence).

چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخستن، هاوشان لەگەڵ ئاستی بەرزی توندوتیژی و نەبوونی ئاسایش لە وڵات، بەرزی ڕێژەی بێکاریی، کەرتی نافەرمیی گەورە و نەبوونی ستانداردی ڕاستەقینەی کار، بوونەتە هۆی دروستبوونی دۆخی خراپ بۆ زۆربەی کرێکاران. بریندابوون لە شوێنی کار زۆر ڕوودەدات، بەتایبەتی لەناو کرێکارانی دەستیی؛ بەڵام هیچ داتایەک بەردەست نییە لەسەر ژمارەی دیاریکراوی ڕووداوە پیشەسازییەکان کە بوونەتە هۆی مردن یان بریندابوونی سەخت.

لە مانگی ئاب، بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی عێراق، راپۆرتیدا لەسەر مردنی کرێکارێکی چاککردنەوە لەئەنجامی کەوتنەخوارەوە لە سیستمی ئاوەڕۆی باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون لە پارێزگای بەسرە. بەڕێوەبەرایەتییەکە رووداوەکەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی پابەندیی بە رێنماییەکانی ستانداردەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی.

نەبوونی سەرپەرشتی و چاودێری گرێبەستەکانی کار، هۆکارە بۆ لاوازی کرێکارانی بیانی بەرامبەر دۆخی خراپ بەکارهێنانی کار و پیشێلکاریی و مامەڵەی خراپ. رێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان راپۆرتیانداوە کە هەزاران کرێکاری بیانی رووبەڕووی دۆخی خراپی کارکردن بوونەوە لەکاتی پەتای کۆڤید-19، لەوانە دەرکردنی نایاسایی، بێلانەیی، نەدانی موچە و خراپ بەکارهێنان (أستغلال)ی سێکسی. لە مانگی کانوونی دووەم، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رایگەیاند کە ژمارەی کرێکاری بیانی تۆماراو تەنها 4.000 کەسە، بەڵام کۆی ژمارەی کرێکاری بیانی دەگاتە 750.000 کەس، ئەمەش نیشانی دەدات کە ژمارەیەکی زۆر کەس بە نایاسایی کاردەکەن لە وڵات. هەندێک چاودێر راپۆرتیانداوە کە کرێکاری بیانی لە کەمپی کار دەژین کە هەندێک جار لە مەرجی خراپ و خوار ستانداردیان هەیە.